لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئەبو هـــورەیـــــرە

رضي الله عنه

## ژیان و بەسەرهاتی ، وەڵامی گومانەکان

### مەبەست لە دوژمنایەتی و دژایەتی کردنی


ئامادەکردنی

پشتیوان حسن کرم

پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نوسینی

ماموستا خلیل أحمد



ماڵپەری بەهەشت

ba8.org


ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ
رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾ {التوبة}

# پێشەکی بەڕێز

## مامۆستا خلیل أحمد

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە ، سەلات و سەلام لەسەر پەیامبەری خودا ، وە لەسەر کەس و کاری موسڵمانی و خێزانی و یاوەران و شوێنکەوتوانی بێت تا ڕۆژی دوایی .

پاشان : خودای گەورە هەروەك چۆن پەیامبەر محمدی صلی الله علیه وسلم لە نێو پەیامبەراندا هەڵبژاردووە هەروەهاش هاوەڵانی هەڵبژێرراوی بۆ هەڵبژاردووە ، کەسانێك کە هەستاون بە ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاینی ئیسلام و زۆر پێداگر بوونە بۆ ئەم ئایینە بە نرخە و خۆیان تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی ، وە لە پێناویدا هەموو دژواری و ناڕەحەتیەکانیان لا سوك و ئاسان بوو ، بە نەفس و سامانیان لە پێناو ڕێگەی خودا جیهادیان دەکرد ، چێژو خۆشیەکانی دونیایان لە بیرکردبوو ، خەویان لە چاوەکانیان تۆراندبو ، وە دوور لە خێزان و منداڵەکانیان ، شوێن و شار و وڵاتەکانی خۆیان جێهێشتبو و پشو و وچانیان وازلێهێنابوو لە پێناو گەیاندنی ئەم زانستە بە نرخە بە

هەموو موسڵمانێك لەسەر ڕووی زەوی ، بۆیە بە هۆی ئەوانەوە ڕێنماییەکانی پەیامبەری سەروەرمان صلی الله علیه وسلم لەسەر زەوی بڵاو و پەخش بوویەوە .

یەکێك لەو بەڕێزانە بریتی یە لە هاوەڵی بەڕێز ( عبدالرحمن ی کوڕی صخر) ناسراو بە (**أبو هريرة** ) ڕەزای خوای گەورەی لێ بێ ، ئەو کەسەی کە نەیارانی ئیسلام و سوننەت زۆر ڕقیان لێیەتی و دوژمنایەتی دەکەن و بەردەوام دوو دڵی و گومان لەسەر کەسایەتی زانستی و فەرمودەکانی دروست دەکەن ، وە زانراویشە مەبەستیان ئەو شتانەیە لە ئیسلام و ڕێنمایی و ئەحکامەکان کە بۆ ئێمەی گواستۆتەوە .

بۆیە بە بەرنامە گومانی لەسەر دروست دەکەن ، جا ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکە لە لایەن برای بەڕێزمان (مامۆستا پشتیوان حەسەن) ە وە بۆ لادانی پەردە لەسەر دەست و پیلانی هەندێك لەو نەزان و ناحەزانەی لەم دەرگایەوە موسڵمانان فریو دەدەن بەڵام خوای گەورە سەرخەری دینی خۆیەتی هەرچەندە کافرانیش پێیان ناخۆش بێت وەکو دەفەرموێت : ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ٩ ﴾ الصف

جا داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی نوسەر و خوێنەر و ئێمەش بە خەیر بداتەوە ، وە لە کەم و کوڕی و تاوانەکانمان خۆش بێت ئامین .

خلیل أحمد / کەلار

١٠ بیع الأول ١٤٣٨ کۆچی

٢٠١٦/١٢/٩

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الْحَمْدَ لِلهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾[آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾[النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ :

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

# دەستپێک

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە پێویستە گشت لایەك چاك بیزانێت و فەرامۆشی نەکات، ئەویش ئەوەیە کە جیلی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ باشترین جیلێکە کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیویەتی تاوەکو ئەم ساتە وەختە و بگرە تا دوارۆژیش. چونکە ئەوان کەسانێکن کە چاکترینی نێو مرۆڤەکانن لە پاش پێغەمبەران، ئەوان گەلێکن کە خوای کاردروست هەڵی بژاردوون بۆ هاوەڵێتی پێغەمبەرەکەی، بەڵێ ئەوان خاوەنی پاکترین وچاکترین دڵ و ناخ بوون و قوڵترین فکر و هزریان هەبوەو کەمترین ئەرك و زەحمەتیان هەبوە لەسەر خەڵك، جا بۆیە پێویستە ئێمەی پاشین فەزڵ و چاکەی پێشین بزانین و لە پێش چاومان بێت، بەتایبەت لە رۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا کە هەڵوەدای سەرکردە و پێشەوای دیندارین و پێویستمان بە پیاوانێکی لەو چەشنە هەیە.

هەربۆیە نووسین لەسەر ئەو کەڵەپیاوانە و هەڵدانەوەی ڕووی ڕاستەقینە و دەرخستنی ڕەسەنایەتیان، ئەرکێکە لەسەر شانی تاك تاکی ئەو کەسانەی کە لافی خۆشەویستی هاوەڵان لێ دەدەن و خۆیان بە شوێنکەوتەی ئەوان

دەزانن، بەتایبەت لەم ساتەوەختەی کە لەنێو تێك هەڵپژانێکی فکری و ناجێگیریەکی هزریدا رۆژگار دەگوزەرێنین.

ئەوەش لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوان ئیسلامیان بۆ ئێمە گواستۆتەوە بە شێوەیەکی دروست و وەکو خۆی، وە لەبەر ئەوەش پارێزگاری لە ئیسلام وا ئەخوازێ کە گرنگی بە مێژووی گێڕەرەوەکانی بدرێت کە هاوەڵانە بەپلەی یەکەم، بۆ ئەوەی درزێك نەمێنێتەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام تا بیقۆزنەوە بۆ تانەدان لە ئیسلام لە ڕێگەی هەڵگران و گێڕەرەوەکانیەوە. گومانی تێدا نیە کە هیچ یەکێك لە هاوەڵان بە وێنەی هاوەڵی بەڕێز ئەبوهورەیرە ﷺ ڕووبەڕوی ئەو هێرشە ستەمکاریە و پەلامارە نارەوایە نەبۆتەوە، هەڵبەتە ئەم هەڵمەتە دوژمنکاریە شتێکی نوێ و هاوچەرخ نیە کە تازە دەستی بۆ برابێت، بەڵکو ڕەگێکی قوڵ و مێژویەکی دێرینی هەیە و هەر زوو ناحەزان برەویان بەم چەشنە کارانە داوە و کەسانێکیش پێی هەڵخەڵەتاون و فریویان خواردووە.

تانەدان لە کەسانێکی وەکو ئەبوهورەیرە ﷺ کە لە چڵەپۆپەدان لە ئاکار و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و دینداریێتیدا وەڵامدانەوەیان زۆر ئاسانە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە کەسانێك لە پێستی خۆمانن و بەزمانی

ئیسلامیش قسەدەکەن خۆیان کردووە بە دوژمن و ناحەزی ئەو هاوەڵە بەڕێزە، ئەو هاوەڵەی کە لە پێش ئیسلام و پاش ئیسلامدا دەیناسین و کۆچکردنی و هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و پەیوەست بوونی بە پێغەمبەرەوە لە شارو لە سەفەر و لەماڵیدا دیارە و هەمیشە بەشداربوو لەگەڵیدا لە خۆشی و ناخۆشیەکانیدا، ئەو ئەبوهریرەیەی ﵁ کە زۆر پابەندبوو بە جێبەجێکردنی سوننەتەوە و بە تەقوا و لەخواترسان ناسراوبوو لە گەنجێتی و پیریدا، ئەو ئەبوهریرەیەی ﵁ کە دەیناسین بە پلەوپایە زانستیەکەی و زۆر گێڕانەوەی فەرموودە و بەهێزی مێشك و حیفزی و پێگەی لە نێو هاوەڵاندا و ستایشی زانایان بۆی.

ئەبوهریرە ﵁، ئەو کەسەی کە مێژوو وێنای کێشاوە بۆمان لە میانەی توێژینەوەیەکی ورد و چڕدا، بەڵام ئەوەندە هەیە کە کەسانێك هەن بەم ڕاستیانە قەڵس دەبن و چاویان هەڵنایە بەبینینی ئەو پایەو پێگە بەرزەی ئەم هاوەڵە بەڕێزە، بۆیە ویست و ئارەزوویان پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەو وێنە ڕاستەقینەیەی خۆی کە ناسیومانە وێنای بکێشن و ڕاستیەکان ئاوەژوو بکەنەوە، بەشێوەیەك کە: وای دەبینن کە هاوەڵێتی کردنی بۆ پێغەمبەر لە پێناو تێرکردنی ورگی بوەو بە تەماحەوە ئەوی

مەبەست بووە، دەستپاکیەکەی بە خیانەت و ناپاکی دادەنێن، بەخشین و دەستفراوانیەکەی بە ڕیاو خۆهەڵکێشان لێك دەدەنەوە، بەهێزی مێشکی و زۆر گێڕانەوەی فەرموودەی بە درۆ و چەواشەکاری دادەنێن، هەژاری و دەستکورتیەکەی بە عەیبە و نەنگی تێدەگەن و خۆبەکەمزانی و خاکی بوونەکەی بە زەلیلی و بێ غیرەتی دادەنێن، قسەوگوفتاری بە بێ ماناو پوچ و فەرمان کردنی بە چاکە و ڕێگری کردنی لە خراپە بە جۆرێك لە پیلانگێڕی و چەواشەکاری بۆ سەر خەڵکی دادەنێن، و دوورگرتن و گۆشەگیریەکەی لە کاتی فیتنەو ئاژاوەگێڕیدا بە هەلپەرست و حزب دروست کردن لێك دەدەنەوە، لە ووتنی حەق و ڕاستیدا بە خۆبردنەوەپێشەوە و خۆخۆشەویستکردن بۆ ئەمەویەکان لێکدەدەنەوە، بە شێوازێك کە گوایە ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئامرازێك بووە بەدەستیانەوە بۆ مەرامە سیاسیەکانیان، هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەبوهریرە لای ئەم جۆرە کەسانە لە خانەی درۆزنان و قسەهەڵبەستان دانرا بەناوی پێغەمبەرەوە.

بەڵام سوپاس بۆ خــوا ئەبوهریرە لە گشت ئەو گەردەلول و باهۆزە دروستکراوانەی چواردەوری و ئەو شەپۆلە ستەمکاریانە کە ڕووبەڕوی بوونەوە بە سەلامەت دەرچوو، بەسەربەرزی مایەوە بە درێژی ڕۆژگار و بەڵکو

پایەو پێگەی زیاتر بۆ خەڵك دەرکەوت و خۆشەویستی لەدڵی خەڵکدا چەسپا چونکە پێغەمبەری ئازیز ﷺ سەبارەت بەم هاوەڵە فەرمووی: " اللَهُمَّ حَبِّبْ عُبَيْدَكَ هَذَا –يَعْنِي أَبَا هُرَيْرَةَ– وَأُمَّهُ إِلَى عِبَادِكَ الْمُؤْمِنِينَ، وَحَبِّبْ إِلَيْهِمُ الْمُؤْمِنِينَ ". فَمَا خُلِقَ مُؤْمِنٌ يَسْمَعُ بِي وَلَا يَرَانِي إِلّا أَحَبَّنِي.{ رواه مسلم ٢٤٩١ } واتە: ئەی خوایە ئەم بەندە بچکۆلەی خۆت و –مەبەستی أبوهريرە بوو– دایکیشی خۆشەویست بکە لای بەندە باوەڕدارەکانت و، باوەڕدارانیش لای ئەمان خۆشەویست بکە)). دەڵێ: باوەڕدارێك نەهاتۆتە سەر دنیا ناوی منی بیستبێ و نەیشی بینیبم هەر منی خۆشویستووە. وە خۆشبەختانە هەموو ئەو هەوڵە شکستخواردوانە وەکو ئاگری ڕق و کینە کوژانەوە و سەرشۆڕی و نابوت بوونیش لەولاوە بوەستێ.

# ووتەیەکی پێـویـسـت

پێویستە ئەوە بخرێتە پێش چاو کە کاتێك خوای پەروەردگار ویستی لەسەر ئەوە بوو شەریعەتێك بۆ ئەم ئوممەتە بنێرێت بە پێغەمبەرێکدا بۆ ئەوەی لە گومڕاییەکانی کوفر و شیرك و نیفاق و بیدعە و بەدڕەوشتی و نەفامی ونەزانی دەریان بهێنێت و لەو گێژەڵوکەیە دەربازیان بکات و ئاراستەیان بکات بەرەو تاکە ڕێگایەکی ڕاست و ڕوون و فراوان و گەیەنەر بەبەهەشت، کە ئەویش ڕێگەو ڕێبازی ئیسلامە. لە وەها دۆخێکدا خوای داناو کاردروست خۆی بەڵێنی پاراستن و پارێزگاری لەشەریعەتەکە و هەمیش لە خودی پێغەمبەرەکەی دا، وەکو دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ { الحجر }.

سەبارەت بە پێغەمبەرەکەشی دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ ( المائدة )، کە لەم ئایەتەدا خوای گەورە هەم فەرمانی پێ دەکات بەڕاگەیاندن وبڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەی کە بۆی هاتووە و هەمیش بەڵێنی دەداتێ کە دەیپارێزێت لە خەڵکی.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ { النحل}.

کەوابوو لێرەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت دەبێت لەوە تێبگەین کە قورئان و سوننەت پێکەوە ئەم شەریعەتە پێك دەهێنن و هاوکات دوژمنگەلێکی زۆر و لەبن نەهاتویشی هەیە بۆیە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی داوە، ئەگەرنا چ پێویستی دەکرد کە بیپارێزێت و لەچی بیپارێزێت؟ بۆیە کاتێك کەکەسێك ئەگەر دوژمنی هەبێت هەمیشە لەخۆپارێزیدایە و خۆی قایم دەکات کە بەڵگەی ئەوەیە ناحەزێکی هەیە و ئەیەوێ زیانێکی پێ بگەیەنێت، بە پێچەوانەی کەسێکەوە کە هیچ خەمی نیە و ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێ دەکات.

جا کە ئەمەمان زانی ئینجا ئەبێت ئەوە بڵێین کە هەوڵەکان بۆ گۆڕین و دەستکاری کردنی قورئان هیچیان سەریان نەگرت و تاڕادەیەك کۆتاییان پێ هات، بۆیە دوژمنان هەوڵەکانیان چڕکردەوە لە دەستکاری کردنی سوننەت کە ئەوەش خۆی لە زۆر بواردا دەبینێتەوە هەتا ئەو ئامانجە بپێکێت بۆ نموونە: ڕەخنە گرتن لە خودی پێغەمبەر ﷺ ، تانەدان لە فەرموودە و دانان و هەڵبەستنی هەزارەها فەرموودەی لاواز و ناڕاست بەناوی پێغەمبەرەوە، شێواندنی مێژووی هاوەڵان و تێکدانی ژیان نامەیان لەبەرئەوەی ئەوان گوێزەرەوەی ئەو سوننەت و شەریعەتەن بۆ ئێمە، جا شەریعەتێك کە گوێزەرەوەکانی کەسانی خراپ و درۆزن و ناپاك بن ئەوا شایەنی شوێنکەوتن

و پەیڕەوکردن نیە. بۆیە لێدان لە کەسایەتی و ژیان نامەی پێغەمبەر یان هاوەڵان یان تانەدان لە فەرموودە هەموو ئەمانە پێکەوە تانەدانە لە سوونەت، وە تانەدانیش لە سوونەت بریتیە لە تانەدان لە قورئان و بەدرۆخستنەوەی هەواڵی قورئان، و بڵاوکردنەوەی گومان لە نێو موسڵماناندا سەبارەت بە دینەکەیان.

بۆیە هەموو ئەو هەوڵانە پێکەوە یەك گورزە و یەك پرۆسەیە کە لێدانە لە دینەکەت، وەکو دەوترێت: " ئامراز و هۆکارەکان هەمەجۆرن بەڵام ئامانج و مەبەستەکە یەکێکە ". ئیتر ئەوە بزانە کە ئەم بابەتەی ئێمە هەڵمان بژاردووە لە کوێی پیلانەکەدایە و چەند هەوڵێکی کەم و بچووکە بەبەراورد لەگەڵ هەوڵ وتێکۆشانی ئەوان.

جا ئەی خوێنەری بەڕێز:

لەگەڵمدا ورد بەرەوە بزانە پیلانی دوژمنان چەند زیرەکانەیە و چەند بە وردی بەرنامە ڕێژیان بۆ ئەو مەبەستە کردووە، بۆ تانەدان لە فەرموودە و دواتریش لێدان لە خودی پێغەمبەر ﷺ ، هاتوون لە نێو گشت هاوەڵاندا دووانیان دەستنیشان کردووە کە ئەگەر ئەو دووانە بە خراپ و ناپاك دەرچن، واتە ئەم دینە بەدرۆ هاتووە و محمدیش پێغەمبەر نیە ﷺ ، هاتوون لە

لوتکەوە دەستیان پێکردووە، ئەو دووانەش بریتین لە ئەبوهورەیرە و دایکە عائیشە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەوەش لە پێناوی چی؟ چونکە ئەو دوو هاوەڵە زۆرترین فەرموودەیان گێڕاوەتەوە ئەبوهورەیرە لەنێو پیاواندا و دایکە عائیشەش لەنێو ئافرەتاندا، کەس هاوشێوەی ئەوان فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە و وەکو ئەوان لەگەڵ پێغەمبەردا نەبووە لە هەموو کاتێکدا.

بۆیە خستنی ئەمان لە پێش چاوی موسڵمانانداندا بەشێکی زۆر لە پیلانەکەیان دێتەدی، کە ئەگەر سەرکەوتوو بن لەو کارەدا ئەوا هاوەڵانی تر ئاسانتر و زووتر دەپێکرێن و دەکرێنە ئامانج. لەوەش زیاتر، تانەدان لە دایکە عائیشە دوو ئامانج دەپێکێت بۆیان: هەم تانەدانە لە شەرەف وناموسی پێغەمبەر و هەمیش تانەدانە لە فەرموودە وسووننەت وشەریعەت.

ئەوەندە ماوەتەوە بڵێم: ئەبوهورەیرە خۆی مەبەست نیە بەڵکو هۆکارە بۆ گەیشتن بە مەبەست، و ئەم کتێبەش بەرگریکردنە لە پێغەمبەر ﷺ وسوننەت لە ڕێگەی ناساندنی هاوەڵێکەوە.

پشتیوان حەسەن کەرەم

٤/١٠/٢٠١٦ کەلار

## فەزڵ و دادگەری هـــاوەڵان ﷺ

خوای پەروەردگار کاتێك کە نێردراوەکەی خۆی ڕەوانەکرد بۆ مرۆڤایەتی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە گەورە و پیرۆزە، بێ شك کۆمەڵێك دۆست و خۆشەویستیشی بۆ هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بن و ببنە هۆکاری گواستنەوەی ئەو پەیامە بەپێزە بە کردارو گوفتار بۆ نەوەکانی دوای خۆیان. ئەوانیش بەشێوەیەك تێکەڵی ئەو نورە بوون و ڕەنگی دایەوە لە ژیان و حاڵ و گوزەرانیاندا، وەکو وتراوە: کە ڕێبوارێك ئەهات بۆ مەدینە سەرسام دەبوو و دەیوت ئەم شارە ئەڵێی پێغەمبەرستانە ئەوەندە نوری نبوەت بەرجەستە بوبوو لە نێویاندا. جا ئەوانیش بەم ئەرکە هەستان و بەوپەڕی متمانەوە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان گەیاند و بەدڵسۆزی ولێبڕانەوە لە خزمەتی پێغەمبەردا بوون ﷺ.

ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە مشتێکی کەم لە فەزڵی هاوەڵان بخەمە ڕوو کە چەند چاکەیان بەسەر ئەم ئومەتەوە هەیە لەپاش خۆیان و چەندیش دادگەر بوونە لە گواستنەوەی هەواڵ و فەرموودەکاندا و ئەهلی سوننە وجەماعەتیش چۆن دەڕواننە هاوەڵان. بۆیە سەرەتا بەچەند ئایەتێك دەست پێ دەکەم سەبارەت بە فەزڵی هاوەڵان و چۆنێتی هاوەڵێتی کردنیان

بۆ پێغەمبەر و چۆنێتی خواپەرستی و زوهد و تەقوایان، پاشان فەزڵ وچاکەی هاوەڵان لەچەند فەرموودەیەکدا دەخەینە ڕوو، دواتریش هەڵوێستی ئەهلی سووننە وجەماعە دەخەینە پێش چاو دەربارەی تێکڕای هاوەڵان بەگشتی هەڵبەت ئەمەش بەکورتی لێیان دەدوێین و ئەوەی باسی ناکەین زۆرترە لەوەی باسی دەکەین:

## ➢ فەزڵی هـــاوەڵان لە قــورئـــاندا :

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعٗا سُجَّدٗا يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمَۢا ٢٩ ﴾ { الفتح}

واتە: محمد ڕەوانەکراوی خودایە، ئەوانەش کە لەگەڵیدان وشوێنی کەوتوون توندو تیژن بەرانبەر بێ باوەڕان و بەبەزەیی ومیهرەبانن لەنێوان خۆیاندا، دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژ و خواپەرستین، کڕنوش و سوژدە دەبەن، هەمیشە ئاواتیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وپایەبەرزی یە لەلای خـوا،

نیشانەی چاکی وپاکیان لەنێوچەوانیاندا دیاریە ودەدرەوشێتەوە لەئەنجامی سوژدەبردن و خواپەرستیاندا، جا ئەو بەڕێزانە ئەوە نموونەو پێناسەیانە لەتەوراتدا، نموونەو پێناسەشیان لە ئینجیلیشدا وەك ڕوەكێك وایە کەلەسەرتاوە چەکەرە بکات، جا چەکەرەکەی بەهێزکردبێت، پاشان ئەستور ببێت و ڕابوەستێت لەسەر قەدەکەی وئەوەندە زوو پیٚ بگات کە جوتیارەکان سەرسام بکات وپێیان سەیر بێت: چۆن وا بە زوویی وچاکی پێگەیی؟! ئەم پێناسەیە بۆ ئەوەیە خوا کافران داخ لەدڵ بکات، جا خوای بەدەسەڵات بەڵێنی بەوانە داوە کەباوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە لەوان: کە لێخۆشبوون وپاداشتی گەورە وبیٚ سنووریان پیٚ ببەخشێت.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾﴾ {التوبة}

واتە: خوای میهرەبان لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە ئیسلام بوون و خزمەتکردنی ئیسلامدا لەکاروانی کۆچبەران و پشتیوانان وئەوانەی کەبەڕێکوپێکی شوێنیان کەوتوون، ڕازی بووەو ئەوانیش لەو ڕازی بوون،

باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون کەچەندەها ڕووبار بەبەردەم کۆشکەکانی وبەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ نەمریدا بۆ هەمیشەش تیایدا دەمێننەوە، ئەو سەرئەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ ﴾ { الفتح} واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی خوا ڕازی بووە لەو باوەڕدارانەی کاتێك پەیمانیان لەگەڵدا بەستیت لە ژێر درەختەکەدا خوا خۆیشی ئاگاداربوو بەوەی لەدڵەکانیاندا هەیە لە نیازپاکی ودڵسۆزی هەربۆیە ئارامی و هێمنی وئاسوودەیی دابەزاندە سەریان وپاداشتی بەمژدەی سەرکەوتنێکی نزیك دانەوە.

لە ئایەتێکی تردا دەربارەی مهاجرین وئەنصار دەفەرموێت:

﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ﴾ { الحشر}

واتە: لەدەستکەوتی شەڕدا، بەشی کۆچبەرانی هەژار دەبێت بدرێت، ئەوانەی لە شوێن و سامانیان دوورخراونەتەوە ودەرکراون، ئەوانەی بەتەمای بەخششی خواو ڕەزامەندی ئەون وبەبێ هیچ تەماعێك پشتیوانی لەخواو پێغەمبەرەکەی دەکەن وهەوڵی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن، هەر ئا ئەوانە ڕاستگۆ و ڕاستانن. وە ئەوانەی کە پێشتر ماڵ و شوێنی خۆیان ئامادە کرد بۆ پێشوازی لە کۆچبەران و دڵ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بە ئیمان، ئەوانەشیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان ولەدڵ و دەروونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودی وبەخیلیەك نابێتەوە و حەز بەبەخشیشی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، وفەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار ونەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت وزاڵ بێت بەسەریدا ئائەوانە هەر سەرفرازن.

## ➢ فەزڵــی هــاوەڵان لە فــەرمــوودەدا :

پێغەمبەری خـوا ﷺ دەفەرمویێت: " خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ... " [1]

**واتە: باشترینی خەڵکی ئەم سەدەیەی منە (کە منی تێدام) پاشان ئەوانەی دوای ئەمان دێن و پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن.**

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمویێت: " لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي. فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ "[2] .

**واتە: جنێو مەدەن بەیارانی من، جنێو مەدەن بەیارانی من، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە گەریەکێ لە ئێوە بەئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتون بکات بەخێر، ناگات بە مشتی یەکێ لەوان و، بەنیوەی مشتێکیش.**

**لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمویێت:**

" مَنْ سَبَّ أصْحابي، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالملائكةِ والنّاسِ أَجْمعين "[1]

---

[1] : صحيح البخاري: ٢٦٥٢

[2] : مسلم: ٢٥٤٠

**واتە: ئەوەی جنێو بە هاوەڵانم دەدات ئەوا نەفرەتی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەر بێت.**

عَن أبي بردة عَن أَبيه قَالَ:رَفَعَ – يَعْنِي النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسلم – رَأسه إِلَى السَّمَاء وَكَانَ كثيرا مَا يَرْفَعُ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ. فَقَالَ: «النُّجُومُ أَمَنَةٌ لِلسَّمَاءِ فَإِذَا ذَهَبَتِ النُّجُومَ أَتَى السَّمَاءَ مَا توعَدُ وَأَنا أَمَنَةٌ لِأَصْحَابِي فَإِذَا ذَهَبْتُ أَنَا أَتَى أَصْحَابِي مَا يُوعَدُونَ وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لِأُمَّتِي فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمتي مَا يُوعَدُون ".[٢]

**واتە: ئەبوبوردە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان – وە ئەو زۆر جار بەو شێوەیە سەری بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان– و پاشان فەرمووی: ئەستێرەکان سەلامەتین بۆ ئاسمان، هەرکات ئەستێرەکان نەمان ئاسمان تووشی ئەو کارەساتە دێت کە وادەی پێ دراوە، وە من سەلامەتیم بۆ ئوممەتم، هەرکات ڕۆیشتم هاوەڵانم تووشی ئەو کارەساتە دێن کە وادەیان پێ دراوە، وە هاوەڵانم سەلامەتین بۆ ئوممەتم، هەرکات هاوەڵانم نەمان، ئوممەتم تووشی ئەو کارەساتە دێت کە وادەی پێ دراوە.**

---

[١] : حسنهُ الألباني في السلسلة الصحيحة برقم (٢٣٤٠).

[٢] : رواه مسلم برقم: ٢٥٣١

نەوەوی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت:

" هەتا ئەستێرەکان مابن ئەوا ئاسمانیش دەمێنێت، هەرکات ئەستێرەکان پەرش وبڵاوبوونەوەو تێك چوون و نەمان لە ڕۆژی دواییدا ئەوا ئاسمانیش شەق دەبێت و نامێنێت، وە هەرکاتیش پێغەمبەر نەما لە ناو ئوممەتداو وەفاتی کرد، ئەوا ئەوەی وادەی پێدراوە دەردەکەوێت و ڕوو دەدات لە فیتنە و ئاژاوەو شەڕ وکوشتار وهەڵگەڕانەوەی هەندێك لە خەڵکی، و ناکۆکی و دوبەرەکی نێوان دڵان، و هاوشێوەی ئەوەی کە ئومەتی لێ ئاگادار کردۆتەوە، جا هەموو ئەوانە ڕوویان دا، وە هەرکاتێکیش هاوەڵان نەمان، ئەوا دەبێتە هۆی دەرکەوتن و ڕوودانی بیدعە و تازەگەری لەدیندا و دەرکەوتنی شاخی شەیتان و زاڵ بوونی ڕۆم و جگە لەوانیش، و پێشێلکردنی مەککەومەدینە و جگە لەوەش، وە هەموو ئەمانەش لە موعجیزاتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ".[1]

❖ ❖ ❖

---

[1] : شرح النووي على صحيح مسلم (١٦/٨٣).

## ➢ فەزڵــی هــاوەڵان لای پێشینی ئــوممەت:

خطیب البغدادي رحمه الله دەڵێت: هەر فەرموودەیەك با سەنەدەكەشی گەیشتبێت بە پێغەمبەری خوا ناكرێت كاری پێ بكرێت، مەگەر دوای دڵنیابوون لە دادگەری ومتمانەی گێڕەرەوەكانی نەبێت، جگە لە هاوەڵان نەبێت كە فەرموودەیەك بدەنە پاڵ پێغەمبەری خواو ﷺ وبۆ ئەوی بەرزبكەنەوە، كە لێكۆڵینەوە ناكرێت لە حاڵ و ڕاستگۆیی هاوەڵان، لەبەر ئەوەی هەموو هاوەڵان دادگەر ومتمانەپێكراون بە شاهێدی خـواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بۆیان، كەوابوو ئەگەر خواو پێغەمبەر ڕەخنەیان لێیان نەبێت، ئەوا پاكێتی و چاكیان وەكو خۆیان دەمێنێتەوە، جگە لەوەش لەبەر ئەو هەوڵ وتێكۆشانەیان كە كردوویانە بۆ خزمەتی دین لە كۆچ و جیهاد و سەرخستن وپشتیوانی و تێكۆشان بە ماڵ وگیان ودڵسۆزیان و ئامۆژگاریان و بەهێزی باوەڕ و یەقینیان و خۆتەرخانكردنیان بۆ سەرخستنی دین، ئەمەش وا دەكات كە ئەوان باشتر وچاكترین لە هەموو ئەوانەی لە پاش خۆیان دێن هەتا هەتایە.[١]

پێشەوا الطحاوي رحمه الله دەڵێت:

---

[١] : الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي ص: ٤٦-٥١ .

" بیروباوەڕی ئێمە وایە کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوامان خۆشدەوێت ﷺ و زیادەڕۆیی ناکەین لەخۆشویستنی هیچ یەکێکیانداو خۆمانیش بێ بەری ناکەین لەکەسیان و ڕقیشمان لەوە دەبێت کەڕقی لێیانە و بەناڕەوا باسیان دەکات و ناویان دەهێنێت، وە ئێمە بەخێروچاکە نەبێت ناویان ناهێنین و لامان وایە کە خۆشویستنیان دین وباوەڕ و چاکەکاریە و ڕق لێ بوونیشیان کوفر و دوڕوویی و ستەمکاریە"[١].

**پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل رحمه الله دەڵێت: " لە سوننەتەوەیە کە بە چاکە باسی هاوەڵان بکرێت و بێ دەنگ بی لەوەی ڕووی داوە لەنێوانیاندا، وە هەرکەسێك جنێو بە یەکێك لە هاوەڵان بدات یان بەهەموویان ئەوا بیدعەچیەکی ڕافزیە، وە بۆ هیچ کەسێك دروست و ڕەوا نیە کەبە خراپە ناویان بهێنێت وباسی خراپەکانیان بکات و تانەیان لێ بدات، ئەوەشی ئەو کارە بکات ئەوا پێویستە لەسەر کاربەدەست کە ئەدەب وسزای بدات و بۆی نیە لێی خۆش بێت بەڵکو تۆڵەی لێ دەسێنێت وپاشان داوای تۆبەی لێ دەکرێت ئەگەر تۆبەی کردو پەشیمان بوویەوە ئەوا بەرەڵادەکرێ، ئەگەرنا**

---

[١] : العقيدة الطحاوية مع شرحها ص: ٥٢٨.

دووبارە سزای دەدرێت و بەند دەکرێ هەتا ئەو کاتەی پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە"[1].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە رحمە الله دەڵێت: " لە بنچینەکانی ئەهلی سوننەوجەماعە ئەوەیە کە دڵ وزمانیان پاك وسەلامەتە بەرانبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو خوای پەروەردگار وەصفیانی کردووە و دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ { الحشر }.

وە هەروەها وەکو گوێڕایەڵی کردنێك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: " لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي. فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ "[2] .

وە ئەهلی سوننە وجماعە ئەو هەوالانە بە سنگ فراوانیەوە وەردەگرن و پەسەندی دەکەن کە دەربارەی چاکەی و فەزڵ وپلەوپایەیان هاتووە، وە ئەو هاوەڵانەی کە پێش صوڵحی حودەیبیە ماڵیان بەخشی و تێکۆشانیان کرد چاکترن لەوانەی کە لە پاش صولحەکە ماڵیان بەخشی و تێکۆشانیان کرد،

---

[1] : السنة للإمام أحمد, ص: ٧٧-٧٨.

[2] : مسلم: ٢٥٤٠.

وە کۆچبەران لە پێش پشتیوانانەوەن لە ڕووی فەزڵ وچاکەوە، وە باوەڕیان بەوە هەیە کە خوای گەورە بە ئەهلی بەدری فەرموو کە سێ سەد و چەند پیاوێك بوون " اعملوا ما شئتم فقد غفرتُ لكم "[1] واتە: هەرچیتان ئەوێ بیکەن من لێتان خۆش بووم. وە ئەهلی سوننەوجماعە باوەڕیان وایە کە هیچ یەکێك لەوانەی کە لە ژێر درەختەکەدا بەیعەتیان دا ناڕواتە دۆزەخەوە هەروەکو پێغەمبەری خوا هەواڵی داوە لەوبارەیەوە، وە ئەوان زیاتر لە هەزارو چوارسەد کەس دەبوون، وە ئەهلی سووننە وجماعە شاهێدی بۆ کەسێك دەدەن بەبەهەشت کە پێغەمبەری خوا شاهێدی بۆ دابێت وەکو : دە هاوەڵە مژدە پێدراوەکەو سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شماس و جگە لەوانیش، وە دان دەنێن بەو هەواڵانەی کە بە تەواتور هاتووە لە پێشەوای باوەڕدارانەوە عەلی کوڕی ئەبوتالیب رضي الله عنه و جگە لەویش بەوەی کە باشترینی ئەم ئوممەتە لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە لە : ئەبوبکر پاشان عومەر پاشان عوسمان پاشان عەلی رضي الله عنهم ، ..... وە ئەهلی سوننەوجماعە باوەڕیان وایە کە جێنشینەکان لەپاش پێغەمبەری خوا ﷺ بریتین لە ئەبوبەکر پاشان

---

[1] : رواه البخاري (٣٠٠٧) ومسلم (٢٤٩٤) كتاب فضائل الصحابة رضي الله عنهم, باب من فضائل أهل البدر رضي الله عنهم وقصة حاطب ابن أبي بلتعة.

عومەر پاشان عوسمان پاشان عەلی، وە هەرکەسێك تانە لە خیلافەتی هەریەکێك لەوان بدات ئەوا لە گوێدرێژی بنەماڵەکەی گومڕاترە "[1].

پێشەوا أبي زرعة رحمە الله دەڵێت: " ئەگەر بینیت یەکێك لە شکۆی هاوەڵێك لە هاوەڵان کەم دەکاتەوەو کەموکورتی دەرئەخات ئەوا بزانە ئەو کەسە زندیقە، ئەوەش لەبەر ئەوەی لای ئێمە پێغەمبەر حەقە، قورئان حەقە، و ئەو قورئان وسوننەتەش هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە، بۆیە ئەوانەی تانە لە هاوەڵان دەدەن دەیانەوێ گێڕەرەوەکانمان کە شاهێدمانن زامدار ولەکەدار بکەن، بۆ ئەوەی قورئان وسوننەت بەتاڵ بکەنەوە، کەوابوو خۆیان لەپێشترن بۆ ئەوەی لەکەدار بکرێن ئەوانن زندیقەکان"[2].

کەوابوو دەرکەوت کە مەزهەب وبۆچوونی ئەهلی سوننەوجماعە سەبارەت بە هاوەڵان بریتیە لە نێوەندگیری لە نێوان زیادەڕەوی و کورت ڕەوی، لە نێوەندی ئەوانەدان کە بەشان وباڵی هاوەڵاندا هەڵدەدەن و لەپلەی خۆیان زیاتر بەرزیان دەکەنەوەو و ئەوانەشی کە بە خراپە باسیان دەکەن و

---

[1] : مجموع فتاوى شيخ الإسلام (٣/١٠٣ – ١٠٤) طبعة التوفيقية.

[2] : الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي ص: ٩٧.

جنێویان پێ دەدەن و تۆمەتباریان دەکەن، بەڵکو ئێمە هەموویانمان خۆشدەوێت، و لە پێگە و پایەی خۆیشیان دایان دەنێین ئەو پلەیەی کە شایستەیانە بەوپەڕی دادگەریەوە.

وە هەروەها زمانیان تەڕە بە باسکردنی چاکەیان و دڵیان ئاوەدانە بە خۆشەویستیان و بەوەی لەنێوانیاندا ڕووی داوە پێمان وایە بابەتێکی خیلافیە و ئەوان ئیجتیهادیان تێیدا کردووە، جا لەو بۆچوونەیاندا یان پێکاویانە ئەوا دوو ئەجریان بۆ هەیە، وە یاخود نەیانپێکاوە و یەك ئەجریان هەربۆ هەیە، وە هاوەڵان معصوم نین و بەڵکو مرۆڤن، ئەشێ لەبابەتێکدا نەیپێکن وبۆچونەکەیان حەق نەبێت، بەڵام پێکانی ئەوان بۆ حەق زۆر زیاترە لە جگە لەخۆیان و هەڵەیان زۆر کەمترە لە جگە لەخۆیان، ئەوان لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خوایان بۆ هەیە، وە سوپاس بۆ خوا کتێبەکانی ئەهلی سوننەوجماعە پڕن لە دەرخستنی ئەم بیروباوەڕە پاك و بێگەردە دەربارەی ئەو چینە هەڵبژێرراوە بۆ هاوەڵێتی کردنی باشترین مرۆڤ ﷺ [١].

---

[١] : عُـذراً... أبا هريرة, إيهاب بن فتحي عاشور, ص: ٥٤ – ٥٥.

# بــەشی یـــەکـــەم

## ژیاننمانەی گشتی ئەبوهــورەیــرە رضي الله عنه

### ➢ نـــاو و نـــازناوی:

ئەبوهورەیرە ناوی عبدالرحمن ی کوڕی صەخرە، لە نەوەی سەعلەبەی کوڕی فەهم ی کوڕی غنم ی کوڕی دەوسی یەمانیە، کە دەوسیش نسبەتە بۆ لای دەوسی کوڕی عەدنانی کوڕی عبداللە ی کوڕی زەهرانی کوڕی کەعبی کوڕی حارسی کوڕی کەعبی کوڕی عبداللە ی کوڕی مالك ی کوڕی نەصرە[1].

لەبارەی ناوی خۆی و باوکیەوە ڕاجیاوازیەکی زۆر هەیە و نزیکەی سی بۆچوون هەیە لەوبارەیەوە، بەڵام ناوبانگترینیان ئەوەیە کە لە پێش ئیسلامدا ناوی ( عبد شمس ) یان (عبد عمرو)ە، و لە ئیسلامیشدا ناوی عبداللە یان عبدالرحمن ە[2].

**دایکی ناوی مەیمونەی کچی صەخرە، وتراویشە ناوی أمیمەیە.**

---

[1]: أبوهريرة راوية الإسلام, للدكتور محمد عجاج الخطيب, ص: ٦٧.

[2] : مراعاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح, ج١- ص: ٤٣, حديث رقم: ٣٠.

ئەبوهورەیرە بە نازناوەکەیەوە بەناوبانگە بەشێوەیەك کە زاڵ بووە بەسەر ناوە ڕاستەقینەکەیدا و تاڕادەیەك بیرچۆتەوەو واگومانیش دەبرێت هەر ئەوە هۆکاربێت بۆ دروست بوونی ڕاجیاوازی لەسەر ناوەکەی.

پرسیارکرا لە ئەبوهورەیرە کە بۆچی ئەو نازناوەت پێ دەڵێن؟ ئەویش دەڵێت: جارێکیان پشیلەیەکم بینی هەڵمگرت و خستمە گیرفانمەوە، بۆیە پێم وترا: ئەبوهورەیرە، یان وتراوە وتوویەتی: پشیلەیەکی کێویم بینیەوە و بێچووەکانیم برد، باوکم پێی وتم: ئەمە چیە بەدەستەوە؟ منیش باسم بۆ کرد، ئەویش وتی: تۆ ئەبوهورەیرەیت.

هەر لەمنداڵیەوە ئاژەڵی ماڵی خۆیانی لەوەڕاندووە، بەرۆژ یاری لەگەڵ پشیلەکەیدا دەکرد و کەشەویش دائەهات ئەیخستە سەر دارێك هەتا ڕۆژ دەبوویەوە پاشان دەستی دەکردەوە بەیاری کردن لەگەڵیدا. لە صحیحی بوخاریدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتوە: " يَا أَبَا هِرٍّ "[1] هەروەکو چۆن

[1] : حَدَّثَنَا عَيَّاشٌ، قَالَ: حَدَّثَنَا عَبْدُ الأَعْلَى، حَدَّثَنَا حُمَيْدٌ، عَنْ بَكْرٍ، عَنْ أَبِي رَافِعٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: لَقِيَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا جُنُبٌ، فَأَخَذَ بِيَدِي، فَمَشَيْتُ مَعَهُ حَتَّى قَعَدَ، فَانْسَلَلْتُ، فَأَتَيْتُ الرَّحْلَ، فَاغْتَسَلْتُ ثُمَّ جِئْتُ وَهُوَ قَاعِدٌ، فَقَالَ: «أَيْنَ كُنْتَ يَا أَبَا هِرٍّ»، فَقُلْتُ لَهُ، فَقَالَ: «سُبْحَانَ اللَّهِ يَا أَبَا هِرٍّ إِنَّ المُؤْمِنَ لاَ يَنْجُسُ». صحيح البخاري رقم ٢٨٥.

لێیەوە هاتووە کە پێیشی وتووە: " يَا أَبَا هُرَيْرَةَ ". هەربۆیە ئەبوهورەیرە دەیووت: پێم مەڵێن ئەبوهورەیرە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتوم: أَبَا هِرٍّ ، وە نێرینەش باشترە لە مێینە. ( سير أعلام النبلاء (٢/ ٤٢٤). ) و ( الإصابة في تمييز الصحابة جزء ٧، صفحة: ٣٥٤ )

## ➢ ئیسلامبوونی و کۆچکردنی:

قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: قَدِمَ طُفَيْلُ بْنُ عَمْرٍو الدَّوْسِيُّ وَأَصْحَابُهُ، عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ دَوْسًا عَصَتْ وَأَبَتْ، فَادْعُ اللَّهَ عَلَيْهَا، فَقِيلَ: هَلَكَتْ دَوْسٌ، قَالَ: «اللَّهُمَّ اهْدِ دَوْسًا وَأْتِ بِهِمْ»

واتە: (أبو هريره)(﵁) دەڵێ: (توفەیل)[1]و یارەکانی هاتن وتیان: یارسول الله بەڕاستی دەوس کافربوون و یاخی بوون و دوعایان لێ بکە،

[1] : طفيل بن عمرو الدوسي: پیاوێك بوو لە خێڵی دەوس کە خێڵێکی وڵاتی یەمەنە, ئەم کەسە پیاوێکی شاعیر و ناودارو میواندۆست بوو, کە هات بۆ مەککە قورەیش زۆر هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ڕێگری لێ بکەن کە نەڕوات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ , بەڵام سوودی نەبوو, ئەوەبوو چو بۆ لای و باوەڕی پێ هێناو موسڵمان بوو, کە گەڕایەوە بۆ یەمەن بۆ ناو قەومەکەی بانگی کردن بۆ ئیسلام تەنها باوکی و ئەبوهورەیرە وەڵامیان دایەوەو موسڵمان بوون. بۆیە کە هاتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا دوعا لە خێڵی دەوس بکە چونکە باوەڕناهێنن, ئەوەبوو پێغەمبەریش ئەو فەرمایشتەی فەرموو کەلەسەرەوە باسکراوە.

وتیان: دەوس لەناوچوو، فەرمووی: " خوایە ڕێنمایی دەوس بکە وبیانهێنە "[1].

دوابەدوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە توفەیلی ووت بگەڕێرەوە بۆ ناو قەومەکەت و بانگیان بکە بۆ ئیسلام و نەرمونیان ببە لەگەڵیاندا، ئەویش گەڕایەوە بۆ یەمەن و وای کرد، هەتا پێغەمبەری خـوا کۆچی کرد بۆ مەددینە و شەڕی بەدر و ئوحود و خەندەقیش ڕوویدا، پاشان توفەیل و ئەوەی کە موسڵمان بوبوو لە قەومەکەی کە نزیکەی حەفتا یان هەشتا ماڵ دەبوو هەموویان کۆچیان کرد بۆ مەدینە کە ئەو کات پێغەمبەری خوا لە خەیبەر بوو، ئەوانیش چوون بۆ لای.

بەو شێوەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەبوهورەیرە هەرزوو باوەڕی هێناو موسڵمان بوو لەسەر دەستی توفەیلی کوڕی عەمری دەوسی بەڵام لەوکاتەدا لەناو خاکی قەومەکەی خۆیدا بوو، پێش کۆچی موسڵمانان بۆ مەدینە، بۆیە کۆچکردنەکەی ئەوبوهورەیرە بۆ مەدینە لە شەوەکانی فەتحی خەیبەردابوو. بەو شێوەیە ئەبوهورەیرە پەیوەست بوو بە پێغەمبەری خواوە ﷺ هەتا دوا ساتەکانی ژیانی، و خۆی یەکلاکردەوە بۆ خزمەتکردنی پێغەمبەر و

[1] : رواه مسلم برقم (٢٥٢٤).

پابەندبوون پێیەوە و وەرگرتنی ئەو زانستە بەسوودە لێیەوە، بۆیە هەردەم لە خزمەتیدا بوو لەهاتنی و رۆیشتنی و دانیشتنی و هەموو حاڵەتەکانیدا و تەنانەت لەسەفەر و شەو ورۆژیشدا هەتا ئەو کاتەی کە ئامانجەکەی هاتە دی کە ئەویش وەرگرتن و پارێزگاری کردن بوو لەو زانستە نورانیەی کە لە پێغەمبەرەکەیەوە وەری گرتبوو، وەپاشان گواستیەوە وەکو خۆی بێ زیاد و کەم.

پاشان ئەبوهورەیرە تەنها بەوەوە نەوەستا بەڵکو ویستی ئەو نور و رۆشناییە کە لە سنگیدایە نزیکترین کەسیشی بگرێتەوەو ئەویشی لێ بێبەش نەبێت، بۆیە بانگی دایکی کرد بۆ ئیسلام و موسڵمان بوون کە ئەوکات دایکی بێ باوەڕ وهاوبەش پەیداکەربوو، ئەوەبوو دایکی وەڵامی نەدایەوەو باوەڕی نەهێنا، ئەوبوهورەیرەش بەو هەڵوێستەی دایکی زۆر بێتاقەت دەبوو تووشی خەم وخەفەت هات بەوبۆنەیەوە، ئەم کارەی بۆ چەند جارێك دوبارە کردەوە لەگەڵ دایکیدا بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە رۆژێك بەگریانەوە هات بۆلای پێغەمبەری خواو بەسەرهاتەکەی خۆی و دایکی بۆ گێڕایەوە و پێی ووت کە داوا لە خوابکات بەڵکو هیدایەتی دایکم بدات بۆ ئیسلام، ئەوەبوو پێغەمبەری خوایش ﷺ وەکو سروشتی نەرم ونیانی خۆی کە داواکاری کەسی

ڕەدنەکردۆتەوە، داوای لە خوا کرد و فەرمووی: " اللَّهُمَّ اهْدِ أُمَّ أَبِي هُرَيْرَةَ "، پاشان ئەبوهورەیرە بە دڵخۆشی و زەردەخەنەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی ئەو مژدە خۆشە بەدایکی بدات کە پێغەمبەری ئازیز دوعای بۆ کردووە، کە گەڕایەوە ماڵەوەو لەدەرگای دا، بینی دایکی موسڵمان بووەو دەڵێت: " إِنِّي أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " دوای ئەوە ئەبوهورەیرە دەڵێت بەشادیەوە گەڕامەوە لای پێغەمبەری خوا و لە خۆشیدا گریام وەکو چۆن پێشتر بەدڵتەنگیەوە گریام وپێم ووت ئەی پێغەمبەری خوا مژدەت لێ بێ خوای گەورە دوعاکەتی وەرگرت و دایکم موسڵمان بووە، ئەویش شوکرو سوپاسی خوای کرد.

ئەڵێ بە پێغەمبەری خوام ووت:

" يَا رَسُولَ اللهِ ادْعُ اللهَ أَنْ يُحَبِّبَنِي أَنَا وَأُمِّي إِلَى عِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ، وَيُحَبِّبَهُمْ إِلَيْنَا، قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «اللهُمَّ حَبِّبْ عُبَيْدَكَ هَذَا - يَعْنِي أَبَا هُرَيْرَةَ - وَأُمَّهُ إِلَى عِبَادِكَ الْمُؤْمِنِينَ، وَحَبِّبْ إِلَيْهِمِ الْمُؤْمِنِينَ» فَمَا خُلِقَ مُؤْمِنٌ يَسْمَعُ بِي وَلَا يَرَانِي إِلَّا أَحَبَّنِي "[١]

[١] : صحيح مسلم, باب: من فضائل أبي هريرة الدوسي: رقم: ٢٤٩١.

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ داوا لە خوا بکە کە من و دایکم لای بڕواداران خۆشەویست بکات و ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست بکات، ئەوەبوو ئەویش دوعاکەی کرد و فەرمووی: خوایە ئەم بەندەیەت – واتە ئەبوهورەیرە– و دایکی لای بەندە بڕوادارەکانت خۆشەویست بکە و بڕوادارانیشیان لەلا خۆشەویست بکە. بۆیە هیچ بڕوادارێك نیە کە منی بینیبێت یان ناوی منی بیستبـێت ئیلا خۆشی ویستووم.

## ➢ پەیوەست بوونی بە پێغەمبەری خـــــواوە ﷺ

ئەبوهورەیرە چوار ساڵ هاوەڵێتی پێغەمبەری خوای کردووە ﷺ ، ئەوەش بە هەمیشەیی لە شار و سەفەر وماڵەکانی و کۆڕو دانیشتنەکانیدا، پیاوێکی هەژاربوو کە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد بەوپەڕی دڵسۆزیەوە، لەنێوان هاوەڵاندا دەگەڕا و ئەوانیش قورئانیان بۆی دەخوێند، وە کاتێك پێغەمبەری خوا بیویستایە کە ئەهلی صوفە[1] کۆبکاتەوە لەسەر نان خواردن ئەوا بە ئەبوهورەیرەی دەوت کە کۆیان بکاتەوەو پێیان ڕابگەیەنێت چونکە ئەو بە حاڵ و شوێن و گوزەرانیان زیاتر لێزان و شارەزابوو.

وە هەروەها زۆر ئەو کەسەشی خۆشدەویست کە پێغەمبەر خۆشی بویستایە، بۆیە کاتێك ئەبوهورەیرە گەیشت بە حەسەنی کوڕی عەلی ﷺ ، پێی ووت ئەو شوێنەتم پیشان بدە با ماچی بکەم چونکە بینیم پێغەمبەری

---

[1] : کۆمەڵە هاوەڵێك بوون کە لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە و دەست کورت و هەژار و بێ شوێن و ماڵ بوون, بۆیە هاتن بۆ مزگەوتی پێغەمبەر و لەوێ مانەوە و تێیدا دەژیان و خەڵکیش یارمەتیانی دەدا, و خودی خۆیان دیاری کراونین و ژمارەشیان نەزانراوە بەڵکو زیاد و کەمیان دەکرد, ئەبوهورەیرەش یەکێك بوو لەوانە.

خوا ماچی ئەو شوێنەتی کردووە، ئەویش کراسەکەی بەرزکردەوەو ئەوبوهورەیرەش ماچی ناوکی حەسەنی کرد.

ئەوبوهورەیرە بۆ ساتێکیش لە پێغەمبەری خوا جیانەبوویەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کە پێغەمبەر لەگەڵ علاء الحضرمي ناردی بۆ بەحـرەین و عەلائی کردە بانگبێژی ئەبوهورەیرە. هەروەکو چۆن لەگەڵ یەکێکی تردا جارێکی تر ناردی بۆ بەحرەین بۆ کردنەوەی جزیەوسەرانەی ئەو شوێنە.

ئەبوهورەیرە ئەگێڕێتەوە کە جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ پێکەوە بەرێگادا دەڕۆیشتین بەناو دارخورمای کەسانێکی خەڵکی مەدینەدا، پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە، ئەوانەی زۆر سەرقاڵی ماڵ کۆکردنەوەن و زۆری دەکەنەوە تیاچوون و خەسارەتمەندبوون، مەگەر ئەوانە نەبێت کە بە ڕاست و چەپ و پێش خۆیاندا دەبەخشن و یارمەتی هەژاران دەدەن، – ئەمەی سێ جار فەرموو– کە ئەو جۆرە کەسانەش کەمن. پاشان کەمێکی تر ڕۆیشتین و فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە ئایا گەنجینەیەکت پیشان نەدەم لە گەنجینەکانی بەهەشت؟

منیش وتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا.

ئەویش فەرمووی: " لا حول ولا قوة إلاّ بالله، ولا ملجأ من الله إلا إليه " .

پاشان کەمێکی تر ڕۆیشت و فەرمووی:

ئەی ئەبوهورەیرە، ئایا ئەزانی مافی خەڵك چیە بەسەر خواوەو مافی خوایش چیە بەسەر خەڵکەوە؟

منیش وتم: خواو پێغەمبەر دەزانن.

ئەویش فەرمووی: مافی خوا ئەوەیە کە بیپەرستن و هیچ هاوبەشێکی بۆ پەیدانەکەن، جا ئەگەر ئەو کارەیان کرد ئەوا حەقە لەسەر خوا کە سزایان نەدات[١].

ئەوبوهورەیرە دەڵێت: خەڵکی دەڵێن ئەوبوهورەیرە فەرموودەی زۆر دەگێڕێتەوە، جا منیش دەڵێم مەوعیدمان لای خوابێت کە لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات ئەگەر بە ئەنقەست فەرموودەم بەدرۆوە دروست کردبێت و لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە گومانی خراپم پێ دەبەن[٢].

---

١ : حسن صحيح: سلسلة الأحاديث الصحيحة (١٧٦٦).

٢ : الصحابة, لصالح بن طه عبدالواحد, ص: ٣٤٧.

## ➢ پابەندبوونی بە سوننەتـــەوە

ئەوبوهورەیرە لەسەر ڕێباز وڕێچکە وڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەرۆیشت و چاولێکەری بوو، وە هەمیشە خەڵکی وریا دەکردەوە لە رۆچوون بەناو ناز و خۆشیەکانی دونیادا و قووڵ بوونەوە تیایدا، جا لەو پێناوەشدا هیچ جیاوازی نەدەکرد لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و بەرپرس و ژێردەستە و دۆست وبێگانەدا، بەڵکو ئامۆژگاری هەمووی دەکرد بۆ حەق و ڕێی ڕاست. بۆ نمونە جارێکیان بەلای کۆمەڵێك خەڵكدا تێپەڕدەبێ کە خەریکی دەستنوێژگرتنن، ئەمیش پێیان دەڵێت: دەستنوێژەکەتان جوان وتەواو بشۆن، چونکە من لە باوکی قاسمم بیستووە کە دەیفەرموو: " ويلٌ للأعقابِ مِن النارِ "[1].

یاخود پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی خوێندنی قورئان لە نوێژدا، ئەویش دەڵێت: هەموو نوێژێك قورئانی تێدا دەخوێنرێت، وە ئەوەی باوکی قاسم ﷺ ئەیدا بە گوێماندا ( لە قورئان ) ئێمەش ئەیدەین بە گوێتاندا و ئەوەشی نەیدەهێشت بیبیستین ئێمەش ناهێڵین بیبیستن[2].

---

[1] : صحيح: صحيح الترغيب والترهيب ج١ ص: ٢٠٦.

[2] : قال الألباني إسناده صحيح على شرط مسلم. صحيح أبي داود, باب: القرآءة في الظهر رقم: ٧٦٢.

ئەمەش سووربونی ئەبوهورەیرە دەردەخات بە پابەندبوونی بەسوننەتەوە کە بە هیچ شێوازێك زیادوکەمی تێدا نەکردووە و ئەوەی بیستویەتی یان بینیویەتی وەکو خۆی گێڕاویەتیەوە بەبێ دەستکاری.

یان لە فەرمووددەیەکی تردا سەبارەت بە پایەندبونی خۆی بە فەرمایشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەڵێت: " أوصاني خليلي - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - بصيام ثلاثةِ أيامٍ مِن كلِّ شهر، وركعتَي الضحى، وأنْ أوترَ قبلَ أَنْ أَرقُدَ " [١]

واتە: خۆشەویستەکەم وەسیەتی بۆ کردووم کە سێ شت وازیان لێ نەهێنم ئەوانیش: سێ رۆژ رۆژو گرتن لە هەموو مانگێکدا، دوو رکعاتی چێشتەنگاو، وە کردنی نوێژی وتر پێش ئەوەی بخەوم.

أبورافع دەڵێت لەگەڵ ئەبوهورەیرەدا نوێژی عیشام کرد، سورەتی ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴾ ی خوێند و سوجدەی برد، منیش وتم: ئەی ئەبوهورەیرە ئەم سوجدەیە چی بوو؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: " سجدت بها خَلْفَ أبي القاسم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ فلا أزال أسجد بها حتى القاه "[٢] واتە: لە پشت باوکی

[١] : صحيح: صحيح الترغيب والترهيب, رقم: ٦٦٤.

[٢] : قال الألباني: إسناده صحيح على شرط البخاري. وأخرجه في "صحيحه " بإسناد المصنف، وأخرجه مسلم أيضا) . صحيح أبي داود رقم: ١٢٦٩.

قاسمەوە ﷺ سوجدەم برد تێیدا، بۆیە بەردەوام ئەو سوجدەیە دەبەم هەتا پێی دەگەم.

بۆیە ویستویەتی ئەوەی لە پێغەمبەرەوە بینیوە وەکو خۆی جیٚ بەجێی بکات و پاشانیش بیگێڕێتەوە بۆ ئوممەت.

بۆ نموونە: ئەبوسەلەمە دەگێڕێتەوە دەڵێت ئەبوهورەیرە نوێژی بۆ کردین، لەنێوان هەموو هەستان ودانیشتنێکی نوێژدا ( الله أكبر )ی دەکرد، و ئەمەی لە هەموو رکعاتێکدا دووبارە دەکردەوە، هەتا لە نوێژ دەبویەوەو تەواوی دەکرد، پاشان دەیگوت: " والذي نفسي بيده؛ إني لأقربُكم شبهاً بصلاة رسول اللهَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، إنْ كانتْ لَصلاتَهُ حتى فارق الدنيا "[1] واتە: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، من لە هەمووتان نزیکترم لەوەی نوێژەکەم لە نوێژی پێغەمبەری خوا بچێت، ئائەم شێوازەی کە کردم بۆتان بریتی بوو لە نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا ئەو کاتەی لە دونیا دەرچوو.

---

[1] : قال الألباني: إسناده صحيح. وأخرجه البخاري في "صحيحه "، وكذ أبو عوانة بتمامه، ومسلم مختصراً. صحيح أبي داود رقم: ٧٨٧.

هاوشێوەی ئەوە عبیداللە ی کوڕی أبی رافع دەگێڕێتەوە دەڵێت: مەروان، ئەبوهورەیرەی لە دوای جێ هێشت لە مەدینەو خۆی بەرەو مەککە سەفەری کرد، ئەبوهورەیرەش نوێژی هەینی بۆ کردین و لە رکعاتی یەکەمدا سورەتی جومعەی خوێند و لە دووەمدا سورەتی المنافقون ی خوێند، کە نوێژەکە تەواو بوو گەیشتم بە ئەبوهورەیرە و پێم ووت: دوو سورەتت خوێند کە عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش هەمان شێوەی دەکرد لە کوفە، ئەبوهورەیرەش ووتی: من لە پێغەمبەری خوام بیستووە کە ئەو دوو سوورەتەی دەخوێند[1].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبوهورەیرە زۆر زیکر و یادی خوای دەکرد لەسەرەتا و کۆتایی رۆژەوە، بەشێوەیەك کە هەموو رۆژێك دوازدە هەزار سبحان اللە ی دەکرد، و دەیوت: " من بە ئەندازەی تاوانەکانم تەسبیح دەکەم "( المنتظم في تاریخ الملوك والأمم، جزء ٥، صفحة: ٣١٥ )

وە زۆریش پەنای بەخوا دەگرت لە ئاگر و خوای دەخستە بیری خەڵکی و هانی خەڵکی دەدا لەسەر گوێڕایەڵی خوا و سەرپێچی نەکردنی[2].

[1] : صحيح، الإرواء (٢ / ٦٤) ، صحيح أبي داود (١٠٢٩).

[2] : أبوهريرة... راوية الإسلام, للدكتور محمد عجاج خطيب, ص: ٧٩.

لەڕاستیدا نموونە زۆرە بۆ سەلماندنی ئەم حاڵەتەی ئەبوهورەیرە کەوا چەند پابەندبووە بە سوننەتەوەو لەهەوڵی زیندووکردنەوەیدا بووە بەوەی کە هەم خۆی جێ بەجێی کردووەو هەمیش گەیاندوویەتی بە خەڵکی، بەڵام بەم فەرموودەیە کۆتایی بەم باسە دەهێنم بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە کە ئەم پیاوە چۆن ڕێزی لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ گرتووە: ئەبوهورەیرە دەڵێت: لَوْ رَأَيْتُ الظِّبَاءَ بِالْمَدِينَةِ تَرْتَعُ مَا ذَعَرْتُهَا، قَالَ، عليه السَّلام: (مَا بَيْنَ لابَتَيْهَا حَرَامٌ)[١] واتە: ئەگەر ببینم ئاسك لە مەدینەدا دەلەوەڕێن دەستیان بۆ نابەم و نایانترسێنم (ڕاویان ناکەم) چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەوەی لە نێوان ئەم خاکەی مەدینەدایە حەرامە"[٢].

---

[١] : صحيح: صحيح و ضعيف سنن الترمذي رقم: ٣٩٢١.

[٢] : اللابة: بە زەویەك دەوترێت کە پڕبێت لەبەردو تاوێری ڕەش, چونکە دووبەردی گەورە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی مەدینەدا بوو, فەرموودەکەش دەڵێت ئەوەی لە نێوان ئەو دوو بەردەدایە حەرامە, واتە مەدینە.

## ➢ هــەژاری و دەستکورتی ئەبوهــورەیــرە

ئەبوهورەیرە یەکێك بووە لە کەسە نەدارو هەژارەکانی نێو هاوەڵان، کە خۆڕاگر و دان بەخۆداگرتوبوو لەسەر ئەو حاڵەتە، تەنانەت جارە وا هەبووە کە بەسکدا کەوتووە لەسەر زیخ و زەوی لەبەر برسیەتی، یاخود جاری واهەبووە کە شەو ورۆژی کردۆتەوە بەبێ ئەوەی شتێك هەبێت بیخوات و پشتی پێ ڕاست بێتەوەو بتوانێت هەستێت. وەکو خۆی دەڵێت: من یەکێك بووم لەو حەفتا کەسەی ئەهلی صوفە کە هیچ خواردن و جل وبەرگمان نەبوو، تەنها پارچەیەك نەبێت کە بەخۆماندا دابوو.

بۆ دەرخستنی زیاتری ئەو ڕاستیە ئەم بەسەر هاتەی ئەبوهورەیرە کە خۆی دەیگێڕێتەوە با پێکەوە بیبینین: ئەبوهورەیرە دەڵێت: جارێکیان لەبەر برسێتی لەماڵ هاتمە دەرەوە بەرەو مزگەوت، کۆمەڵێك لە هاوەڵانم بینی وتیان ئەی ئەبوهورەیرە ئەوە بەم وەختە چی تۆی هێناوەتە دەرەوە؟ منیش ووتم: برسێتی. ئەوانیش وتیان سوێند بێت ئێمەش برسێتی نەبێت هیچ دەرمانی نەکردووە لەم کاتەدا، ئیتر هەموومان پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەری خـوا ﷺ و ئەویش فەرمووی: چی ئێوەی هێناوە بەم کاتە؟ ئێمەش وتمان ئەی پێغەمبەری خوا برسێتی دەری کردووین. ئەوەبوو

پێغەمبەری خوایش بانگی کرد و تەبەقێك خورمای بۆ هات و هەریەکەو دوو خورمای پێدایـن، و فەرمووی ئەو دوو خورمایە بـخۆن، و دوای ئەوە ئـاو بـخـۆنەوە بەسەریدا، چونکە بۆ ئەمرۆ بەستان دەبێت، ئەبوهورەیرە ئەڵێـت: منیش خورمایەکیانم خوارد و ئەوەکەی ترم هەڵگرت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە بۆچی ئەو خورمایەت هەڵگرت؟ منیش ووتم: بۆ دایکم، ئەویش فەرمووی: بیخۆ، دووانی ترت دەدەینێ بۆ دایکت، منیش خواردم دووانی تری دامێ[1].

ئەوە حاڵی ئەبوهورەیرە بووە کە زۆرجار برسێتی ئازاری داوە، تەنانەت جاری وا هەبووە کەوتووە لەبەر برسێتی لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا لەنێوان خانووەکەی عائیشە و مینبەرەکەدا، و کەسێك تێپەڕ دەبوو وای دەزانی کە شێتە، و لەسەر سنگی دادەنیشت، ئەبوهورەیرەش سەری

[1] : طبقات ابن سعد , ٤: ٥٥/٢. واستشهد به الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة تحت حديث رقم: ٢٠٩٦. وقال: رجاله ثقات؛ غير هلال والد محمد، وهو ابن أبي هلال المدني؛ قال الذهبي: " لا يعرف ".

بەرزدەکردەوەو دەیوت: ئەی برا، ئەوەی گومانی بۆ دەبەیت وا نیە، ئەوە نەبێت کە برسیمە[1].

دیسانەوە با لە ئەبوهورەیرە خۆیەوە ببیستین کە حاڵی برسێتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە: دەڵێت:

جاری وا هەبووە سکم بە زەویەوە توند دەکرد لەبەر برسێتی، یان بەردم دەبەستە ناوسکمەوە لەبەر برسێتی، و بەوشێوەیە لەسەرە ڕێگەی پێغەمبەر و هاوەڵاندا دادەنیشتم، جا ئەبوبەکر بەلامدا تێپەڕدەبوو، منیش پرسیاری ئایەتێکم لێ دەکرد لە قورئان، ئەو پرسیارەشم تەنها بۆ ئەوە بوو بەڵکو شتێکم بداتێ و تێرم بکات، جا تێپەڕدەبوو و ئەو کارەی نەکرد، پاشان عومەر تێپەڕدەبوو ئەویش بەهەمان شێوە، هەتا دواجار پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تێپەڕبوو، جا کە تەماشای دەموچاومی کرد تێگەیشت کە برسیمە، پاشان فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە، منیش ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، لەگەڵیدا چوومەوە ژوورەوە دەفرێکی بینی کە شیری تێدابوو، پاشان بە ماڵەوەی ووت: ئەم شیرەتان لە کوێ بوو؟ ئەوانیش ووتیان: فڵانە کەس بۆتی هێناوە، پاشان فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە برۆ ئەهلی صوفە

---

[1]: أبوهريرة... راوية الإسلام, للدكتور محمد عجاج خطيب, ص: ٨١.

بانگهێشت بکه، – که ئەهلی صوفه میوانی ئیسلام و موسڵمانان بوون – چونکه ماڵ و کەسیان نەبوو تا بگەڕێنەوە بۆ لای، جا هەرکات صەدەقەیەك بۆ پێغەمبەری خوا بهاتایە ئەوا هەمووی دەنارد بۆ ئەهلی صوفه و خۆی هیچی لێ نەدەخوارد، وە کە هەدیەیەکیشی بۆ بهاتایە ئەوا خۆی و ئەهلی صوفه پێکەوە دەیانخوارد و بەشداری دەکرد لەگەڵیاندا، جا منیش پێم ناخۆش بوو کە منی نارد بۆ لایان، چونکه ویستم لە شیرەکەم بخواردایە تا کەمێك هێز بهاتایەتە لەشمەوە، پێم وابوو کە شیرەکە بەشی ئەوان ناکات و کەمە، بەڵام گوێڕایەڵی پێغەمبەرم دەکرد، منیش چووم بۆ لایان و ئەوانیش هاتن، کاتێك دانیشتن، فەرمووی: ئەی ئەبوهورەیرە شیرەکە ببەو بیدە پێیان، جا منیش پێیانم دا هەتا تێریان خوارد، و ئینجا بردم بۆ پێغەمبەری خوا، ئەویش سەیرێکی کردم و بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: تەنها من و تۆ ماینەوە، ووتم بەڵێ وایە، بۆیە فەرمووی: بیخۆرەوە، منیش خواردمەوە، دووبارە فەرمووی: بیخۆرەوە منیش خورادمەوە، بەردەوام وای دەفەرموو هەتا ووتم سوێند بەوەی تۆی بەحەق ڕەوانەکردووە شوێنێکی بۆ نادۆزمەوە

لە سکمدا کە بەتاڵ بێت، تێرم خوارد، پاشان لێی وەرگرتم و خۆی خواردیەوە لەوەی کە مابووەوە[1].

ئەمە جگە لەوەی کە ئەبوهورەیرە کەسێکی زۆر سوپاسگوزار بوو، وە هەروەها زۆر خۆڕاگر و دان بەخۆداگرتوو بوو لەسەر ئەو هەژاری و نەداریەی کە تێیدا بوو: ئەم بەشەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر ئەو ڕاستیە:

ئەبوهورەیرە دەڵێت: بە هەتیوی گەورەبووم، بە هەژاری کۆچم کرد، و کرێکاری[2] بسرەی کچی غزوان بووم بەمەرجی تێرکردنی سکم و هێزی قاچەکانم، جا منیش خزمەتیانم دەکرد، ئەوەبوو خوای گەورە کارئاسانی بۆ کردم و هاوسەرگیریم لەگەڵ بسرەدا کرد، بۆیە سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە دینەکەی ڕاوەستان و ئەبوهورەیرەی کردە پێشەوا[3].

پێشەوای تابعین سعیدی کوڕی مسیب ( ١٣–٩٣ك ) دەڵێت: ئەبوهورەیرەم بینی کە لەبازاڕدا دەسوڕایەوە، پاشان دەگەڕایەوەماڵەوە، و

---

[1] : رواه البخاري مطولا في كتاب الدعوات (كيف كان عيش النبي صلى الله عليه وسلم و أصحابه و تخليهم عن الدنيا) . أنظر صحيح البخاري بحاشية السندي, ص: ١٢٢, ج٤.

[2] : أجير: کرێکار, کرێگرتە, ڕەنجبەر, ڕەنجدەر, نۆکەر, مزوور. (فەرهەنگی نۆبەرە – گیوموکریانی).

[3] : البداية والنهاية, ج:٨, ص: ١١٠. وغيره.

دەیوت: هیچتان هەیە بۆ خواردن؟ ئەگەر بیان وتایە، نەخێر، ئەویش دەیوت: ئەوا من بەرۆژوم[1].

ئەم بەدوای خواردنەی ئەبوهورەیرە مانای ئەوە نیە کە ئەو پیاوێکی زۆرخۆر و ئارەزووباز بووە و هەمیشە بەدوای تێرکردنی ورگیدا بوبێت، بەڵکو ئەو هەوڵانەشی بۆ ئەوە بووە بتوانێت بوەستێت و خواپەرستی پێ بکات و نەکەوێت، بۆیە بەوەندەی کە هەیبووە ئیکتیفای دەکرد و هەڵپەهەڵپی نەبوو. بۆ نموونە: ئەگەر رۆژی بکردایەتەوەو پازدە خورمای هەبوایە، پێنجی دادەنا بۆ رۆژوشکاندن و پێنجیش بۆ پارشێو و پێنجەکەی تریش بۆ رۆژوشکاندن[2].

ئارامیشی گرت لەسەر نەداری و دەستکورتی بەشێوەیەکی سەیر و بێ وێنە، هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە دەرگای لێ کردەوەو رزق و رۆزی بەسەردا رشت، وبەرەکەتی خستە نێو ماڵ و سامانیەوە، لەوکاتەشدا هەمیشە خوای لەبیربوو، و رۆژانی هەژاری وبرسێتیەکەشی لەبیرنەدەکرد، و خوای وەبیری خەڵکی دەخستەوە، و بانگی خەڵکی دەکرد بۆ چاولێکردن لە

---

[1] : حلية الأولياء, ج:١, ص: ٣٨١.

[2] : البداية والنهاية: ج:٨, ص: ١١٢.

پێغەمبەری خوا ﷺ . هەرلەبەر ئەوەشە کە جاری وا هەبووە بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕدەبوو کە مەڕێکی برژاویان لەبەردەستدا بووە کە دەیانخوارد، و بانگی ئەبوهورەیرەیان کردووە کە بەشداربێت لەگەڵیاندا بۆ خواردن، ئەویش نەیخواردووە و وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دونیا دەرچوو، تێری نەخوارد لە نانی جـۆ[1].

مضارب کوڕی حـزن دەڵێت: شەوێك ڕێم دەکرد، بینیم کەسێك الله أکبری دەکرد، لێی نزیك بوومەوەو وتم، کێیت؟ ووتی: ئەبوهورەیرە، ووتم: بۆچی الله أکبر دەکەیت؟ ووتی: شوکری سوپاسی خوا دەکەم، ووتم: لەسەر چی؟ ووتی: من کرێکاری بسرەی کچی غزوان بووم، خوا کردی بە هاوسەرم و ئێستا خێزانمە ! ![2]

یاخود جاری وا هەبووە میوانی هاتووە، ئەویش یەکێکی ناردووە بۆ لای دایکی و پێی ووتوە، بەدایکم بڵێ: ئەبوهورەیرەی کوڕت سەلامت لێ دەکات و دەڵێت شتێك خوارنمان بداتێ، ئەویش سێ پارچە نان و کەمێك زەیت و خوێ دەنێرێت بۆیان، جا کاتێك کەسەکە ئەو نانە لەپێش میوانەکان دادنێت،

---

[1] : رواه البخاري.

[2] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٠. والإصابة, ج٧, ص: ٢٠٦.

ئەبوهورەیرە الله أکبری کردو ووتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە تێری کردین لە نان لە پاش ئەوەی تەنها خوارنمان ئاو و خورما بوو[1].

## ➢ دەستکراوەیی و سەخاوەتی ئەبوهورەیرە

ئەبوهورەیرە لەگەڵ ئەوەی دەست کورت و نەداربوو بەڵام زۆر دڵفراوان بوو، هەمیشە دەستکراوە و بەرچاوتێربوو، حەزی لە خێرو بەخشین بوو، و کەسێکی میواندۆست و ڕووکراوەبوو بۆ میوان و ڕێبوار، هەرگیز چروکی و ڕەزیلی نەکردووە لەوەی کە هەیەتی، ئەگەر کەمیش بووبێت، هەژاریەکەی وای لێ نەکردبوو کە ڕەزیل و دەستگیرۆ بێت، و دەروون تەسك بێت و لەخەڵکی بپاڕێتەوە. هەتا ئەو کاتەی کە خوای گەورە دەرگای لێ کردەوەو ماڵ وسامانی بەخشی پێی، و لەو کاتەشدا هەبوونی ماڵ و سەروەت وای لێ نەکرد کە دڵڕەق و ڕەزیل بێت، بەڵکو ناودارێك بووە لە ناودارەکانی دونیای بەخشین و سەخاوەتی، تەفاوی دەڵێت: لە مەدینە لای ئەبوهورەیرە مامەوە بۆ ماوەی شەش مانگ، لەو ماوەیەدا نەمبینی کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر

---

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٣٩.

صلى الله عليه وسلم هەبێت وێنەی ئەبوهورەیرە لە خزمەتی میوان بێت وگورج و ڕۆح سووك بێت بۆ ئەو کارە[1].

دەستکراوەیی ئەبوهورەیرە بەشێوەیەك بوو کە خەڵکی سەرسام دەکرد، بۆ نموونە: جارێکیانماڵێکی هەبوو لە مەدینە کردی بە خێرو صەدەقە بەسەر بەندە ئازادکراوەکانیدا[2].

بەسە بۆ بەخشندەیی ئەبوهورەیرە کە ئەوەی هەیبوو هەمووی دەبەخشی، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەم نموونە دەگێڕینەوە کە نووسەرەکەی مەروانی کوڕی حەکەم دەڵێت: مەروان سەد دیناری بۆ ئەبوهورەیرە نارد، بۆ بەیانیەکەشی کەسێکی نارد بۆ لای و پێی ووت کە مەروان بە هەڵە ئەو پارەیەی بۆ ناردووی و مەبەستی تۆ نەبووە، ئەبوهورەیرەش ووتی: من هەموویم بەخشی، ئەگەر کرێکەمی نارد با لەوە بیبڕێت، مەروان لەم کارەیدا ویستی ئەبوهورەیرە تاقی بکاتەوە[3].

---

[1] : سير أعلام النبلاء. ٤٢٨/٢. وتاريخ الإسلام, ٣٣٦/٢.

[2] : طبقات ابن سعد, ٤: ١٣/٢. وسير أعلام النبلاء.

[3] : البداية والنهاية, ١١٤/٨.

ئەوەش ئەبوهورەیرە کە لەکاتی نەداری و دەوڵەمەندیدا و لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا، هەموو ئەو کارە چاکانەی دەکرد تەنها لە پێناوی ڕەزامەندی خواو مەبەستی بەدەستهێنانی سوپاس و بەرچاوی و خۆهەڵکێشان نەبوو، تەنانەت لە سەرەتای موسڵمان بوونیشیەوە کاتێك کە کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە، بەندەیەکی هەبوو کە لە دەستی ڕای کردبوو ( یان وون ببوو)، کاتێك ئەبوهورەیرە گەیشتە پێغەمبەری خواو موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، لەو کاتەدا بەندەکەی هات و دەرکەوت، جا پێغەمبەری خوا فەرمووی ئەی ئەبوهورەیرە ئەوە بەندەکەتە، ئەبوهورەیرەش ووتی: ئەو بەندەیەم ئازاد بێ لەبەر خـوا و ئازادی کرد[1]. لەو کاتەشدا زۆر پێویستی پێی هەبوو، بۆیە خوای گەورەش بۆی قەرەبوو کردەوە

## ➢ هەڵوێستی ئەبوهـورەیرە لەکاتی فیتنە و ئاژاوەی سەردەمی پێشەوا عوسماندا رضي الله عنه

ئەبوهورەیرە لە کاتی ئابلۆقەدانی پێشەوا عوسماندا لەسەر دەستی ئاژاوەگێڕ و خەواریجەکاندا لەگەڵ پێشەوا عوسماندا لەماڵەکەی ئەودابوو بۆ ئەوەی بەرگری بکات لە پێشەواو بەرانبەر ئەو ئاژاوەگێڕانە بوەستێتەوە،

[1] : البداية والنهاية, ٨/١٠٤, و سير أعلام النبلاء, ٢/٤٤٦.

ئەمەش لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا لە کۆچکەران و پشتیوانان کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی حەوت سەد کەس و کوڕی هاوەڵانیش، لەوانە: عبدالله ی کوڕی عومەر و عبدالله ی کوڕی زوبێر و حەسەن و حوسەین و مەروان .... ئەبوهورەیرە و چەند بەندەیەکی لەگەڵ بوون کە ئازادیانی کردبوو، لەوکاتەدا ئەگەر پێشەوا عوسمان ڕێگەی ئەم هاوەڵانەی بدایە ئەوا دەیانتوانی ڕێگری بکەن لەو دوژمنانە و نەهێڵن پێشەوا شەهید بێت، بەڵام پێشەوا عوسمان کەسێکی ئاشتیخواز بوو نەیدەویست خوێن برژێت لەسەر ئەو، بۆیە سوێندی لەسەریان خوارد و وتی: سوێندتان دەدەم کە کێ مافی منە لەسەرە و دەبێت گوێڕایەڵیم بکات با شمشێرەکەی بکات بەناو کالانەکەیدا و بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی، و بە بەندەکانیشی ووت: هەرکەسێك شمشێرەکەی بکات بەناو کالانەکەیدا و بیشارێتەوە ئەوا ئازاد بێت، بەم شێوەیە لەناو ماڵەکەیدا ئەو خەڵکە دەستیان سارد بوویەوە و بڕیارڕدرا شەڕ نەکەن لەبەر قسەکەی پێشەوا عوسمان، بەڵام شەڕەکە لە دەرەوە تا دەهات گەرمتر دەبوو، تا کێشەکە گەورەتر بوو سەری لە شەهیدکردنی پێشەوا عوسمانەوە دەرچوو.

کەوابوو ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بەباسەکەمانەوە هەیە ئەوەیە کە ئەبوهورەیرە تا دواساتەکانی ڕووداوەکە لەگەڵ پێشەوا عوسماندابووەو

بەدڵسۆزیەوە بەرگری لێی کردووە، بۆیە هەموو گێڕانەوەو ریواتەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەبوهورەیرە یەکێك بووە لەو هاوەڵانەی کە بەرگری لە عوسمان کردووە، بەڵام پێشەوا عوسمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە کەس بەبۆنەی ئەوەوە خوێنی برژێت، بۆیە کاتێکیش کە ئەبوهورەیرە وەفاتی کرد نەوەکانی پێشەوا عوسمان خۆیان تەرمی ئەبوهورەیرەیان هەڵگرت هەتا گەیاندیانە گۆڕستانی بەقیـع وەکو سوپاسگوزاری و ڕێزێك بۆ ئەو بۆچوونەی کە هەیبوو دەربارەی عوسمان، هەروەها موعاویەش ﷺ فەرمانی بە والی مەدینە کرد بەوەی کە چاك بن لەگەڵ نەوەکانی ئەبوهورەیرەدا چونکە ناوبراو یەکێك بووە لەوانەی کە بەرگری لە عوسمان کردووە لە ماڵەکیدا[1].

وە هەروەها دوا بەدوای ئەو کێشە و فیتنانە کاتێك کە ناکۆکیش دروست بوو لەنێوان هەردوو هاوەڵی بەڕێز موعاویە و عەلی رضي الله عنهما هەڵوێستی ئەبوهورەیرە لەو دەمەدا بریتی بوو لە دوورەپەرێزی و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ئەو ئاژاوەیەدا و هانی موسڵمانانیشی دەدا کە شەڕنەکەن و لە خوابترسن و خۆتان لە فیتنە بەدوور بگرن، چونکە ئەو خۆی ئەو فەرموودەیەی گێڕابووەوە کە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: " سَتَكُونُ فِتَنٌ الْقَاعِدُ فِيهَا

[1] : تاريخ الإسلام, ٢/٣٣٩.

خَيْرٌ مِنَ الْقَائِمِ وَالْقَائِمُ فِيهَا خَيْرٌ من الْمَاشِي والماشي فِيهِ خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي مَنْ تَشَرَّفَ لَهَا تَسْتَشْرِفْهُ فَمن وجد ملْجأ أَو معَاذًا فليَعُذْ بِهِ " واتە: بەم نزیکانە فیتنە وئاژاوەیەك ڕوودەدات بەشێوەیەکە کە ئەو کەسەی دانیشتووە باشترە لەوەی وەستاوە، وە ئەو کەسەی وەستاوە تێیدا باشترە لەوەی ڕێدەکات، وە ئەو کەسەی ڕێ دەکات باشترە لەوەی بەخێڕایی دەڕوات، وە ئەوەشی سەیری بکات و بۆی بڕوانێت ئەوا خۆی دەخاتە مەترسیەوە کە تووش بێت چونکە نەفسی بۆی دەڕوات، جا هەرکەسێك لەو کاتەدا پەناگە و شوێنێکی سەلامەتی دەستکەوت با بۆی بڕوات و تێیدا بمێنێ.

## ➢ ئەبوهــورەیرە، دەسەڵاتدار و کاربەدەستی مەدیـــنــە

دوای شەهیدبوونی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب رضي الله عنه ، ئەوەبوو حەسەنی کوڕی عەلـی بەیعەتی دا بە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان رضي الله عنهما و بەوشێوەیە سازشی کرد لە خیلافەت بۆ موعاویە، و بەوهۆیەوە یەکرێزی بۆ نێو موسڵمانان گەڕایەوەو هەموو موسڵمانان لەسەر یەك پێشەوا و یەك وشە یەکدەنگ و کۆك بوون، و ئیسلام لەسەرتاسەری دەوڵەتی ئیسلامدا بڵاوبوویەوەو پەیڕەودەکرا، و موعاویەش والیەکانی دەنارد بۆ شار و شارۆچکەکان، و ئەبوهورەیرە و مەروانی کوڕی حەکەمی یەك لە دوای یەك کرد بە والی مەدینە[١].

مەروانی کوڕی حەکەم کاتێك کە دەچوو بۆ حەج ئەبوهورەیرەی دەکرد بە والی لە جێگەی خۆی، ئەمە لەکاتێکدا کە مەروان والی مەدینە بوو لەساڵی (٤٢ ك) تا ئەو کاتەی موعاویە لەسەر کار لایبرد لەساڵی (٥٧ك) یان (٥٨ك)[٢].

---

[١] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤١.

[٢] : تاريخ الطبري: ص:٢٢٨ .

کەوابوو بەشێوەیەکی پوخت، ئەمەی کە ڕابورد ئاماژەیەکی کورت بوو لەسەر ئەبوهورەیرە لە میانەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا لە سەردەمی خیلافەتی پێشەوایان عوسمان و عەلی دا رضي الله عنهما هەتا وەفات کردنی لە کۆتایی سەردەمی موعاویەدا ﵁ . ئەمە لەکاتێکدا ئەو ڕووداوانە زۆربوون و بەرز و نشێوی زۆریشی تێدابوو، کە وای کرد ژیاننامەی خەڵکی بە زەحمەت و ئاستەنگ بنوسرێتەوەو دەستبکەوێت، بەتایبەت لەبواری سیاسیدا، ئەمەش لەبەر زۆری روایەت و گێڕانەوەکان و جیاوازیان لەیەکترەوە، یان لەبەر کەمی و ئاڵۆزی و تێکەڵ وپێکەڵ بوونی.

بەڵام کورتەی ڕێژینی[1] ئەبوهورەیرە لەو سەردەمەدا، ئەوەیە کە ناوبراو بەهیچ جۆرێك ڕازی نەبووە کە فیتنەو ئاژاوە هەڵبگیرسێت و خوێن بڕێـژرێـت، و هەڵگەڕانەوەی خەڵکیش لە پێشەوا عوسمان و کودەتاکردن بەسەریدا بەبێ بەڵگە و کارێکی ناشەرعی دادەنا، بۆیە لەو ساتەوەختەدا لەگەڵ عوسماندا بوو لەماڵەکەیدا. وە هەروەها لە کاتی دروست بوونی ناکۆکی لەنێوان عەلی و موعاویەدا ئەبوهورەیرە دوورەپەرێز بوو خۆی تێکەڵی ڕووداوەکان نەکرد

---

[1] : ژیاننامە.

لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا و هەمیشە لەهەوڵی دروست کردنی پەیوەندی برایەتی و ئاشتەواییدا بوو.

## ➢ ئەبوهورەیرە و جیهاد کردن لە پێناوی خوادا

پێشتر ئەوەمان باسکرد کە ئەبوهورەیرە لە ڕۆژانی فەتحی خەیبەردا لە یەمەنەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە لەگەڵ چەند کەسێکی تری یەمەنیدا، کەلەو کاتەدا پێغەمبەری خوایش ﷺ لە خەیبەربوو ئەوەبوو خۆشحاڵ بوو بەهاتنیان و بەشداریشی کردن لەدەستکەوتەکانی خەیبەردا و لای خۆیەوە داینان. بۆیە فەتحی خەیبەر یەکەم جەنگ بوو کە ئەبوهورەیرە تێیدا بەشداری کرد، هەرچەندە لەساتەوەختی کۆتایی هاتنی شەڕەکەدا گەیشتن، پاش ئەوە لەهەموو جەنگەکانی تردا بەشداری کرد.

تەنانەت هەندێك جار پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو نوێنەر ئەینارد بۆ شوێنێك، بۆ نموونە: ئەبوهورەیرە خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا

لەگەڵ چەند کەسێکدا ناردمانی بۆ شوێنێك، و پێی ووتین: " ئەگەر فلان و فلانە کەستان دۆزیەوە – دوو پیاو بوون لە قورەیش – ئەوا بە ئاگر بیانسوتێنن، پاشان کاتێك ویستمان دەربچین، فەرمووی: من فەرمانم پێکردن کە ئەو دوو کەسە بە ئاگر بسووتێنن، بەڵام ئاگر نابێت کەسی پێ سزا بدرێت مەگەر خوا نەبێت عزوجل، بۆیە ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە ئەوا بیانکوژن" [١].

یاخود جاری وا هەبووە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ سریەیەکدا ناردوویەتی و خواحافیزی لێکردووە، کە دیسان ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا، خواحافیزی لێکردم و فەرمووی: " ئەتسپێرم بەو خوایەی کە سپاردە زایە ناکات" [٢].

بەوشێوەیە ئەبوهورەیرە لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش هەرگیز وازی لە جیهاد نەهێنا لە پێناوی خوادا، چۆن وازی لێ دەهێنێ لەکاتێکدا خۆی لە پێغەمبەری خوای بیستووە کە فەرموویەتی: " سوێند بەو خوایەی کە گیانی محمدی بەدەستە، پێم خۆشە لە پێناوی خوا غەزا بکەم و بکوژرێم،

---

[١] : صحيح: صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي رقم: ١٥٧١.

[٢] : صحيح: صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة رقم: ٢٨٢٥. وغيره.

پاشان غەزا بکەم و بکوژرێم، پاشان غەزا بکەم و بکوژرێم" [1]. هەروەکو چۆن لێیەوە بیستووە کە فەرموویەتی: " تۆزی جیهاد کردن لەپێناوی خواو دووکەڵی ئاگری دۆزەخ لەسەر هیچ کەسێك یەك ناگرێت و کۆنابێتەوە" [2].

جا ئەگەر بهاتایە و بارودۆخە پێویستی بە جیهاد بووایە ئەوا دەتبینی ئەبوهورەیرە لە ریزی یەکەمی سەربازەکاندایە لە گۆڕەپانی جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا، وە یەکەم شەڕیش کە بەشداری تێداکرد لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتی بوو لە شەڕی هەڵگەڕاوەکان، ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك کە هەڵگەڕاوەکان ڕوویدا، عومەر بە ابوبکری ووت: ئایا شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا دەکەیت و دەیانکوژیت لەکاتێکدا لە پێغەمبەری خوام بیستووە کە دەیفەرموو: " فەرمانم پێکراوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا ئەو کاتەی ئەڵێن لا إله إلاّ الله جا ئەگەر ئەو وتەیەیان ووت ئەوا خوێن وماڵیان لەسەرم حەرام دەبێت مەگەر بەحەقی خۆی نەبێت و حیساب و لێپرسینەوەشیان لای خوایە " ئەبوبەکریش وتی: سوێند بە خوا جیاوازی ناکەم لە نێوان نوێژ و زەکاتدا و کوشتاری ئەوانەش

---

[1] : أخرجه البخاري (٣٦) ومسلم (٦/٣٣).

[2] : صححه الألباني في مشكاة المصابيح رقم: ٣٨٢٨[٤١]. وغيره .

دەکەم کە جیاوازی دەکەن لە نێوانیاندا، بۆیە لەگەڵیدا شەڕمان کرد لە دژی هەڵگەڕاوەکان و بۆمان دەرکەوت کە ئەو بۆچوونەش تەواو وپەسەندە[1].

وە هەروەها سەرچاوە مێژوویەکان باسیش لەوە دەکەن کە ئەبوهورەیرە بەشداربووە لە شەڕی یەرموك و فەتح کردنی شوێنەکانی وەکو ( جرجان و قەزوین )یشدا[2].

## ➢ چەند نموونەیەك لە ئــاكارو ڕەوشتی ئەبوهورەیرە

ئەبی مورە دەگێڕێتەوە دەڵێت لەگەڵ ئەبوهورەیرەدا دەچووم بۆ ناوی زەویەکەی کەلە ( عقیق ) بوو، کە دەچووە ناو زەویەکەیەوە بە دەنگی بەرز دەیوت: السَّلَامُ عَلَيْكِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ يَا أُمَّتَاهُ! دایکیشی وەڵامی دەدایەوەو دەیوت: وَعَلَيْكَ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ. پاشان ئەبوهورەیرە دەیوت: ڕەحمەتی خوات لێ بێت دایکە وەکو چۆن منت بە بچوکی پەروەردە کرد، دایکیشی دەیوت: ڕۆڵە ڕەحمەتی خوا لەتۆش بێت و خوای گەورە پاداشتی

[1] : صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي رقم: ٣٩٧١.

[2] : تاريخ دمشق لإبن عساكر, ج ٤٧, ص: ٤٢٩. و تاريخ جرجان ص: ٤-٦. و التدوين في ذكر أخبار قزوين, ج١, ص: ١٩.

خێرت بداتەوەو لێت ڕازی بێت، وەکو چۆن بە گەورەییش چاکی بۆم و گوێڕایەڵمی[1].

محمدی کوڕی سیرین دەڵێت: ئێمە لای ئەبوهورەیرە بووین شەوێك، ووتی: خوایە لە ئەبوهورەیرەو دایکی خۆش بە و لەهەرکەسێکیش کە داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکات. محمدیش دەڵێت: ئێمەش داوای لێخۆشبوونمان بۆیان دەکرد بۆ ئەوەی بەر دوعاکەی ئەبوهورەیرە بکەوین[2].

ئەبوهورەیرە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوای ﷺ زیندوو دەکردەوە کاتێك پیاوێك پرسیاری لێکرد و وتی: کێ شایستەیە بۆی چاك بم؟ ئەویش: ووتی: دایکت، پاشان دوبارەی کردەوە، دیسان وتی: دایکت، پاشان سێ بارەی کردەوە، دیسان وتی: دایکت، پاشان بۆ جاری چوارەم کە وتیەوە، ئەویش وتی: باوکت[3].

---

[1] : حسن الإسناد: صحيح الأدب المفرد, ١١/١٤ .

[2] : صحيح الإسناد: صحيح الأدب المفرد, ٢٨/٣٧.

[3] : صحيح: صحيح الأدب المفرد, ٥/٥.

وە ئەبوهورەیرە لەگەڵ دایکیدا بوو پێکەوە دەژیان و جێی نەهێشت و حەجی نەکرد هەتا ئەو کاتەی دایکی مرد[1].

ئەبوهورەیرە سروشتی وا بوو کە بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ کاری خێرو چاکە و هانی دەدان بۆ ڕەوشتی جوان و ئاکاری بەرز، بۆ نموونە: جارێکیان ئەبوهورەیرە دوو پیاو دەبینێت کە پێکەوەن، بەیەکێکیان دەڵێت: ئەم کەسە چی تۆیە؟ ئەویش دەڵێت: باوکمە، ئەبوهورەیرەش پێی دەڵێت: بەناوی خۆی بانگی نەکەیت و لە پێش ئەوەوە ڕێ نەکەیت و لەپێش ئەویشەوە دانەنیشیت[2].

یان دەیوت: هەرکەسێك بگات بە برا موسڵمانەکەی با سڵاوی لێ بکات، وە ئەگەر دار یان دیوارێك کەوتە نێوانیانەوە با دووبارە سڵاوی لێ بکاتەوە[3].

یان لە وتەیەکی تریدا دەڵێت: ڕەزیلترین کەس ئەو کەسەیە کە ڕەزیلی بکات لە سەلام کردن، وە بێ دەسەڵاتترین کەسیش ئەو کەسەیە کە دەستەپاچە بێت بەرانبەر بە دوعاو دوعا بکات[1].

---

[1] : ابن عساكر, ص: ٥١٦ و ٥١٧.

[2] : صحيح الإسناد: صحيح الأدب المفرد, ٣٢/٤٤.

[3] : **صحيح موقوفاً، وصح مرفوعاً**: صحيح الأدب المفرد, ٧٧٦/١٠١٠.

ئەو کەسێك بوو زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خراپە نەکرێت بەرانبەر بە مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ، بۆیە بەچاکی و جوانی مامەڵەی لەگەڵ هاوەڵ و هاوکۆڕەکانیدا دەکرد و نەرم ونیان و لەسەرخۆبوو بەرانبەریان، و کەسی تەریق نەدەکردەوە لەسەر قسەیەك، و قسە ڕەق و وشك نەبوو، وە هەرکاتێکیش یەکێك لە مەجلیسەکەیدا قسەیەکی نابەجێی بکردایە وبەدڵی ئەم نەبووبێت لەم وتەیە زیاتری نەدەووت: اللهم اغفر لنا و له وأرحنا منه في عافية[2].

هەروەها هانی خەڵکی دەدا بۆ ئەوەی چاوپۆشی بکەن لەیەکتر و هەڵەو کەموکورتی یەکتر داپۆشن و دەیوت: ریپۆقی نێو چاوی براکەت دەبینی، بەڵام کۆتەرە داری نێو چاوی خۆت نابینی و لەبیری دەکەیت[3].

وە ئەو کەسێکی خاکی و خۆبەگەورەزان نەبوو، بۆیە هەندێك جار لەگەڵ منداڵدا نانی دەخوارد و و تەنانەت گاڵتە وياريشی لەگەڵ دەکرن[4].

---

[1] : **صحيح الإسناد موقوفاً، وصح مرفوعاً**, صحيح الأدب المفرد, ٧٧٩/١٠٤٢.

[2] : روضة العقلاء ونزهة الفضلاء, ص: ٥٤.

[3] : **صحيح موقوفاً**, صحيح الأدب المفرد, ٤٦١/٥٩٢.

[4] : ابن عساكر, ص: ٥٢٤.

## ➢ نـــەخـۆش کـەوتـــنـی ئەبوهـورەیـرە

کاتێك ئەبوهورەیرە نەخۆش کەوت، مەروانی کوڕی حەکەم سەردانی کرد و ووتی: خوا شیفات بدات ئەی ئەبوهورەیرە، ئەبوهورەیرەش وتی: خوایە من حەز بە گەیشتن بە تۆ دەکەم و ئومێدەوارم تۆش حەز بە گەیشتن و دیداری من بکەیت، مەروان نەگەیشتە ناو بازاڕی لۆکەفرۆشان ئەبوهورەیرە گیانی سپارد[1].

ئەبوهورەیرە لەکاتی نەخۆشیەکەیدا دەگریا، پێی وترا:

بۆچی دەگریت ئەی ئەبوهورەیرە؟

ئەویش لە وەڵامدا ووتی:

من بۆ جێهێشتنی ئەو دونیایەی ئێوە ناگریم، بەڵام بۆ دووری ئەو گەشتە دەگریم کە بۆی دەڕۆم و بۆ کەمی ئەو توێشووەیشم کە پێمە، من لەبەرزاییەکم و هاتنەخوارەوەکەی بۆ بەهەشتە یان بۆ ناو ئـاگر، جا نازانم کامیان دەمگرێتە خۆی و دەبێتە نشینگەم[2].

---

[1] : تاريخ الإسلام:٢/٢٣٩, وغيره.

[2] : سير أعلام النبلاء, ٢/٤٤٨. وغيره.

هەروەها ئەبوهورەیرە لەو کاتەدا بەو خەڵکەی کە دانیشتبوون ووتی:

کاتێك کە مردم خێوەتم بۆ هەڵمەدەن و بە ئاگرکردنەوەوە شوێنم مەکەون، بەڵکو بەپەلە بمبەن بۆ گۆڕستان، چونکە من لە پێغەمبەری خوام بیستووە ﷺ کە دەیفەرموو: " کاتێك مردن دەگات بە پیاوچاکێك لەسەر نوێن و تەختەکەی، دەڵێـت: بمبەن بمبەن، وە کاتێکیش مردن دەگات بە پیاوخراپێك لەسەر نوێن و تەختەکەی، دەڵێت: ئەی هاوار بۆ کوێم دەبەن؟ "[١].

وە ئەبوهورەیرە دەیووت:

هیچ نەخۆشیەك نیە تووشم بێت ئەوەندەی تا (لەشگەرمی) پێم خۆش بێت، چونکە دەچێتە هەموو لەشمەوە و خوای گەورەش بەشی هەر ئەندامێك لەو لەشە پاداشتی دەداتەوە[٢].

[١] : سلسلة الأحاديث الصحيحة: رقم: ٤٤٤. قال الألباني: **وهذا إسناد صحيح على شرط مسلم**.

[٢] : **صحيح الإسناد**: صحيح الأدب المفرد, ٣٨٨/٥٠٣.

## ➢ کۆچی دوایی ئەبوهورەیرە

سەبارەت بە ساڵی مردنی ئەبوهورەیرە زانایانی مێژوو ڕاجیاوازیان هەیە بەم شێوەیە:

هیشامی کوڕی عوروە دەڵێت: ئەبوهورەیرە و دایکە عائیشە هەردووکیان لە ساڵی پەنجا و حەوتدا وەفاتیان کردووە، ئەمە بۆچوونی مەدائی و عەلی مەدینیە.

ئەبو مەعشەر دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی پەنجاو هەشتدا کۆچی دوایی کردووە[1].

واقدی و ئەبوعوبەید دەڵێن: ئەبوهورەیرە لە ساڵی پەنجا و نۆ کۆچی دوایی کردووە کە لەوکاتەدا تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵ بوو، تەنانەت نوێژی جەنازەی لەسەر دایکە عائیشە کرد لە ڕەمەزانی ساڵی پەنجاو هەشت و نوێژیشی لەسەر دایکە ئوم سەلەمە کرد لە مانگی شەوالی ساڵی پەنجا و نۆ، پاشان خۆی کۆچی دوایی کرد لە هەمان ساڵدا.

---

[1] : البداية والنهاية: ٨/١١٤. تاريخ الإسلام: ٢/٣٣٩ وغيرهما.

لەوکاتەدا وەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبوسوفیان والی مەدینە دەبێت، نوێژی لەسەر دەکات و چەندین هاوەڵی بەڕێزیش ئامادەی مەراسیمەکەی دەبن وەکو : عبداللّٰه ی کوڕی عومەر و أبوسعیدی خودری و هەروەها مەروانی کوڕی حەکەمیش. وە کوڕەکانی پێشەوا عوسمان جەنازەکەیان هەڵگرت هەتا گۆڕستان لەبەر ئەو هەڵوێستەی هەیبوو بەرانبەر باوکیان. وە وەلیدی کوڕی عوتبە نوسراوێکی نارد بۆ موعاویە تێیدا هەواڵی کۆچی دوایی ئەبوهورەیرەی دا بە موعاویە، ئەویش وەڵامی دایەوەو پێی ووت: دە هەزار درهەم بدات بە میراتگرەکانی ئەبوهورەیرە و لەگەڵیاندا باش بێت، چونکە ئەو یەکێك بوو لەوانەی کە عوسمانی جێ نەهێشت و لەگەڵیدا بوو لەماڵەوە[1].

نـافع دەڵێـت: من لەگەڵ ابن عمردا بووم لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی ئەبوهورەیرەدا، کە لەپێشیەوە دەرۆیشت، و زۆر ڕەحم وبەزەیی بە ئەبوهورەیرەدا دەهاتەوەو دەیوت: ئەبوهورەیرە ئەو کەسەبوو کە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای صلى الله عليه وسلم لەبەردەکرد و دەپاراست بۆ موسڵمانان[2].

---

[1] : سير أعلام النبلاء: ج٢, ص: ٤٤٨, و تاريخ الإسلام: ج٢, ص: ٣٣٩.

[2] : طبقات ابن سعد: ٤/٣٤٠.

## ➢ خـێـزان و منداڵەکانی

وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەبوهورەیرە بسرەی کچی غزوانی خێزانی بوو، خوشکی عوتبەی کوڕی غزوانە کە هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، ئەو هاوسەرگیریەش بەپێی بۆچوونی ڕاست دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا بوو، کە ئەبوهورەیرە زۆر شوکر و سوپاسی خوای دەکرد لەسەر ئەو هاوسەرگیریە و پێکەوەنانی ئەو خێزانە[1].

منداڵەکانیشی چواربوون کە سیانیان کوڕبوون، ئەوانیش: مـحـرر و عبدالرحمن و بیلال بوون [2] و کچەکەشی لە مێژوودا ناوی بە ئاشکرایی نەهاتووە و دیارنیە، هەرچەندە هەندێك ووتویانە دوورنیە ناوی ئوم حبیب بووبێت [3]، ئەو کچەش زانای گەورەی تابعین سعیدی کوڕی مسیب هێنای و بووبەخێزانی.

ئەو کوڕەی کە ناوی محرر بوو لە مەدینە وەفاتی کرد لەسەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی عبدالعزیز، کە لە چەند هاوەڵێکەوە فەرموودەی

---

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤١.

[2] : جمهرة أنساب العرب, ص: ٣٦٠.

[3] : تهذيب التهذيب, ج٤, ص: ٨٤. البداية والنهاية, ج٨, ص: ١١١.

گێڕاوەتەوە، وەکو: باوکی کە ئەبوهورەیرە دەکات و عبداللە ی کوڕی عومەر و هەروەها عومەری کوڕی خەتاب (بە مورسەلی)[1].

وەهەروەها چەندین زانایش فەرموودەیان لێیەوە گێڕاوەتەوە، لەوانە: کوڕەکەی خۆی کە ناوی موسلیم بووە، ابن شهاب الزهری، عامر الشعبـی، ابن عقیل، عکرمە، عطاء، موصعەب، عبداللە ی کوڕی محیریز و جگە لەوانیش، بەڵام ژمارەیەکی کەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

[1] : فەرموودەی مورسەل ئەو فەرموودەیەیە کە هاوەڵێك یان تابعیەك فەرموودەیەك لە پێغەمبەری خواوە بگێڕێتەوەو لەویشەوە نەیبیستبێت ( مصطلح الحدیث لإبن العثیمین, ص: ١٦ ) . بەڵام لێرەدا ئەم کەسە فەرموودەی لە عومەری کوڕی خەتابەوە گێڕاوەتەوەو لەویشەوە نەیبیستووە ڕاستەوخۆ.

# بــەشــی دووەم

## ژیاننمانەی زانــســتی ئەبوهــورەیــرە رضي الله عنه

## ووتەیەك پێش دەستپێکردنی ئەم بەشە

ئەبوهورەیرە چوارساڵ لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوو ﷺ ئەوەش لە دوای غەزای خەیبەرەوە، هەمیشە لەگەڵیدابوو هەتا پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد. لەگەڵیدا بوو تەنانەت کاتێك پێغەمبەری خوا دەچووە ماڵی خێزانەکانیشی، خزمەتی دەکرد و لە دوایەوە نوێژی دەکرد، و لەگەڵیدا جیهاد و حەجیشی دەکرد، لە کۆڕ و دانیشتنەکانیدا دانەدەبڕا، بەڵکو مزگەوت نشینگەو جێگەی بوو پێغەمبەریش پێشەوای بوو، بۆیە فێری زۆرێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەر بوو، چونکە ئەو پەیوەست بوونەی پێیەوە ڕەنگدانەوەی هەبوو لە ژیانیدا، بە گوێی خۆی فەرمایشتەکانی دەبیست و بەچاوی سەریشی ڕەفتارەکانی دەبینی، بۆیە فەرموودەکانی لە مێشکیدا دەزرنگایەوەو کردارەکانیشی لە پێش چاویدا وێنەی مابوو، ئەمە وای کرد وردەکاری سوننەت بزانێت و جێ بەجێشی بکات، جاری واش هەبووە پێغەمبەری خوا لەگەڵ أبو عەلائی خەزرەمی دەینارد بۆ بەحرەین، کە بانگدەر و پێشەواش بوو، پێغەمبەری

خوایش ﷺ سووربونی ئەوی بۆ فێربوونی فەرموودە دەزانی، و دەیزانی ئەبوهورەیرە چەند تامەزرۆیە بۆ زانست، بۆیە هەر پرسیارێکی لێ بکردایە پێغەمبەری خوا ڕاستەوخۆ وەڵامی دەدایەوەو پشکێکی لەو میراتە پڕخێرو بەرەکەتە دەخستە سنگیەوە و دوعایشی بۆ دەکرد.

وادەردەکەوێت کە هاوەڵێتی ئەبوهورەیرە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کەم بێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی فەرموودە کە گێڕاویەتیەوە، بەڵام ئەو پەیوەست بوونە سات بە ساتەی لەگەڵ پێغەمبەردا و ئەو سووربونەی بۆ فێربوونی زانست لێیەوە ئەو لێبڕان و خۆ یەکلاکردنەوەیەی، ئەو گومانانە دەڕەوێنێتەوە بەیەکجاری.

جارێکیان ئەبوهورەیرە تورە دەبێت لە مەروانی کوڕی حەکەم، چونکە پێی ووت: تۆ فەرموودەی زۆر لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕیتەوە !! ئەبوهورەیرەش لە وەڵامدا ووتی: " سوێند بە خوا من لە هەموو کەس زیاتر شارەزام بە فەرموودەی پێغەمبەر، وە سوێند بە خوا کەسانێك هەبوون لە هاوەڵان کە پێش من کەوتبوون لە هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەری خواداو پێش منیش کەوتن لە کۆچ کردندا لە مهاجرین و ئەنصار، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی من چەند پەیوەستم بە پێغەمبەرەوە، بۆیە ئەوان پرسیاری

فەرموودەی ئەویان لە من دەکرد، لەوانە عومەر و عوسمان و عەلی و تەلحە و زوبێر، سوێند بەخوا هیچ فەرموودەیەکم لا شاراوە نیە لە مەدینە و هەموو ئەوانەش دەناسم کە خواوپێغەمبەریان خۆش دەوێت و هەموو ئەوانەش کە پلەوپایەیان هەبوو لای پێغەمبەری خوا، وە هەموو هاوەڵەکانیشی دەناسم، تەنانەت ئەوە دەزانم کە أبوبکر هاوەڵی تەنهایی پێغەمبەر بوو لە ئەشکەوتەکەدا و جگە لەوەش ...."[1]

بۆیە لەو ساتە بەدواوە مەروان ئەو جۆرە قسانەی نەکرد بەرانبەر ئەبوهورەیرە و بەڵکو لە وەڵامەکەی دەترسا.

## ➢ سووربونی بۆ فێربوونی فەرموودە

ئوبەی کوڕی کەعب رضي الله عنه دەڵێت: ئەبوهورەیرە کەسێکی بوێربوو بۆ پرسیارکردن لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەربارەی شتانێك کە ئێمە نەماندەکرد[2].

ئەبوهورەیرە خۆیشی زۆر شاد و بەختەوەربوو بەوەی کەلەگەڵ پێغەمبەری خوادایە و لێیەوە فێردەبێت، وەکو دەڵێت: سوپاس بۆ ئەو

---

[1] : البداية والنهاية, ١٠٨/٨. و سير أعلام النبلاء, ٤٣٥/٢.

[2] : ابن عساكر, ص: ٤٤٧.

خوایەی کە هیدایەتی ئەبوهورەیرەی دا بۆ ئیسلام، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەبوهورەیرەی فێری قورئان کرد، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کردی بەهاوەڵی موحەممەد پێغەمبەر ﷺ [1].

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە ئەبوهورەیرە لەنێو هاوەڵاندا زۆر سووربوە لەسەر فێربوون و وەرگرتنی فەرموودە، ئەم فەرموودەیەیە کە ئەبوهورەیرە خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت:

جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " کێ ئەو چەند ووشەیەم لێ وەردەگرێت و کاریان پێ دەکات یاخود کەسێك فێردەکات کە کاریان پێ بکات؟ منیش ووتم: من ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش دەستی گرتم و پێنج دانەی ژمارد: لە حەرام دووربکەوە دەبیت بەخواپەرستترین کەس، وە ڕازی بە بەو بەشەی خوا بۆتی دیاری کردووە دەبیت بە دەوڵەمەندترین کەس، وە بۆ دراوسێکەت چاك بە دەبیت بە باوەڕدار، وە ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ خەڵکیش پێت خۆش بێت دەبیت بە موسڵمان، وە زۆریش پێ مەکەنە، چونکە زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێت "[2].

---

[1] : تاريخ ابن عساكر: ص: ٥١١.

[2] : سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩٣٠.

لە ڕاستیدا ئەم فەرموودەیە ڕاستی پابەندبوونی ئەبوهورەیرە دەردەخات هەم بەخودی پێغەمبەرەوەو هەمیش بۆ فەرمایشتەکانی، کە چۆن ئامادەیی تێدابووە بۆ وەرگرتنی قسەکانی ئەوو کارپێکردنیشی و فێرکردنی ئەو کەسەیشی کە کاری پێ دەکات. ئەمەش جگە لە سووربوونی ئەبوهورەیرە نەبێت هیچی تر نیە، پەرۆشی و لێبڕانی ئەو دەردەخات بۆ وەرگرتنی زانست لەو سەرچاوە پاك و بێگەردەوە. هەمیشە ئامادەو لەسەرپێ بووە بۆ جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە ئەو ڕێگریان لێ دەکات و قەدەغەیان دەکات.

پێغەمبەر خوا ﷺ شاهێدی بۆ ئەوبوهورەیرە داوە بەوەی کە زۆر سوور و ئامادەیە بۆ فێربوونی فەرموودە، جا لەو شاهێدیە زیاتر چی هەیە کە جێگای بەختەوەری بێت، ئایا ئەبوهورەیرە گەیشتبێتە چ ئاستێك کە پێغەمبەرێك شاهێدی بۆ بدات؟ پیرۆز بێت لەو کەسەی کە پێغەمبەر شاهێدی بۆ بدات، جا بەڕێزان با پێکەوە سەرنجی ئەم فەرموودەیە بدەین:

ئەبوهورەیرە دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خــوا کێ بەختەوەرترین کەسە بە شەفاعەتی تۆ لە ڕۆژی دواییدا؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: " ئەی ئەبوهورەیرە، خۆم گومانی ئەوەم برد کە کەس پێش تۆ پرسیاری ئەوەم لێ

ناکات، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەتبینم زۆر سووری لەسەر فەرموودە، بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە رۆژی دواییدا کەسێکە کە لەناخی دڵیەوە بە پاکی بڵێت: لا إلهَ إلاّ الله "[1].

لە فەرموودەیەکی تردا ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: خۆشەویستەکەم (پێغەمبەر) صلى الله عليه وسلم وەصیەتی سێ شتی بۆ کردووم، منیش هەتا ئەمرم وازیان لێ ناهێنم، ئەوانیش: " رۆژووگرتنی سێ رۆژ لە هەموو مانگێکدا، وە نوێژی چێشتەنگاو، وە نوێژی ویتر پێش ئەوەی بخەوم "[2].

ئەبوهورەیرە دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم جلوبەرگەکەم ڕاخست لە لایدا و ئەویش بردی و کۆی کردەوە لەسەر دڵم، منیش لە پاش ئەوەوە هیچ فەرموودەیەکم لەبیرنەچوویەوە[3].

ئەبوهورەیرە دەڵێت: هیچ یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئەوەندەی من فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە نەگێڕاوەتەوە، جگە لە عبدالله ی کوڕی عەمر نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو دەینووسی و من نەمدەنووسی[1].

---

[1] : صحيح البخاري: ٦٥٧٠.

[2] : صحيح البخاري: ١١٨٧.

[3] : صحيح وضعيف سنن الترمذي ٣٨٣٤, وفيه قال الألباني: حديث حسن الإسناد صحيحه.

## مەجلیسی ئەبوهورەیرە و بڵاوکردنەوەی فەرموودە

ئەبوهورەیرە لەچەندین شارو جێگەدا فەرموودەی گێڕاوەتەوە و ئەوەی وەری گرتبوو لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگەیاند بە خەڵکی، بە گوفتارو کردار، لەو شوێنانەی کە فەرموودەی تێدا گێڕاوەتەوە وەکو: مەدینە، مەککە، دیمەشق، عێراق، بەحرەین، وە هەروەها ماڵەکەی خۆیشی وەکو پەیمانگایەکی لێ کردبوو کە خەڵکی دەهاتن بۆ لای بۆ بیستن و فێربوونی فەرموودە لێیەوە. هەروەها لە شوێنی خۆی کە ( العقیق ) بوو پێشوازی دەکرد لە فێرخوازانی زانستی شەرعی و فەرموودەی بۆ دەگێڕانەوە و ڕێزی لێ دەگرتن و نەرمونیان بوو لەگەڵیانداو خۆشحاڵی دەکردن بە هۆی ئەو نیعمەتی خۆشخوانی و سروشت جوانیەی کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیبوو، هەروەها بە هۆی ئەو زانستە زۆرەی کە لە پێغەمبەرەوە وەری گرتبوو.

وە زۆربەی دانیشتنەکانی لە مزگەوتی پێغەمبەر بوو، و خەڵکیش ڕێز و پلەوپایەی ئەبوهورەیرەیان دەزانی و بۆ زۆر پرس و کێشە وگرفت دەگەڕانەوە بۆ لای ئەو بۆ چارەسەرکردنی، وە هەروەها ئەبوهورەیرە

---

[1] : رواه البخاري: ١١٣.

فەتوای بۆ خەڵکی دەدا بە ئامادەبوونی زانایانی نێوهاوەڵان وەکو ابن عباس و زەیدی کوڕی سابت و هەندێك جاریش هاوەڵان خەڵکیان دەنارد بۆ لای ئەبوهورەیرە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار[1].

وە خۆشەویستی ئەبوهورەیرە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ لەمیانەی گێڕانەوەی فەرموودەکاندا دەردەکەوێت کە کاتێك فەرموودەیەکی باس دەکرد دەیوت: صادق المصدوق فەرموویەتی، یان دەیووت: خۆشەویستەکەم یان باوکی قاسم. وە هەروەها سەرەتای قسەکانی و پێش دەست پێکردنی گێڕانەوەی فەرموودە بەم فەرموودەیە دەستی بە قسەکردن دەکرد: " مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النار " [2] واتە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی هەرکەسێك بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با جێگایەك لە ئاگر بۆ خۆی دابنێت.

محمدی کوڕی عمارەی کوڕی عەمری کوڕی حەزم شێوازێکی مەجلیسی ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە بۆمان و دەڵێت: جارێکیان لە مەجلیسێکدا دانیشتبووم کە ئەبوهورەیرەی تێدابوو، هەروەها چەندین هاوەڵی گەورەی

---

[1] : سير أعلام النبلاء: ج٢, ص: ٤٣٧.

[2] : صحيح متواتر: صحيح الجامع الصغير, رقم: ٦٥١٩.

پێغەمبەری خوایش ﷺ لەوێدا بوون، جا ئەبوهورەیرە دەستی دەکرد بەباس کردن وگێڕانەوەی فەرموودە و ئەو هاوەڵانە هەندێکیان ئەو فەرموودەیەیان نەدەزانی و دواتر کە بەیەکتریان دەوت پاشان بۆیان دەردەکەوت و دەیانزانی، ئەمەی چەند جارێك دووبارە دەکردەوە، بەو هۆیەوە زانیم کە ئەبوهورەیرە لەهەموو کەس زیاتر فەرموودەی لەبەرە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ[1].

خەڵکی متمانەیان بە ئەبوهورەیرە دەکرد بۆ ئەوەی گوێبیستی فەرموودە بن لێیەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لەنێو یەکتریدا شوێن و کاتێکیان دادەنا و دیاری دەکرد بۆ ئەوەی بچن بۆ لای ئەبوهورەیرە و ئەویش فەرموودەیان بۆ باس بکات، بۆ نموونە: مەکحول دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جارێکیان خەڵکی شەوێك لە شەوان شوێنێکیان دەستنیشان کرد و تێیدا کۆبوونەوەو ئەبوهورەیرەش هەستا و دەستی کرد بە گێڕانەوەو باسکردنی فەرموودە بۆیان هەتا بەیانی رۆژ بوویەوە[2].

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٤, فتح الباري, ج١, ص: ٢٢٥.

[2] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٣٢, البداية والنهاية, ج٨, ص: ١٠٦.

محمدی کوڕی سیرین دەڵێت: هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەیەك دەوەستا و فەرموودەی دەگێڕایەوە[١]. هەروەها عاصمی کوڕی محمد ئەویش لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەبوهورەیرەم بینی ڕۆژی هەینی بوو، لەلای مینبەرەکەوە بەپێوە وەستا و دەیوت باوکی قاسم الصادق المصدوق فەرموویەتی ..... بەردەوام بەم شێوەیە فەرموودەی دەگێڕایەوە هەتا دەرگا دەکرایەوەو ئیمامەکە دەهات بۆ وتاردان ئەویش دادەنیشت[٢].

هاوەڵان و تابعین باش فراوانی زانستی ئەبوهورەیرەیان دەزانی وچاك دەیانزانی ئەو چەند نزیك بوو لە پێغەمبەری خواوە ﷺ چەندیش لێزان و شارەزایە بە وردەکاری زانست و فەرموودەکان، بۆیە کە ئەبوهورەیرە گەشتی بکردایە بۆ هەرشوێنێك ئەوا لە دەوری کۆ دەبوونەوەو داوایان لێ دەکرد کەوا فەرموودەیان بۆ بگێڕێتەوە و لەو زانستەی خۆی بێبەشیان نەکات، ئەمەش نەك تەنها لە مەدینە بەڵکو لە شارەکانی شام و عێراقیش بە هەمان شێوازبوو، بۆ نموونە: پێشەوا ئەحمەد لە سفیانی کوڕی عیینەوە ئەویش لە اسماعیلی کوڕی أبی خالدەوەو ئەویش لە قەیسەوە دەگێڕێتەوە

---

[١] : الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع , ص: ١١٣.

[٢] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٦-٤٤٧.

دەڵێت: جارێکیان ئەبوهورەیرە هات بۆ کـوفە، خەڵکی ئەو گەڕەکە هاتن بۆ لای و سڵاویان لێی کرد و داوایان لێکرد کەوا فەرموودەیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش لە پاش وەڵامدانەوەی سڵاوەکەیان دەستی کرد بە گێڕانەوە بەم فەرموودەیە:

قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: " لَأَنْ يَغْدُوَ أَحَدُكُمْ فَيَحْطِبَ عَلَى ظَهْرِهِ، فَيَتَصَدَّقَ بِهِ وَيَسْتَغْنِيَ بِهِ مِنَ النَّاسِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ رَجُلًا، أَعْطَاهُ أَوْ مَنَعَهُ ذَلِكَ، فَإِنَّ الْيَدَ الْعُلْيَا أَفْضَلُ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ "[1]

واتە: ئەگەر کەسێکتان بەیانی زوو بچێت بۆ دارهێنان بەکۆڵی خۆی و بیکات بەخێر و خۆی دور بگرێت لەداواکردن لەخەڵکی چاکترە لەوەی داوا لەکەسێك بکات، یان دەیداتیێ، یان نایداتیێ، چونکە بەڕاستی دەستی سەرەوەی بەخشندە چاکترە لەدەستی خوارەوەی داواکار، بەوەش دەست پیێ بکە کەبەخێوکردنی لەسەرتە.

ئەبوهورەیرە لەگەڵێ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی فەرموودەی دەگێڕایەوە لەهەمان کاتیشدا زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کە وشەیەکی لیێ زیادو کەم

[1] : مسلم: ١٠٤٢, بخاري: ١٤٧٠.

نەکات وەکو خۆی بیگێڕێتەوە چۆن بیستوویەتی یان بینیویەتی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، بۆیە زۆر ورد و وریابوو بۆ ئەو بابەتە، فەرمایشتی پێغەمبەری دەدایە پاڵ پێغەمبەر و ئەگەر قسەی کەسێکی تریشی بگێڕایەوە دەیدایە پاڵ خاوەنەکەی، وە ئەگەریش قسەی خۆی بووایە ئەوا دەیوت:" هذا من كيسي "[1]

واتە: ئەمە لە گیرفانی خۆمەوەیە

وە هەروەها زۆر بە ئاگابوو لەسەر ئەوەی قسەی پێغەمبەر و کەسێکی تر تێکەڵ بەیەکتر نەکات و بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش ئەم باسە دەگێڕینەوە:

بوکەیری ئەشەج دەڵێت: بوسری کوڕی سەعید قسەی بۆمان دەکرد و دەیوت: لە خوا بترسن و پارێزگاری بکەن لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ( واتە بیپارێزن لەوەی قسەی کەسی تری تێکەڵ بێت یان بیدەنە پاڵ ئەو یان قسەی ئەو بدەنە پاڵ کەسێکی تر)، وە سوێند بە خـوا ئێمە لەگەڵ ئەبوهورەیرەدا دادەنیشتین و ئەویش فەرموودەی پێغەمبەری خوای بۆ دەگێڕاینەوەو هەروەها قسەی کەعبی ئەحباریشی بۆ دەگێڕاینەوە، پاشان

---

[1] : أعلام الموقعين, ج١, ص: ٦٤.

دەیووت: دەبیستم لە هەندێك لەوانەی کە لەگەڵمان بوون، قسەی پێغەمبەری خوای دەدایە پاڵ کەعب و قسەی کەعبیشی دەدایە پاڵ پێغەمبەری خوا، جا بۆیە لە خوابترسن و پارێزگاری لە فەرموودە بکەن[1].

وە هەروەها هەندێك جاریش ئەبوهورەیرە بۆ دڵنیایی و زیاتر جەخت کردن لەسەر ئەو فەرموودەیەی کە دەیگێڕێتەوەو لە دواییدا دەیوت:

گۆشت و خوێنی ئەبوهورەیرە شاهێدە لەسەر ئەمە، چونکە دڵنیابوو لەوەی کە دەیگێڕێتەوەو مەبەستی ئەوەبوو کە بە دوو گوێی خۆی بیستوویەتی و دڵی وەری گرتووەو بە زمانیشی دەیڵێت.

بۆ نموونە: ئەم فەرموودەیەی خوارەوە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَنَعَتِ الْعِرَاقُ دِرْهَمَهَا وَقَفِيزَهَا، وَمَنَعَتِ الشَّأْمُ مُدْيَهَا وَدِينَارَهَا، وَمَنَعَتْ مِصْرُ إِرْدَبَّهَا وَدِينَارَهَا، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ " شَهِدَ عَلَى ذَلِكَ لَحْمُ أَبِي هُرَيْرَةَ وَدَمُهُ[2].

---

[1] : البداية والنهاية: ج١١, ص: ٣٧٧. و سير أعلام النبلاء: ٤٣٦/٢.

[2] : صحيح مسلم: ٢٨٩٦.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: عێراق درهەم و قەفیزی خۆی قەدەغە کرد، شامیش مەن و دیناری خۆی قەدەغە کرد میسریش ئوردبو دیناری خۆی قەدەغەکرد، لە کوێوە هاتن گەڕانەوە بۆ ئەوێ، لە کوێوە هاتن گەڕانەوە بۆ ئەوێ، لە کوێوە هاتن گەڕانەوە بۆ ئەوێ[1]. گۆشت و خوێنی ئەبوهورەیرە شاهێدە لەسەر ئەمە.

یان زۆرجار کاتێك فەرموودەیەکی دەگێڕایەوە، هەندێك لە ئامادەبووان لێیان دەپرسی، ئەی ئەبوهورەیرە ئایا ئەمەت لە پێغەمبەری خواوە بیستووە؟ ئەویش دەیووت: بەڵـێ. ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە بەبۆچوونی خۆی ئەو قسەیەی نەکردووە.

وەکو ئەم نموونەیە:

[1] : قَفِیز: پێوانەیەکی ئەهلی عێراقە بۆ کێشانی شتومەك, کە پێوانەکەی بریتیە لە هەشت مکوك و هەر مکوکێکیش پێك دێت لە صاع و نیوێك, (مُدْ)یش پێوانەیەکی ئەهلی شامە کە پێوانەکەی بریتیە لە پازدە مکوك, (إردب)یش پێوانەیەکی ئەهلی مصرە کە پێك دێت لە بیست و چوار صاع. شرح صحيح مسلم ل محمد فؤاد عبد الباقي.

عن يحي بن جعدة عن عبد الله بن عمرو القاري قال: سمعت أبا هريرة يقول: لا ورب هذا البيت، ما أنا قلت: " من أصبح جنبا فلا يصوم "، محمد ورب البيت قاله، ما أنا نهيت عن صيام يوم الجمعة، محمد نهى عنه ورب البيت[1].

واتە: یەحیای کوڕی جەعدە لە عبداللە ی کوڕی عەمری قاریەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: گوێم لێ بوو ئەبوهورەیرە دەیووت: سوێند بە پەروەردگار و خاوەنی ئەم ماڵە ( کەعبە ) من نەموتووە: ئەوەی لەشگران بوو با ڕۆژوو نەگرێت. سوێند بەپەروەردگاری ئەم ماڵە محمد وتوویەتی. وە من نەهیم نەکردووە لە بەڕۆژوبوونی ڕۆژی هەینی، سوێند بەپەروەردگاری ئەم ماڵە محمد نەهی لێ کردووە.

هەندێك جار ئەبوهورەیرە لەو ژورەی کە دایکە عائیشەی تێدایە دادەنیشت و فەرموودەی دەگێڕایەوە کە لەو کاتەدا عائیشە سەرقاڵی نوێژی سوننەت بوو، لە پاش تەواو کردنی گێڕانەوەی فەرموودەکەی دەیووت: ئەی هاوەڵ یان ئەی دایکە ئایا نکوڵی دەکەی لەوەی گێڕامەوە؟ ابن عباس دەڵێت: کە عائیشە لە نوێژەکەی بوویەوە، نکوڵی نەکرد لەوەی کە ئەبوهورەیرە

[1] : سلسلة الأحاديث الصحيحة, رقم: ١٠١٢. قال الألباني: وهذا إسناد صحيح و رجاله ثقات, والحديث في " الصحيحين" وغيرهما.

گێڕایەوە لە فەرموودە، بەڵام ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە فەرموودەی نەدەفەرموو کە ئێوە بەو خێراییە دەگێڕنەوە[1]، واتە بە هێواشی ولەسەرخۆیی بوو بەشێوەیەك کە ئەگەر کەسێك بیویستایە قسەکانی بژمێرێت دەیتوانی ئەو کارە بکات.

کەوابوو دایکە عائیشە لاری نەبوو لە فەرموودە بەڵکو دەیوت شێوازەکەی لە پێغەمبەری خوا خێراترە وبەس.

ئەبوهورەیرە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بە شێوازێکی پڕ لە دانایی ونەرم ونیانیەوە بانگەوازی بۆ دین دەکرد و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، بۆ نموونە: جارێکیان ئەبوهورەیرە بەنێو بازاڕی مەدینەدا دەڕۆیشت، بینی خەڵکی زۆر سەرقاڵی دونیان، لە شوێنی خۆی وەستاو بەدەنگی بەرز ووتی: ئەی خەڵکی مەدینە ئێوە چەند بێ دەسەڵات ودەستەپاچەن !! وتیان: ئەی ئەبوهورەیرە بۆچی وا دەڵێی؟ ئەویش وتی: ئەوە میراتی پێغەمبەری خوا خەریکە بەش دەکرێت و ئێوەش لێرەن، بۆ ناڕۆن و بەشی خۆتانی لێ ببەن؟.

[1] : سير أعلام النبلاء, ٢/٤٣٧.

وتیان: لە کوێیە؟ وتی: لە مزگەوت. خەڵکیش بەپەلە بەرەو مزگەوت ڕۆیشتن، ئەبوهورەیرەش لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا وەستا هەتا گەڕانەوە، پێی ووتن: چی بوو؟ ئەوانیش وتیان ئەی ئەبوهورەیرە ڕۆیشتینە مزگەوت و هیچمان نەبینی بەش بکرێت؟ ئەویش وتی: هیچ کەسێکتان لە مزگەوت نەبینی؟ وتیان بەڵێ: بینیمان کەسانێك نوێژ دەکەن، کۆمەڵێکی تر خەریکی قورئان خوێندنن، و کۆمەڵێکی تر باسی حەڵاڵ وحەرامیان دەکرد. ئەبوهورەیرەش پێی ووتن: ئەی هاوار بەماڵتان ئەوەیە میراتی محمد ﷺ[1].

ئەبوهورەیرە کاتێك دادەنیشت بۆ گێڕانەوەی فەرموودە لە ئەڵقەی وانەکانیدا، ڕێگەی دەدا بە هەندێك لە قوتابیەکانی کە فەرموودەی لێوە بنووسنەوە، دەتوانین ئەم وانانەی کە قوتابییەکانی ئەبوهورەیرە فەرموودەیان تێیدا دەنووسیەوە ناو بنێین مەجلیسی نووسینەوەی فەرموودە. کە لە سەردەمەکانی دواتردا زۆربوو تەشەنەی کرد، وە لێیەوە جێگیر بووە کە تابعیەکی بەناوبانگی وەکو بەشیری کوڕی نەهیکی سەدوسی بەصری هەندێك فەرموودەی لێیەوە نووسیوەتەوە، وە بەشیریش ئەو

[1] : حسن موقوف. صحيح الترغيب والترهيب, ١٧/٨٣.

فەرموودانەی کە لێیەوە نووسیبویەوە بەسەر ئەبوهورەیرەدا دەیخوێندەوە پێش ئەوەی ئەو مەجلیسە جێ بهێڵێت و بڕوات[1].

مێژوو هەندێك دەستنووسی بەپێزی بۆ پاراستووین کەبەهۆیەوە چەندین ڕاستی زانستی بەبەهای لێوە ئاشکرا دەبێت و جێگەی شانازیە بۆ ڕۆڵەکانی دوایی ئەم ئوممەتە بەوەی کە ئەم دینە پاکە چۆن بە شێوەیەکی زانستی و بەوپەڕی متمانەوە گواستراوەتەوە بۆمان لەلایەن هەڵگرانیەوە لە هەر سەردەمێکدا بووبێت.

بۆ نموونە: بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی زانستی دۆزرایەوە کە تێیدا ئەبوهورەیرە فەرموودە دەخوێنێتە سەر قوتابیەکی خۆیدا بەناوی همامی کوڕی منبە بۆ ئەوەی بینووسێتەوە، ئەم کەسە لەساڵی (٤٠)ی کۆچی لە دایك بووەو لە ساڵی (١٣١) ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە، ئەم پیاوە بەڕێزە کە تابعیەکی بەناوبانگی متمانەپێکراوە گەیشتووە بە هاوەڵی بەڕێز ئەبوهورەیرە، و زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای لێوە نووسیوەتەوە، و لە پەڕاوێك یان چەند پەڕاوێکدا کۆی کردوونەتەوەو ناوی

---

[1] : طبقات ابن سعد, ج٧, ص: ١٦٢. كتاب العلم لزهير بن حرب, ص: ١٩٣. و الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع, ص: ١٣٧. وغيرهم.

ناوە " الصحيفة الصحيحة "[1]. وە جێی خۆیەتی کە ناوی ناوە الصحیحە لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودانەی لە کەسێکەوە نووسیوەتەوە کە چوارساڵی ڕەبەق تێکەڵاوی پێغەمبەری خوای کردووەو فەرموودەی لێیەوە گێڕاوەتەوە.

ئەم پەڕاوەش لێکۆڵەر و توێژەرێکی وەکو دکتۆر محمد حمیداللە دۆزیەوە لە دوو دەستنووسی هاوشێوەدا لە دیمەشق و بەرلیـن[2]، وە کۆپیەکی دەستنووسی ئەم پەڕاوەش لە " دار الكتب المصرية " دا هەیە لە ژێر ژمارە ( ١٩٨١ حديث )[3]. متمانەمان بەم پەڕاوە زیاتر دەبێت کاتێك دەبینین یەکێکی وەکو پێشەوا ئەحمەد هەموو فەرموودەکانی نێو پەڕاوەکەی وەکو خۆی گێڕاوەتەوە لە موسنەدەکەیدا، وەکو چۆن پێشەوا بوخاریش ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەکانی گێڕاوەتەوە لە صەحیحەکەیدا.

ئەم پەڕاوە گرنگیەکی مێژوویی هەیە لە نووسینەوەی فەرموودەدا، چونکە ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە فەرموودە لەسەردەمانێکی زووەوە دەست کراوە بەنووسینەوەی،

---

[1] : أنظر أقدم تدوين في الحديث النبوي: صحيفة همام بن منبه, ص: ٢٠.

[2] : انظر وصف الدكتور حميدالله للمخطوطتين في صحيفة همام ص: ٢١-٢٣.

[3] :أبوهريرة راوية الإسلام للدكتور محمد عجاج الخطيب, ص: ١١٦.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەڵە بڵاوەی کە پێی وایە فەرموودە لە سەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچی دەستکرا بە نووسینەوەی، ئەمەش وا نیە، چونکە همام گەیشتووە بە ئەبوهورەیرە پێش ئەوەی ئەبوهورەیرە وەفات بکات کەلە ساڵی ( ٥٩ ) کۆچی دوایی کرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم پەڕاوە پێش ئەو ساڵە نووسراوەتەوە، واتە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی، بەمەش فەزڵی ئەبوهورەیرە دەردەکەوێت لە هاندانی فێرخوازانی زانستدا بۆ نووسینەوەی فەرموودە، وە ئەم پەڕاوەی هەمامیش پێک هاتووە لە (١٣٨) فەرموودە، و زانایەکی وەکو ابن حجر دەڵێت همام نزیکەی سەدو چل فەرموودەی لە ئەبوهورەیرەوە گێڕاوەتەوە بەیەك سەنەد[١]، ئەمەش وا دەکات زیاتر متمانەمان بەم پەڕاوە بەنرخە زیاد بکات لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە و فەرموودەکانی نێو پەڕاوەکە کت ومت وەکو وەصفی زانایانی ئەو بوارەیە بۆ فەرموودەکان لە کتێبەکانی تردا. کە قوتابیەکی همام بە ناوی معمر بن راشد لە هەمامەوە گێڕاویەتیەوەو عبدالرزاقیش لە معمرەوەو بەوشێوەیە هاتووە.

[١] : انظر تهذيب التهذيب , ج١١, ص: ٦٧.

## ➢ زۆری فەرمـوودەی و فراوانی زانستی

ئەبوهورەیرە یەکێك بوو لە هەڵگرانی زانست و گەورە هاوەڵان لە بواری فەرمووددەدا، هاوکات لەگەڵ خواپەرستی و خاکێتی و خۆبەکەمزانی لەگەڵ خەڵکی بە گشتی و بەرانبەر بە فێرخوازانی زانست بەتایبەتی. هیچ کام لە هاوەڵان بە ئەندازەی ئەم فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە جگە لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص نەبێت وەکو ئەبوهورەیرە خۆی دەڵێت: "هیچ کام لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە من زیاتر فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە جگە لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص نەبێت بەڵام ئەو دەینووسی و من نەمدەنووسی"[١]. بەڵام بارودۆخی عبدالله جیاوازبوو، لەبەر ئەوەی لەلایەك زیاتر سەرقاڵی خواپەرستی و پەرستشە تایبەتەکان بوو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ باوکیدا زۆر گەشتی دەکرد بۆ حیجاز و مصر و شام ولەیەك شوێن جێگیر و نیشتەجێ نەبوو، ئەمانە وای کرد کە کەمتر فەرموودە بگێڕێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەبوهورەیرە.

لەبەر زۆری گێڕانەوەی فەرموودە لەلایەن ئەبوهورەیرەوە زۆرێك لە هاوەڵان دەیانووت کە ئەبوهورەیرە زۆر فەرموودە دەگێڕێتەوە و باش وایە

---

[١] : فتح الباري, ٢١٧/١. و مسند الإمام أحمد, ١١٩/١٣ رقم: ٧٣٨٣.

ئەو کارە نەکات بەو ئەندازەیە، چونکە سیاسەتی هاوەڵان وەهابوو کە کەمتر فەرموودە بگێڕنەوە لەترسی ئەوەی نەوەك خەڵکی سەرقاڵ بێت بە فەرموودەوەو دووربکەویتەوە لە قورئان، لەلایەکی ترەوە لە ترسی ئەوەی نەوەك تووشی هەڵەیەك بن و درۆیەك بەدەم پێغەمبەری خواوە بکەن و قسەیەك بکەن کە ئەو نەیوتبێت. تەنانەت پێشەوا عومەر فەرمانی کرد بەوەی کە ئەبوهورەیرە چیتر با فەرموودە نەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە، بەڵام دواتر ڕێگەی دا، پاش ئەوەی کە بۆی دەرکەوت ئەبوهورەیرە چەند شارەزا و زانایە بە فەرموودە چەندیش لە خواترسە و دوورە لەوەی شتێك بڵێت کە پێغەمبەری خوا نەیوتبێت ﷺ .

ئەبوهورەیرە خــۆی هۆکاری زۆری گێڕانەوەی فەرموودەمان بۆ باس دەکــات:

دەڵێت: ئێوە دەڵێن ئەبوهورەیرە زۆر فەرموودە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ منیش دەڵێم بارەگاو پێشگای خوا پەیمان و مەوعیدمان بێت، کە ئایا درۆم کردووە یان هەموویان ڕاست و تەواون.

وە یاخود دەڵێن: ئەی بۆچی هاوەڵانی تری وەکو کۆچبەران ئەوەندەی ئەبوهورەیرە فەرموودە ناگێڕنەوە؟ منیش دەڵێم:

هاوەڵانی من لە کۆچبەران سەرقاڵی کڕین وفرۆشتن و بازرگانی بوون، و پشتیوانانیش سەرقاڵی ماڵ و سامانی خۆیان بوون، بەڵام من کەسێکی هەژار و نەداربووم و هەمیشە پەیوەست بووم بە پێغەمبەری خواوە ﷺ و خزمەتیم دەکرد تەنها سکم پڕبوایە لە خواردن ئیتر خەمی هیچی ترم نەبوو، وە من زۆر لەگەڵ پێغەمبەری خوادابووم و لە کۆڕ و دانیشتنەکانیدا ئامادەییم هەبوو لەکاتێکدا هاوەڵانی تر لەوێ نەبوون، وە من ئەوەی پێغەمبەر دەیفەرموو لەبەرم دەکرد و دەمپاراست لەکاتێکدا هاوەڵانی تر لەبیریان دەکرد و بیریان دەچوویەوە، تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژێکیان فەرمووی: " کێ جلوبەرگەکەی ڕادەخات تاکو فەرموودەی خۆمی تێدا بڵێم و پاشان هەڵی بگرێتەوەو ئیتر هیچی لەبیر نەچێت لەوەی لە منی بیستووە؟ منیش جلوبەرگەکەم ڕاخست و ئەویش فەرموودەی بۆم باس کرد وپاشان

کۆمکردەوەو هەڵم گرتەوە، جا سوێند بەخوا هیچ شتێکم بیر نەچوویەوە لەوەی لە ئەو بیستم"[1].

وە هەروەها دەیووت: سوێند بە خوا ئەگەر لەبەر ئایەتێك نەبێت لە کتێبەکەی خوادا ئەوا هیچ فەرموودەیەك ناگێڕمەوە، پاشان ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩ ﴾ { البقرة }. وە یاخود دەیووت: هەر کەسێك زانستێکی بەسوودی پێ بوو، وە شاردیەوەو بڵاوی نەکردەوە، ئەوا جڵەوی ئاگری بۆ دەکرێ لە ڕۆژی دواییدا [2].

بەو شێوەیە ئەبوهورەیرە هەستی دەکرد و بڵاوکردنەوەی زانست وفەرموودەی بە ئەرکی خۆی دەزانی و تێگەیاندنی خەڵکی بە پیشەی خۆی دادەنا، بۆیە ئەوەی لە پێغەمبەری خوای بیستبوو فێری خەڵکی دەکرد، هەربۆیە لەو پێناوەدا کەمتەرخەمی نەدەکرد و سستی و تەوەزەلی نەیدەگرت، بەڵکو لە مامۆستا و فێرکارە دەرکەوتوو هەڵکەوتوەکان بوو، کە هەمیشە بەبێ کۆڵدان و خۆنەویستانە لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی زانستدابوو،

---

[1] : صحيح مسلم: باب: فضائل أبي هريرة الدوسي رضي الله عنه, رقم: ٢٤٩٢/١٥٩.

[2] : طبقات ابن سعد, ٢:٤/٥٦ و ٥٧.

زیاتر لە بیست ساڵ فەتوای دا، و فێرخوازانی شەرعی و قوتابیانی زانست هەرگیز پێیان لێی نەدەبڕی و دوورنەدەکەوتنەوە، لەبەر ئەو زانستە زۆرەی و ئەو حیفزە بە هێزەی کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو، لە هەموو هاوەڵان شارەزاتر بوو بە سوننەتی پێغەمبەری خوا، ئەم ڕاستیەش لەم فەرموودەیەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت:

لەڕێگەی مەککە خەڵکی تووشی بایەکی سەخت و توند بوون، وپێشەوا عومەریش حەجی دەکرد، و لە چواردەوری خۆی پرسی ئایا با چیە؟ واتە کەس هەیە شتێکمان لەسەر با بۆ باس بکات یان فەرموودەیەك کە بیستبێتی؟ ئەوەبوو کەس وەڵامی نەدایەوە و هیچ زانیاریەکی دەست نەکەوت، ئەبوهورەیرە دەڵێت: منیش بە وڵاخەکەمەوە بەرەو لای عومەر چووم و پێم ووت، بیستوومە پرسیارت سەبارەت بە با کردووە، من لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە دەیفەرموو: " الرِّيحُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ؛ تَأْتِي بِالرَّحْمَةِ، وَتَأْتِي بِالْعَذَابِ فَلَا تَسُبُّوهَا، وَسَلُوا اللَّهَ خيرها، وعوذوا من شرها" [١] واتە: با لە ڕەحمەتی خواوەیە کە بەندەکانی پێ ئاسوودە دەبێت، جاری وا هەیە بە ڕەحمەت و خێرەوە دێت و جاریش واش هەیە بە سزا وتۆڵەوە دێت، بۆیە

---

[١] : حسن صحيح, صحيح الأدب المفرد, رقم: ٩٠٦/٧٠٠.

جنێوی پێ مەدەن، بەڵكو داوای خێرەكەی لە خوا بكەن و پەناش بگرن لە شەڕ و خراپەكەی.

جارێكیان ئەبوهورەیرە ئەم فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خواوە گێڕایەوە:

" مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ، كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ رَجَعَ، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُحُدٍ "

واتە: هەركەسێك لەگەڵ جنازەیەكدا لەماڵ دەربچێت و نوێژی لەسەر بكات و شوێنی بكەوێت هەتا دەخرێتە گۆڕەوەودفن دەكرێت، ئەوا دوو قیرات پاداشتی بۆ هەیە، وە هەر قیراتێكیش بە ئەندازەی كێوی ئوحودە، وە ئەوەش تەنها نوێژی لەسەر بكات و بگەڕێتەوە ئەوا بە ئەندازەی كێوی ئوحود پاداشتی بۆ هەیە.

عبداللە ی كوڕی عومەریش یەكێك دەبێت لەوانەی كە تەنها نوێژی لەسەر جنازە دەكردو شوێنی نەدەكەوت، ئەم قسەیەی ئەبوهورەیرەی پێ دەگات و دەڵێت: ئەبوهورەیرە زۆر فەرموودەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە ابن عومەر خەباب دەنێرێت بۆ لای دایكە عائیشە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی ئەو

فەرموودەیە، و خۆیشی لە ناو مزگەوت کۆمەڵێك وردەبەرد ئەم دەست وئەودەست پێ دەکات وچاوەڕێی وەڵامی نێردراوەکەیە بۆ لای عائیشە، ئەوەبوو خەباب گەڕایەوەو وتی دایکە عائیشە دەڵێت: ئەبوهورەیرە ڕاست دەڵێـت، ئیتر ابن عومەر بەردەکان فڕێ دەدات بە زەویدا و دەڵێت: ئای چەندین قیراتمان لەدەست دەرچووە.

پاشان ئەبوهورەیرە ووتی: من مامەڵە وبازرگانی و کشتوکاڵ کردن سەرقاڵیان نەکردم لەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بم، بۆیە زۆر لەگەڵیدا بووم و تەنها ئەوە بەلامەوە گرنگ بوو کە ووشەیەکم فێربکات و پاروویەك نانم بداتێ.

دوای ئەوە ابن عومەر بە ئەبوهورەیرەی ووت: ئەی ئەبوهورەیرە تۆ لەهەمووومان زیاتر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوویت و لە هەموویشمان زاناتری بە فەرموودەکانی[١].

جگە لەوەش ئەبوهورەیرە برا هاوەڵەکانی شاهێدی ئەوەیان بۆی دەدا کە ناوبراو زۆر گوێبیستی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە و زۆریش

١ : أحكام الجنائز للألباني, حمل الجنازة وأتباعها, ص: ٦٨ – ٦٩.

لەگەڵیدا بووە، بۆیە ئەم شاهێدی دانەی هاوەڵان بۆی هەموو گومان و دوودڵیەکان دەرەوێنێتەوەو نایهێڵێت سەبارەت بە زۆر گێڕانەوەی فەرموودە، تەنانەت هەندێ لە هاوەڵان ڕاستەوخۆ فەرموودەیان لەئەبوهورەیرەوە دەگێڕایەوە، چونکە ئەوەی ئەو لە پێغەمبەری بیستبوو ئەوان نەیانبیستبوو. بۆ نموونە: جارێکیان پیاوێك دێت بۆ لای تەڵحەی کوڕی عبیداللە ﷺ و پێی دەڵێت: ئەی باوکی محمد، پێم بڵێ ئەم کابرا یەمەنیە – ئەبوهورەیرە– زاناتر و شارەزاترە بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا لە ئێوە؟ چونکە شتانێکی لێوە دەبیستین کەلە ئێوەی نابیستین، یان ئەوەتا ئەو شتانێك بەدەم پێغەمبەرەوە دەڵێت کە ئەو نەیفەرمووە؟

تەڵحەش لە وەڵامدا دەڵێت: سەبارەت بەوەی کە ئەو گوێبیستی شتانێك بووە لە پێغەمبەرەوە کە ئێمە نەمانبیستووە ئەوا هیچ گومانم نیە، چونکە: ئێمە خاوەنی ماڵ و ئاژەڵ و کاروبازرگانی بووین، بەیانیان و ئێواران دەهاتینە لای پێغەمبەری خوا، بەڵام ئەبوهورەیرە کەسێکی هەژار و دەستکورت بوو، میوانی دەرگای پێغەمبەری خوابوو، دەستی لەگەڵ دەستیدابوو، گومانمان لەوەدا نیە کە ئەو زیاتر لە ئێمە گوێبیستی پێغەمبەر

بوو، وە ئێمە هیچ کەسێك شك نابەین کە خێری تێدابێت و بەدەم پێغەمبەری خواوە شتانێك باس بکات کە ئەو نەیفەرمووبێت[1].

لە ریوایەتێکدا هاتووە کە تەڵحە ووتویەتی: ئێمەش وەکو ئەبوهورەیرە دەمانبیست، بەڵام ئەو لەبەری کرد و پاراستی و ئێمەش لەبیرمان چوویەوە[2].

ئەشعەسی کوری سلیم لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: لە ئەبوئەیوبی ئەنصاریەوە بیستم کە فەرموودەی لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕایەوە، پێیان ووت: تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت ﷺ و کەچی لە ئەبوهورەیرەوە فەرموودە دەگێڕیتەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: ئەوەی ئەبوهورەیرە بیستوویەتی ئێمە نەمان بیستووە، وە من ئەگەر لە ئەبوهورەیرەوە فەرموودە بگێڕمەوە پێم خۆشترە لەوەی لە پێغەمبەری خواوە بیگێڕمەوەو لێیشیەوە نەمبیستبێت[3].

پاشان هۆکارێکی تر هەبوو کە وای کردبوو ئەبوهورەیرە ئەو ژمارە زۆرەی فەرموودە لەلای کۆببێتەوە وبیزانێت بەبەراورد لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، ئەویش

---

[1] سير أعلام النبلاء, ٢/٤٣٦. البداية والنهاية, ٨/١٠٩.

[2] : فتح الباري, ج٨, ص: ٧٧.

[3] : سير أعلام النبلاء, ٢/٤٣٦. البداية والنهاية, ٨/١٠٩.

بریتی بوو لە بوێری ئەبوهورەیرە و ئازایەتی لە پرسیارکردندا لە پێغەمبەری خوا ﷺ . بۆیە هەر دوودڵی و ناڕوونیەکی لا دروست بووایە هیچ کات دوای نەدەخست و پرسیاری دەکرد لەبارەیەوە، وەکو ئوبەی کوڕی کەعب ﷺ دەڵێت: ئەبوهورەیرە بوێر بوو بۆ پرسیارکردن لە پێغەمبەری خوا کە ئێمە ئەو پرسیارانەمان نەدەکرد.

هەروەها لەپاش وەفاتی پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەبوهورەیرە هەمیشە هەڵوەدای زانست و زانیاری بوو بەشێوەیەك کە لەگەڵ هاوەڵاندا دادەنیشت و پرسیاری لێیان دەکرد و ئەوانیش پرسیاریان لێی دەکرد، هەروەها ئەگەر بیبیستایە کەسێك هەیە زانست و زانینی لایە ئەوا خۆی دەگەیاندە پێی و دەچوو بۆ لای، بۆ نموونە: جارێکیان چوو بۆ لای کۆمەڵێك و پرسیاری کەعبی ئەحباری[1] لێ کردن و کەعبیش لەناو ئەو مەجلیسەدابوو، کەعب بە ئەبوهورەیرەی ووت: چیت لە کەعب دەوێت؟ لەوەڵامدا ووتی: نازانم کەسێك

---

[1] : كعب بن ماتع الحميري اليماني: کەسێکی جولەکە بوو, لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمان بوو, لە سەردەمی پێشەوا عومەردا لە یەمەنەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە, و لەگەڵ هاوەڵاندا دادەنیشت و سەبارەت بە کتێبە ئیسرائیلیەکان هەواڵ و زانیاری دەدانێ, و سونەت و فەرموودەی لە هاوەڵانیشەوە گێڕاوەتەوە و ئیسلامەتی و دینداریەکی باشی هەبوو لە زانا بەرێز و بەناوبانگەکانە. لە ساڵی ٣٢ ی کۆچی وەفاتی کرد.

هەبێت لەنێو هاوەڵاندا بە ئەندازەی من فەرموودەی لابێت، کەعبیش ووتی: هیچ کەسێك نیە کە بەدوای دەستکەوتنی شتێکدا بگەڕێت ئیلا هەر ڕۆژێك دێت کە دەبینی لێی تێربووەو بێ پێویست بووە مەگەر دوو جۆر کەس نەبێت، ئەوانیش: یان فێرخوازی زانست یان کەسی دونیاویست. ئەبوهورەیرەش وتی: ئایا تـۆ کەعبی؟ لەوەڵامدا وتی: بەڵێ، ئەبوهورەیرەش ووتی: بۆ ئەمە هاتم بۆ لات[1].

وە ئەبوهورەیرە لە پاش ئەوەی کە گەیشت بە کەعب و پرسیاری لێ دەکرد و قسەی لەگەڵدا دەکرد، کەعب دەیووت: هیچ کەسم نەبینیوە کە تەوراتی نەخوێندبێتەوەو زاناتر بێت تێیدا لە ئەبوهورەیرە[2].

ئەبوهورەیرە کەسێك بوو زانستێکی زۆری لابوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودە و هەمیشە قسەی دەکرد بۆ قوتابی و هاوەڵەکانی، و لەگەڵ ئەوەشدا دەیووت: ئەبوهورەیرە تورەکەی زانستی لایە کە هێشتا نەیکردۆتەوە[3].

---

[1] : طبقات ابن سعد ٤: ٥٧/٢. و سنن الدارمي: ٨٦/١.

[2] : سير أعلام النبلاء: ٤٣٢/٢.

[3] : المرجع السابق.

وە هەروەها دەیوت: من لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دوو دەفری پـڕ لە زانستم وەرگرتووە، یەکێکیانم بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەوەکەی تریان ئەگەر بڵاوی بکەمەوە ئەوا لەم گەردنەم دەدرێت و سەرم دەپەڕێنرێت[١].

ئەبوهورەیرە دەیوت: ئەگەر هەموو ئەوەی دەیزانم پێتانی بڵێم ئەوا خەڵکی تۆمەتبارم دەکەن بە درۆزن و دەڵێـن ئەبوهورەیرە شێت بووە. یەکێك لە گێڕەرەوەکانی ئەم قسەیە کە ناوی (حسن)ە دەڵێت: سوێند بە خوا ڕاست دەڵێت، چونکە ئەگەر هەواڵی ئەوە بدات کە ڕۆژێك دێت کەعبەیماڵی خودا دەڕوخێنرێت و دەسوتێنرێت خەڵکی باوەڕیان پێی نەدەکرد.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە ئەبوهورەیرە دەڵێت: خەڵکی دەڵێن ئەبوهورەیرە زۆر فەرموودە دەگێڕێتەوە، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر هەموو ئەوەی لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە بۆتانی بگێڕمەوە، ئەوا فڕێم دەدەنە سەر زبڵدان و سەیریشم ناکەن[٢].

لەو نووسینانەی پێشووەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەبوهورەیرە یەك بەشی لەو زانستەی کە وەری گرتبوو بڵاوی کردەوەو گەیاندی بە خەڵکی و

---

[١] : فتح الباري: ٢٢٧/١. سير أعلام النبلاء: ٤٣٠/٢. البداية والنهاية: ١٠٥/٨. وغيرهم.

[٢] : طبقات ابن سعد, ج٤ ص: ٥٧.

بەشەکەی تری نەگەیاند، لەترسی ئەوەی خەڵکی بەدرۆی نەخەنەوەو باوەڕی پێ نەکەن، یاخود بەشێت و درۆزن لێی تێبگەن و لەقەڵەمی بدەن. بەڵام پرسیارێك لێرەدا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێت ئەو زانستەی کە ئەبوهورەیرە شاردبێتیەوەو نەیگەیاندووە چی بووە؟ ئایا ئەکرێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوی تایبەت کردبێت بە زانستێك؟ یاخود ئەگونجێت پێغەمبەری خوا ئەوی تایبەت کردبێت بە فێربوونی چەند حوکم و ئادابێکەوە؟ ئەمەش دوورە لە ئاکاری پێغەمبەرێتیەوە لە ڕووی گەیاندنی پەیامی خواییەوە، چونکە خوای گەورە پێی فەرمووە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧ ﴾ { المائدة } . یاخود ئەشێ پێغەمبەری خوا ئەوی تایبەت کردبێت بە چەند ئاداب و ئەخلاقێکەوە و جگە لەوی بێبەش کردبێت؟ ئەمەش هەر جێگەی قبول نیە، چونکە پێغەمبەری خوا بۆ تەواوکردنی ئاکارو ڕەوشتە جوانەکان نێردراوە کە بیگەیەنێت بە هەموو خەڵکی، ئەمەش پێچەوانەی ئەو مەبەست و ئامانجەیە کەبۆی ڕەوانەکراوە. بۆیە لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو بەشەی کە ئەبوهورەیرەی پێ تایبەت کراوەو نەیگەیاندووە پێك دێت لەهەندێك لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی و چەند ڕووداو

فیتنەو ئاژاوەیەك كە بەسەر ئوممەتدا دێت و هاتنە سەرتەختی کاربەدەستانی خراپ و ناشایستە، هەربۆیە ئەبوهورەیرە هەندێك جار ئاماژەی بۆ ئەو ڕووداوانە دەكرد بەبێ ئەوەی بەڕاشکاوی باسیان بكات لەبەر مەترسی لەسەر خۆی، وەکو دەیووت: پەنا دەگرم بە خوا لە سەرەتای ساڵی شەست و کاربەدەستی منداڵ و کەم تەمەن "[1] وە یاخود دەیووت: " هاوار بۆ عەرەب لەشەڕ و خراپەیەك كە نزیك بۆتەوە"[2] یان هەندێك جار دوعای دەکرد و دەیووت: " پەروەردگارا نەمگەیەنیتە ساڵی شەست "[3].

ئەبوهورەیرە زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەشێوازێك قسە بۆ خەڵكی بكات كە لێی تێبگەن و تووشی فیتنە نەبن بەهۆی هەڵە تێگەیشتنیانەوە لێی، بۆ ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی بەدرۆ نەخرێنەوە، بەهۆی قسەیەکەوە کە لە ئاستی تێگەیشتنیاندا نەبێت و تەصەوری نەکەن، چونکە ووتنی ئەو جۆرە قسانە بۆ خەڵکانێك سەری لە فیتنەو ئاژاوەوە دەردەچێت و لەبری چاکە تووشی خراپە دەبن، وەکو پێشەوا بوخاری لە عەلیەوە رضي الله عنه

[1] :٧: أنظر فتح الباري, ج١ ص: ٢٢٧. وسير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٣٠. وغيرهم.

١١٩-البداية والنهاية , جزء ٨, صفحة : ١٢٠

[3] : ترتيب الثقات لإبن حبان, ج٣, ص: ١٧١.

دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: " حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُحِبُّونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ ".

بەڵێ کەس لەنێو هاوەڵاندا وێنەی ئەبوهورەیرە نەبوو لە زۆری فەرموودەدا، بەڵام ئەو زۆر وریابوو وە هەروەها شتێکی دەگێڕایەوە کە سوودی خەڵکی تێدابووایە و لێی تێبگەن، بۆیە دەترسا لەوەی خەڵکی شتێك بڵێن و بیگێڕنەوە کە ئەم نەیووتبێت، یاخود لێکدانەوەی هەڵە و نەشیاو بۆ قسەکانی بکرێت ولە جێی خۆی دانەنرێت، هەربۆیە ئەبوهورەیرە ڕێگەی نەدا و نەیهێشت مەروانی کوڕی حەکەم فەرموودەی بنووسێتەوە و بە مەروانی ووت: چۆن دەیگێڕینەوە تۆش ئاوها بیگێڕەرەوە، بەڵام دواتر مەروانی لە فرسەتێکدا بەبێ ئاگایی ئەبوهورەیرە نووسەرێکی هێناو لەکاتی گێڕانەوەی فەرموودەدا نووسەرەکە دەینووسیەوە، هەتا ئەبوهورەیرە فەرموودەکەی تەواودەکرد، پاشان مەروان ووتی: ئایا دەزانی ئێمە هەموو ئەو فەرموودەیەی کە گێڕاتەوە نووسیمانەوە؟ ئەویش ووتی: ئایا ئەو کارەت کرد؟ ووتی: بەڵێ، ووتی: دەی بیخوێننەوە بۆم، ئەوانیش خوێندیانەوە بۆی، ئەبوهورەیرەش

ووتی: ئێوە نووسیتانەوە ئەوەی من وتبوم، ئەگەر گوێڕایەڵیم دەکەن بیسڕنەوە، (گێڕەرەوەی ئەم باسە دەڵێت هەمووی سڕیەوە )[1].

ئەمە جگە لەوەی کە ئەبوهورەیرە خاوەنی حیفز و مێشکێکی چاك و بەهێزبوو لەلەبەرکردنی فەرموودەکان و زیاد و کەم نەکردن بۆیان، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەشدابوو کە ئەوەی لەبەری کردووە و وەری گرتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دووبارەی بکاتەوەو پێداچوونەوەی بکات بۆ ئەوەی زیاتر لە مێشکیدا وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بەردەوام بەشەو و ڕۆژ دووبارەی دەکردەوە لە مزگەوت و بەدەم ڕێگاوە ولەماڵەوە، چونکە ئەوەی وەکو بەشێك لە پەرستش دادەنا، وە هەروەها دەیووت: من شەوم کردووە بە سێ بەشەوە: سێ یەکی نوێژ دەکەم، سێ یەکی دەخەوم، سێ یەکەکەی تری فەرموودەکانی پێغەمبەری خواﷺ دووبارە دەکەمەوە[2].

ئەم هەوڵەی ئەبوهورەیرە بێگومان هۆکارێکی ترە بۆ سابت بوون و جێگیربوونی فەرموودەکان لە سنگ و هۆشی ئەبوهورەیرەدا وەکو خۆی، ئەم شێوازە لەهەوڵ وتێکۆشان بریتیە لە سروشتی ئەو کەسانەی کە تینووی

---

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٣١.

[2] : الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع, ص: ١٨٠. وانظر سنن الدارمي, ج١, ص:٨٢.

زانست و زانیارین و فێرخوازی عیلمن، چ جای کەسێکی وەکو ئەبوهورەیرە کە پەرۆشی و سووربونی بۆ فەرمووده دەزانین چەندە و چەند حەزی بە وەرگرتن و گێڕانەوەی فەرمووده بووە. بەهێزی مێشك و بیـری ئەبوهورەیرە لە ژیانیدا ناسراوبوو کە چەند درەنگ شتی لەبیرچۆتەوە، بۆ نموونە: جارێکیان دەگات بە پیاوێك و لێی دەپرسێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دوێنێ لە نوێژی عیشادا چ سورەتێکی خوێند؟ پیاوەکەش ووتی: نـازانم، ئەبوهورەیرە ووتی: ئایا لەوێ نەبووی؟ ووتی: بەڵێ، ئەبوهورەیرەش ووتی: من دەزانم چی خوێند ئەو سورەتەو ئەو سورەتەی خوێند[١]. هەربۆیە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و ئەهلی عیلم ئەو شاهێدیەیان بۆ داوە کە مێشکی چەند بەهێزبووە لەو بارەیەوە.

ئەمە لەگەڵ ئەوەی وەکو پێشتر باسمان کرد زۆریش سووربوە لەسەر ئەوەی کە هەم خۆی و هەمیش خەڵکی شتێك نەڵێن بەدەم پێغەمبەری خواوەو ئەو نەیووتبێت، بۆیە هەمیشە خەڵکی وریا دەکردەوە و ئەو ڕاستیەی وەبیریان دەهێنایەوە کە قسەووتن بەدەم پێغەمبەری خواوە چەند مەترسیدارە. بۆیە جاری وا هەبووە بەناو بازاڕدا دەگەڕاو دەیووت: " ئەی

---

[١] : ابن عساكر, ج٤٧, ص: ٤٨٩.

خەڵکینە... ئەوەی من دەناسێت، ئەوا من ئەو کەسەم کە دەمناسن، ئەوەشی نامناسێت، ئەوا من ئەبوهورەیرەم، گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: " مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ "[1] واتە: ئەوەی بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با جێگایەك لە ناو ئـاگر دانێت ودیاری بکات بۆ خـۆی.

## ➢ پێـــداچـوونەوەیەك بە ژمارەی فەرموودەکانی ئەبوهورەیرەدا

من لەم ناونیشانەدا مەبەستم دۆزینەوە و زانینی ئەو ڕاستیەیە کە ئایا ئەبوهورەیرە چەند فەرموودەی گێڕاوەتەوەو ئایا ئەشێ تەنها یەك هاوەڵ ئەو ژمارە زۆرە فەرموودە بگێڕێتەوە بەبێ زیاد و کەم و وەکو خۆی؟! یاخود ئایا ئەو فەرموودانەی کە ئەبوهورەیرە گێڕاویەتیەوە هیچ کام لە هاوەڵان هەمان فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە بەسەنەدی خۆیان جیا لە ئەبوهورەیرە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش پشتم بە تـوێژینەوەیەك بەستووە کە بانگخواز و نووسەرێکی وەکو " إيهاب بن فتحى عاشور " ئەنجامی داوە بە یارمەتی هەندێك کەس و دۆستی تر و بەبەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی کۆمپیوتەر و ئامرازی تریش. وە من نووسینی ئەو نووسەرە

---

[1] : ابن عساكر, ج٤٧, ص: ٤٨٩. والحديث في صحيح مسلم وغيره.

وەکو خۆی دەگێڕمەوەو تۆمار دەکەم بەڵام بە کوردی چونکە خۆی لە بنچینەدا بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی لە کتێبی " عـذراً... أبـا هـريـرة " لەلاپەڕە (٨٧–٩٠) دا.

" ئەگەر بێتو ژمارەی ڕۆژەکانی هاوەڵێتی کردنی ئەبوهورەیرە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بژمێرین، دەبینین دەکاتە زیاتر لە هەزار و چوارسەد و شەست ڕۆژ، و پاشان ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویەتیەوە دابەشی بکەین بەسەر ئەو ڕۆژانەدا ئەوا هەموو ڕۆژێك سێ فەرموودەو نیوی بەردەکەوێت، واتە هەموو ڕۆژێك نزیکەی سێ فەرموودەو نیوی گێڕاوەتەوە، وە هەموو سەد ڕۆژێك سێ سەد و شەست وحەوت فەرموودە دەکات، واتە بەبیست وحەوت ڕۆژ سەد فەرموودەی لەبەر کردووە.

جا ئایا ئەمە شتێکی نامۆیە بۆ کەسێکی وەکو ئەبوهورەیرە کە بە ڕۆژێك چوار فەرموودە لەبەر بکات، پاش ئەوەی زانیمان کە پێغەمبەری خوا جلەکانی لەسەر سنگی کۆکردەوە بۆ ئەوەی شتی لەبیرنەچێتەوەو، بینیمان کە چەند سووربوە لەسەر فێربوونی فەرموودەو خۆی تەرخان کردووبو بۆ ئەو بوارەو لێبڕاوبوو بۆی و لەو پێناوەدا چەند تووشی برسێتی و نەهامەتی

هات کەچی هەرپەرۆش بوو بۆ ئەو بوارە، و جگە لەوەش خۆی چەند لە خەمیدابووە کە دووبارەی کردۆتەوە بەشەو و بەرۆژ.

جا کاتێك خۆم هەستام بە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە یارمەتی دەستەیەکی پسپۆر و بەبەکارهێنانی بەرنامەیەکی خودکار ( ئالی) چەندین ڕاستی گرنگمان بۆ دەرکەوت سەبارەت بە ریوایەتەکانی ئەبوهورەیرە، جا کاتێك بەشوێن ریوایەتەکانیدا چووین و گەڕاین بینیمان زیاتر لە هەشت سەد هاوەڵ و تابعی فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە، و هەموویشیان متمانە پێکراون، بەڵام بابەتە بنەڕەتیەکە کە سوودمان پێ دەگەیەنێت لەبەکارهێنانی ئەم پرۆگرامەدا ئەوەیە کاتێك کە ئەم فەرموودانەی کە گێڕراوەتەوە خستمانە نێو شەش کتێبەکەی[1] فەرموودەوە بینیمان کە فەرموودەکانی ئەبوهورەیرە دەگاتە پێنج هەزار و سێ سەد و حەفتا و چوار فەرموودە، پاشان بەیارمەتی ئەو

---

[1] : مەبەست لە شەش کتێبەکەی فەرموودە ئەمانەن:

صحيح البخاري وقد جمعه الإمام البخاري ، المتوفى سنة ٢٥٦هـ.

وصحيح مسلم وقد جمعه الإمام مسلم ، المتوفى سنة ٢٦١هـ.

وسنن أبي داود وقد جمعها الإمام أبو داود ، المتوفى سنة ٢٧٥هـ.

وسنن الترمذي ، وقد جمعها الإمام الترمذي ، المتوفى سنة ٢٧٩هـ.

وسنن النسائي ، وقد جمعها الإمام النسائي ، المتوفى سنة ٣٠٣هـ .

وسنن ابن ماجه ، وقد جمعها الإمام ابن ماجه ، المتوفى سنة ٢٧٣هـ.

ئامێرە گەڕاین بۆ فەرموودە دووبارەبووەوەکان بۆمان دەرکەوت کە فەرموودە دووبارەبووەوەکان بریتین لە چوارهەزار و حەفتا و چوار فەرموودەن، بەم شێوەیە هەزار و سێ سەد فەرموودە مایەوە کە دووبارە نـین، پاشان زیاتر بەدواداچوونمان کرد بینیمان ژمارەیەك لە هاوەڵان هەمان فەرموودەیان گێڕاوەتەوە جگە لە ڕێگەی ئەبوهورەیرەوە (واتە بەسەنەدی تر) ئەمە لە لایەك، دوای ئەوە هەستاین بە لابردنی ئەو فەرموودانەی کە بەڕێگەی تر گێڕراونەتەوە جگە لە ئەبوهورەیرە لەو شەش کتێبەی فەرموودە، بینیمان ئەو فەرموودانەی کە ئەبوهورەیرە بەتەنها خۆی ریوایەتیانی کردووە و هیچ یەکێك لە هاوەڵان نەیانگێڕاوەتەوە کەمترە لە دە فەرموودە ! !

ئا لەمەوە ئەمانەتپارێزی و ڕاستگۆیی ئەبوهورەیرە دەردەکەوێت لە گێڕانەوەی فەرموودەدا و ئەستۆپاکی ئەو ئاشکرا دەبێت لەو تۆمەتانەی کە ڕووبەڕوی دەبنەوە.

پاشان خوا ویستی وابوو کە ئێمە زیاتر گەڕان و بەدواداچوون بکەین بۆ فەرموودەکانی ئەبوهورەیرە و بەوهۆیەوە لەشەش کتێبەکەی فەرموودەوە

چووین بۆ نـۆ کتێبەکەی فەرموودە[1] و بینیمان ئەو فەرموودانەی کە دراونەتە پاڵ ئەبوهورەیرە بریتین لە هەشت هەزار و نۆسەد و شەست فەرموودە، لەو ژمارەیە هەشت هەزار و پێنج سەد و دە فەرموودە بەسەنەدی (متصل)[2] لێیەوە هاتوون و چوارسەد و پەنجاکەی تریش بەسەنەدی ( منقطع )[3] هاتوون، وە دوای وردبینی گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو فەرموودەکانی ئەبوهورەیرە لەو نۆکتێبەی فەرموودەدا لە پاش لابردنی دووبارەبووەوەکان بریتیە لە هەزار و چوارسەد و حەفتا و پێنج فەرموودە،

---

[1] : مەبەست لە نـۆ کتێبەکەی فەرموودە ئەمانەن:

-صحيح البخاري وقد جمعه الإمام البخاري ، المتوفى سنة ٢٥٦هـ.

-وصحيح مسلم وقد جمعه الإمام مسلم ، المتوفى سنة ٢٦١هـ.

-وسنن أبي داود وقد جمعها الإمام أبو داود ، المتوفى سنة ٢٧٥هـ.

-وسنن الترمذي ، وقد جمعها الإمام الترمذي ، المتوفى سنة ٢٧٩هـ.

-وسنن النسائي ، وقد جمعها الإمام النسائي ، المتوفى سنة ٣٠٣هـ .

-وسنن ابن ماجه ، وقد جمعها الإمام ابن ماجه ، المتوفى سنة ٢٧٣هـ.

-ومسند أحمد ، وقد جمعه الإمام أحمد ، المتوفى سنة ٢٤١هـ.

-وموطأ مالك ، وقد جمعه الإمام مالك ، المتوفى سنة ١٧٩هـ.

-وسنن الدارمي ، وقد جمعها الإمام الدارمي ، المتوفى سنة ٢٥٥هـ.

[2] : المتـصل : هو الذي اتصل إسناده فكان كل واحد من رواته قد سمعه ممن فوقه حتى ينتهي إلى منتهاه.

[3] : المنقطع : ما حذف من أثناء سنده راوٍ واحد، أو راويان فأكثر لا على التوالي.

کە لەگەڵیدا ژمارەیەك هاوەڵ بەشدارن لە گێڕانەوەیاندا، وە پاش لابردنی ئەو فەرموودانەی کە لەڕێگەی هاوەڵی ترەوە گێڕراونەتەوە گەیشتینە دەرئەنجامێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە فەرموودەکانی ئەبوهورەیرە لەگەڵ دووبارەبوەوەکانیش لەنۆ کتێبەکەی فەرموودە بریتیە لە دووسەد و پەنجا و سێ فەرموودە، پاشان ئەو فەرموودانەی کە تەنها ئەبوهورەیرە گێڕاویەتیەوە و بەبێ دووبارەبوەوەکان لەو نۆ کتێبەدا بریتیە لە چل و دوو فەرموودە !! وە بەردەوامیشین لە گەڕان و توێژینەوە لەو بوارەدا، بەڵام ئەم ڕاستیانە هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەداتەوە کە دراونەتە پاڵ ئەبوهورەیرەو ئەوی پێ لەکەدار دەکرێ بەوەی فەرموودەی زۆری بێ شوماری گێڕاوەتەوە گوایە خۆی بەتەنها هەشت هەزار فەرموودەی گێڕاوەتەوە ".

## ➢ ئەبـــوهورەیرە و قـــورئـــان

گومانی تێدا نیە کە ئەبوهورەیرە قورئانی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەبیست هەروەکو چۆن فەرموودەی لێیەوە دەبیست، وە لە زۆر کاتەکانیدا دەیخوێندەوە بەتایبەت لە شەودا کە سێ یەکی شەوی بە نـوێژ زیندوودەکردەوە. ئەبوهورەیرە قورئانی دەخوێندە سەر هاوەڵی بەڕێز ئوبەی کوڕی کەعبدا ﷺ کە گەورەی قورئان خوێنەکانە، و لەمیشەوە أعرج و أبوجعفر و کۆمەڵێکی تر قورئانیان وەرگرتووە[١].

ئەبوهورەیرە شەیخی مامۆستاکانی نـافع بووە، کە خاوەنی قیرائەیەکی سەربەخۆ و بەناوبانگە. وەکو ابن حزم رحمه الله دەڵێت: ئەهلی مەدینە شێوازێکی قورئان خوێندنی ناسراویان هەیە کە ئەویش نافعی کوڕی ابن نعیمە، و لە ساڵی سەد و شەست ونـۆ وەفاتی کردووە، کە ئەویش لای یزیدی کوڕی قعقاع و عبدالرحمنی کوڕی هرمزی أعرج و مسلمی کوڕی جندب و یزیدی کوڕی رومان و شیبەی کوڕی نصاح خوێندوویەتی و هەموو ئەمانەش

---

[١] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٩- ٤٥٠.

قورئانیان لە ئەبوهورەیرە وابن عباس و عبدالله ی کوڕی عباسی کوڕی أبی ربیعەی مخزومی وەرگرتووە، ئەمانیش لە أبی کوڕی کەعبەوە رضي الله عنهم[1].

سلیمانی کوڕی مسلمی کوڕی جماز دەڵێت: گوێم لێ بوو أبا جعفر باسی

قورئان خوێندنی ئەبوهورەیرەی بۆ دەکردین لە خوێندنی سورەتی : ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ﴾ بەدڵتەنگیەوە دەیخوێند وەکو لاوانەوە[2].

پێشەوا زەهەبی بەڕەحمەت بێت دەڵێت: لە گبقات القریٚو و تژکرە الحفاۋ دا ناوی ئەبوهورەیرەم هێناوە، وە ئەو خاوەن زانست و پێشەوایە لە قورئان وسوننەت وفیقهدا[3].

پێشەوا مالك لە أبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمنەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوهورەیرە ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ﴾ ی بۆیان خوێندۆتەوە و سوجدەی تێدابردووە،

[1] : جوامع السيرة, ص: ٢٦٩.

[2] : سير أعلام النبلاء: ج٢, ص: ٤٥١.

[3] : المرجع السابق: ج٢, ص: ٤٤٩.

و کاتێکیش تەواوی کردووە پێیانی ووتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوجدەی تێدا بردووە.[1]

ئەبوهورەیرە هەمیشە هانی هاوەڵانی وقوتابیەکانی دەدا بۆ خوێندنی قورئان و فێربوونی و پێیانی دەووت: ماڵ فراوان دەبێت بۆ ئەهلەکەی و فریشتەش ئامادەدەبێت و شەیتانەکانیش دووردەکەونەوە و خێرو بەرەکەتی زۆر دەبێت کە قورئانی تێدا بخوێنرێت، وە ماڵ بەرتەسك دەبێتەوە لەسەر ئەهلەکەی و فریشتەکان لێی دووردەکەونەوە و شەیتانەکان ئامادەی دەبن و خێری کەم دەبێتەوە ئەگەر قورئانی تێدا نەخوێنرێت[2].

## ئەبوهورەیرە و فەتوا

ئەبوهورەیرە بەتەنها گێڕەرەوەی فەرموودە نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لە زانا دیارەکانی بواری زانستی قورئان و سوننەت وإجتهاد لە سەردەمی خۆیدا، چونکە پەیوەست بوون و هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە تێبگات لە دین و شێوازی کردارکردن بە سوننەت

---

[1] : تنوير الحوالك شرح موطأ مالك ١/ ٢١٠.

[2] : رواه الدارمي في سننه – رقم: ٣٣٠٩. ونقلته في كتاب: الصحابة وجهودهم في تعليم القرآن الكريم و العناية به للدكتور: أنس أحمد كرزون. ص: ٣٧٦.

بەشێوەی کردارەکی بەچاوی خۆی ببینێت و خۆی ئاوێتەی بارودۆخەکان بوو هەم لە چۆنێتی جێ بەجێ کردنی سوننەتدا و هەمیش لە چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و شێوازی ڕەفتاری پێغەمبەر لەو بوارانەدا، هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانە ئەبوهورەیرەیان پێگەیاند کە ئامادە بێت بۆ فەتواو ڕێگەڕۆشنکردنەوە بۆ خەڵکی، و ئەوەبوو بۆ ماوەی نزیکەی بیست و ئەوەندە ساڵ فەتوای بۆ موسڵمانان دا و چارەسەری کێشەکانی کردبۆیان، لەکاتێکدا هاوەڵانیش لە ژیاندا بوون لەو کاتەدا.

زیادی کوڕی مینا دەڵێت: ابن عباس و ابن عمر و أبو سعید وأبوهریرە و جابر لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە مەدینە فەتوایان دەدا و فەرموودەیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕایەوە هەر لەکاتی وەفاتی پێشەوا عوسمانەوە ﷺ تا خۆیان وەفاتیان کرد، وە ئەو پێنج کەسە فەتوایان دەدا و خەڵکی دەگەڕایەوە بۆ لایان[١].

جارێکیان کۆمەڵە کەسێك کە لە ئیحرامدا بوون پرسیاریان لە ئەبوهورەیرە کرد سەبارەت بە کەسانێك لە ئیحرامدا نین و نێچیرێکیان پێشکەش بەمان کردووە، کە ئایا لێی بخۆن یان نا؟ ئەویش ووتی: لێی بخۆن، پاشان گەیشت

[١] : تاريخ الإسلام, ج٢, ص: ٣٣٧. وسير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٣٧.

بە عومەری کوڕی خەتاب و ئەو باسەی بۆ گێڕایەوە، و عومەریش ووتی: ئەگەر بەو شێوەیە فەتوات بۆیان نەدایە ئەوا سزاتم دەدا[1].

هاوەڵان و زانایان لەدوای ئەوانیش کاریان بە فەرموودەکانی ئەبوهورەیرە کردووە ئەگەرچی پێچەوانەی قیاسیش بێت، وەکو چۆن هەموویان کاریان بەو فەرموودەیەی ئەبوهورەیرە کردووە کەلە پێغەمبەری خواوە دەیگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: " لَا تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى عَمَّتِهَا، وَلَا عَلَى خَالَتِهَا "[2].

هەروەها أبو حنيفە و شافعی و جگە لەوانیش کاریان بەو فەرموودەیەی کردووە کە دەفەرموێت:

" مَنْ أَكَلَ نَاسِيًا، وَهُوَ صَائِمٌ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ، فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَقَاهُ "[3] هەرچەندە پێچەوانەی قیاسە.

هەروەها پێشەوا مالك کاری بەو فەرموودەیەی کردووە کە دەیگێڕێتەوە: " إِذَا وَلَغَ الْكَلْبُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ فَلْيُرِقْهُ ثُمَّ لِيَغْسِلْهُ سَبْعَ مِرَارٍ "[1] لە کاتێکدا قیاس لای ئەو ئەوەیە کەلەو کاتەشدا ناشۆررێت لەبەر ئەوەی لە مەزهەبی ئەودا پاکە[2].

---

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٦.

[2] : صحيح مسلم, رقم: ١٤٠٨.

[3] : صحيح البخاري, ٦٦٦٩.

بەو شێوەیە ئەبوهورەیرە لە مەدینەدا دەرکەوت لەبواری فەتواو إجتهاددا، کە خەڵکی پرسیاریان لێ دەکرد وئەویش وەڵامی دەدانەوە و فەتوای بۆ دەدان، وە جاری وا هەبووە ئەویان کردووە بە شاهێد بەسەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەویش شاهێدی بۆ داون. بۆ نموونە جارێکیان عبدالرحمنی کوڕی عەوف گوێی لێ دەبێت کە حسانی کوڕی سابتی ئەنصاری ئەبوهورەیرە دەکاتە شاهێد و دەڵێت: ئەی أبا هريره سوێندت دەدەم بە خوا ئایا لە پێغەمبەری خوات بیستووە کە بڵێت: " يَا حَسَّانُ، أَجِبْ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، اللَّهُمَّ أَيِّدْهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ "[3] ئەویش دەڵێت: بەڵێ.

وە مەروانی کوڕی حەکەم پرسیار لە ئەبوهورەیرە دەکات سەبارەت بە نوێژی پێغەمبەری خوا لەسەر جنازە و ئەویش وەڵامی دەداتەوە[4].

---

[1] : صحيح مسلم, ٢٧٩.

[2] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٥.

[3] : صحيح البخاري, ٤٥٣.

[4] : مسند الإمام أحمد ص: ٢١٤, ج١٣, ص: ٧٤٧١.

هاوەڵان و تابعین و ئەهلی عیلم پلەوپایەی ئەبوهورەیرەیان زانیوە کە چەند بەرزە لە بواری زانست وفەرمووده و کردەوە کردن بە فەرموودەدا، هەربۆیە کردار و إجتهادی ئەویان بەبەڵگە داناوە.

بۆ نموونە : پێشەوا مالك لە نافعی مەولای ابن عومەرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئامادەی نوێژی هەردوو جەژنی قوربان و ڕەمەزان بووم لەگەڵ أبوهورەیرەدا، و لەڕکعاتی یەکەمدا وپێش خوێندنی فاتیحە حەوت تەکبیرەی دەکرد، و لە ڕکعاتی دووەمدا پێنج تەکبیرەی دەکرد پێش قورئان خوێندنەکە[1].

هەرلەم بارەیەوە پێشەوا مالك لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: سەعیدی کوڕی موسەیب ووتی: لەگەڵ أبوهورەیرەدا نوێژی جەنازەمان کرد لەسەر منداڵێك کە هەرگیز تاوانی نەکردبوو، گوێم لێ بوو أبوهورەیرە دەیووت: اللَّهُمَّ أَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ[2].

[1] : موطأ الإمام مالك, ج٢ , حديث ٩, ص: ١٨٠, وأخرجه أبوداود في كتاب الصلاة, باب : التكبير في العيدين.

[2] : صححه الألباني في مشكاة المصابيح رقم: ١٦٨٩ [٤٤].

هەروەها پێشەوا مالك پێی گەیشتووە کە پێشەوا عوسمانی کوڕی عففان و عبدالله ی کوڕی عومەر و أبوهورەیرە نوێژیان لەسەر جنازەی پیاو و ئافرەت کردووە لە مەدینەدا و جنازەی پیاویان بەدیوی ئیمامەکە داناوەو جنازەی ئافرەتیشیان بەدیوی قیبلەدا داناوە[1].

بەهۆی ئەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە أبوهورەیرە یەکێك بووە لە زانا هەرە گەورەکانی نێوهاوەڵان و قسە و کردار و فەتواکانی بەهەند وەرگیراوەو وەکو سەرچاوەیەك بووە کە زۆرجار بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی کارێك گەڕاونەتەوە بۆ لای ئەو. ئەوەش بێگومان لەبەر فراوانی زانستی و بتەوی و ڕێکی لە لەبەرکردنی فەرموودەدا و فەزڵ و پایە و لەخواترسانی ئەوە، وەکو نیشانەیەك مایەوە بۆ دوای خۆی کە سوود لە زانستەکەی وەرگیراوە. وە نەبێ أبوهورەیرە زۆر فەتوای دابێ و بەشێوەیەکی بێ شومار قسەی هەبێ لەسەر هەموو بابەتەکان بەڵکو بەشێوەیەکی مامناوەند فەتوای هەبووەو خۆی پاراستووە لەوەی زۆر فەتوا بدات و إجتهاد بکات، وەکو پێشەوا تقي الدين السبکي بەشێکی کۆکردۆتەوەو ناوی لێناوە: " فتاوى أبي هريـرة "[2].

---

[1] : موطأ الإمام مالك, ج١, حديث ٢٤, ص: ٢٣٠.

[2] : الأعلام , ج٤, ص: ٨١ حيث ذكر السبكي و مؤلفاته.

## ➢ ئەو هاوەڵانەی کە أبوهورەیرە فەرموودەی لێیانەوە گێڕاوەتەوە

**أبوهورەیرە فەرموودەی لە هەندێك لە هاوەڵانەوە گێڕاوەتەوە لەوانە:**

أبوبكر الصديق، و عمر بن الخطاب، والفضل بن عباس بن عبدالمطلب، وأُبَيّ بن كعب، وأُسامة بن زيد، و عائشة أُمّ المؤمنين، و بَصْرَةَ بْنَ أَبِي بَصْرَةَ.

## ➢ ئەو هاوەڵانەی کە فەرموودەیان لە أبوهورەیرەوە گێـڕاوەتەوە

ابن عباس، ابن عمر، أنس بن مالك، وَاثِلَةَ بْنِ الْأَسْقَعِ، جابر بن عبدالله الأنصاري و أبو أيوب الأنصاري[١].

---

[١] : الإصابة: ٢٠١/٧, وتهذيب التهذيب: ٢٦٣/١٢.

## ➢ نـــاوی هەندێك لەو تابعیانەی كە فەرمووده‌یان لە أبوهورەیرەوە گێڕاوەتەوە

إبراهيم بن إسماعيل، وإبراهيم بن عبد الله بن حنين، وإبراهيم بن عبد الله بن قارظ الزهري – ويقال: عبد الله بن إبراهيم – وإسحاق مولى زائدة، وأسود بن هلال، وأغر بن سليك، والأغر أبو مسلم، وأنس بن حكيم، وأوس بن خالد، وبُسر بن سعيد، وبشير بن نَهيك، وبشير بن كعب، وبعجة بن عبد الله الجُهيني، وبكير بن فيروز، وثابت بن عباس، وثابت بن قيس الرزقي، وثور بن غفير، وجبر بن عُبيدة، وجعفر بن عياض، وجمهان الأسلمي، والجلاس، والحارث. والحارث بن مخلد، وحريث بن قُبيصة، والحسن البصري، وحصين بن اللجلاج – ويقال: خالد. ويقال: قعقاع – وحصين بن مصعب، وحفص بن عامر بن عمر، وحفص بن عبد الله بن أنس، والحكم بن مينا، وحكيم بن سعد، وحميد بن عبد الرحمن الزُهري، وحميد بن عبد الرحمن، وحميد بن مالك، وحنظلة بن علي، وحيان بن بسطام والد سليم.

وخالد بن عبد الله، وخالد بن غلاق، وخباب صاحب المقصورة، وخلاس، وخيثمة بن عبد الرحمن.وذهيل بن عوف.وربيعة الجرشي، ورميح الجذامي.

وزرارة بن أوفى – ابن أبي أوفى–، وزفر بن صعصعة – بخلف – وزياد بن ثوب، وزياد بن رباح، وزياد بن قيس، وزياد الطائي، وزيد بن أسلم – مرسل – وزيد بن أبي عتاب.

وسالم العمري، وسالم بن أبي الجعد، وسالم أبو الغيث، وسالم مولى البصريين، وسُحيم الزهري، وسعد بن هشام، وسعيد بن الحارث، وسعيد بن أبي أبي الحسن، وسعيد بن حيان، وسعيد المقبري، وسعيد بن سمعان، وسعيد بن عمرو الأشدق، وسعيد بن مرجانة، وسعيد بن المسيب، وسعيد بن ابي هند، وسعيد بن يسار، وسليمان الأغر، وسلمة بن الأزرق، وسلمة الليثي، وسليمان بن حبيب المحاربي، وسليمان بن سنان، وسليمان بن يسار، وسنان بن أبي سنان.

وشتير – وقيل سمير بن نهار –، وشداد أبو عمار، وشريح بن هانئ، وشفيٌّ بن ماتع، وشقيق بن سلمة، وشهر بن حوشب، وصالح بن درهم، وصالح بن أبي صالح، وصالح مولى التوأمة، وصعصعة بن مالك، وصهيب العتواري.

والضحاك بن شرحبيل، والضحاك بن عبد الرحمن بن عرزم، وضمضم بن جوش، وطارق بن مخاشن ... وعامر بن سعد بن أبي وقاص، وعامر بن سعد البجلي، وعامر الشعبي ... وعبد الله بن عُتبة الهذلي، وعبد الله بن عمرو القاري، وعبد الله بن فروخ، ... وعبد الرحمن بن ابي عمرة، وعبد الرحمن بن غنم، وعبد الرحمن بن مهران مولى أبي

هريرة، وعبد الرحمن بن أبي نعيم البجلي، وعبد الرحمن بن هرمز الأعرج، وعبد العزيز بن مروان، وعبد الملك بن أبي بكر بن عبد الرحمن ... وعروة بن الزبير ... وعطاء بن أبي رباح، وعطاء بن أبي علقمة، وعطاء بن يسار ... وعمار بن أبي عمار مولى بني هاشم، وعمر بن الحكم بن رافع، وعمر بن خلدة قاضي المدينة، وعمر بن دينار ... وعنبسة بن سعيد بن العاص ... وعوف بن الحارث رضيع عائشة.

والقاسم بن محمد، وقُبيصة بن ذؤيب ... وكثير بن مرة، والمحرر بن أبي هريرة ...

محمد بن سيرين ... ومحمد بن كعب القرظي، ومحمد ابن مسلم الزُهري – ولم يلحقه – ومحمد بن المنكدر، ومروان بن الحكم، ومضارب بن حزن، ومكحول – ولم يره – ... وميمون بن مهران، ومينا مولى عبد الرحمن بن عوف، ونافع بن جُبير، ونافع بن عباس مولى أبي قتادة، وهمام بن منبه، الذي أملى عليه أبو هريرة صحيفته المشهورة ...ويحيى بن جعدة، ... ويحيى بن أبي صالح، ... ويزيد بن هرمز ... ويعلى بن مرة، ويوسف بن ماهك.وأبو إدريس الخولاني، وأبو إسحاق مولى بني هاشم، ... وأبو بكر بن عبد الرحمن، وأبو جعفر المدني – فإنْ كان الباقر فمرسل – ... وأبو رزين الأزدي، وأبو زرعة البجلي، وأبو سعيد المقبري، ... وأبو صالح السمان، ... وأبو عثمان النهدي، ... وأبو مدله مولى عائشة، وأبو يونس مولى أبي هريرة ... وابن مكرز – شامي –، وكريمة بنت الحسحاس، وأم الدرداء الصغرى.

ئەمانە و زۆرێکی تر لە تابعین کە لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە ناویان نانووسین، و فەرموودەکانیان لە شەش کتێبەکەی فەرموودەدا هاتووە هەیە[1].

قَالَ الْبُخَارِيُّ: " رَوَى عَنْهُ نَحْوٌ مِنْ ثَمَانِمِائَةِ رَجُلٍ أَوْ أَكْثَرُ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ، مِنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ" واتە: پێشەوا بوخاری دەڵێت: لە ئەبوهورەیرەوە نزیکەی هەشت سەد کەس فەرموودەی گێڕاوەتەوە یان زیاتر لە ئەهلی عیلم، لە هاوەڵان و تابعین[2].

## ➢ ژمارەی ئەو فەرموودانەی کە أبوهورەیرە گێڕاویەتیەوە

پێشتر ئاماژەمان پێکرد أبوهورەیرە ئەو هاوەڵەیە کە زۆرترین فەرموودەی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، ئەمەش شتێکی نامۆ و سەیر نیە لە پاش ئەوەی زانیمان أبوهورەیرە چەند پەیوەستی پێغەمبەری خوا بووەو چەند زانست وفێربوونی فەرموودەی حەزلێ بووە، وتا چ ڕادەیەك سووربووە لەسەر وەرگرتنی زانست وفێربوونی، و بە چ ڕادەیەکیش هەوڵ و تێکۆشانی کردووە بۆ پرسیارکردن لەشتێك کە نەیزانیوەو بوێربووە لەوبارەیەوە

---

[1] : انظر " سير أعلام النبلاء ": ص ٤١٨ – ٤٢٣، جـ ٢. و " تهذيب التهذيب ": ص ٢٦٣ – ٢٦٥، جـ ١٢. و " الإصابة ": ص ٢٠١ – ٢٠٢، جـ ٧.

[2] : انظر " تهذيب التهذيب ": ص ٢٦٥، جـ ١٢. و " البداية والنهاية ": ص ١٠٣، جـ ٨.

**چەندیش ئەوەی لەبەری کردووە دووبارەی کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە مێشکیدا بمێنێتەوە وەکو خۆی و پاشان بەبێ زیاد و کەم جێ بەجێی کردووە و بڵاویشی کردۆتەوە بەنێو ئوممەتداو لەهەر شوێنێك بۆی لوابێت و ڕەخسابێت، لە شام و عێراق و بەحرەین و حیجاز، بۆیە هەمیشە ئەم پیاوە شوێن و پێگەی بەرز و دیار بووە لەنێو هاوەڵان و شوێنکەوتووان و دوای ئەوانیش لەنێو ئەهلی عیلم و دیندا و جێگەی ڕێز و شکۆمەندی بووە.**

بۆیە فەرموودەکانی ئەم پیاوە فەرموودەناسانی ئوممەت ئەوەی زانیبێتیان گێڕاویانەتەوە، بۆیە کتێب و سەرچاوەیەك شك نابەیت لە جیهانی ئیسلامیدا هەر لە تەفسیر و فەرموودە و فیقهو بابەتی تریشدا ئیلا فەرموودەی أبوهورەیرەی تێدا باس کراوە. وە لە زۆربەی بابەکانی بواری فیقهیشدا فەرموودەی أبوهورەیرەی تێدایە و حوکمیان تێدا هەڵهێنجاوە وەکو : عقائد و عبادات و موعامەلات و جیهاد و ژیاننمانە و تەڵاق و نیکاح وئاداب و دعوات و رقائق و زیکر و ....

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە موسنەدەکەی خۆیدا سێ هەزار و هەشت سەد و چل و هەشت فەرموودەی أبوهورەیرەی گێڕاوەتەوە.

پێشەوا بقي بن مَخْلَدْ لە موسنەدەکەیدا پێنج هەزار و سێ سەد و حەفتا و چوار فەرموودەی أبوهورەیرەی گێڕاوەتەوە.

لە شەش کتێبەکەی فەرموودە و (موطأ) ی مالکدا دوو هەزار و دووسەد و هەژدە فەرموودەی أبوهورەیرەیان گێڕاوەتەوە.

وە لە هەردوو (صحیحین)دا واتە بوخاری و موسلیم شەشسەد و نـۆ فەرموودەی أبوهورەیرە هاتووە، وە ئەوەی کە هەردووکیان هاوڕا و موتەفیقن لەسەری سێ سەد و بیست و شەش فەرموودەیە، کە بوخاری بەتەنها خۆی نەوەد و سێ فەرموودەی هێناوە و موسلیمیش سەدو نەوەد فەرموودەی هێناوە[1].

وە هەروەها یەکێکی وەکو أبو یوسف یعقوبی کوڕی شیبە ی کوڕی الصلت السدوسی بەصری کەلە ساڵی ( ٢٦٢ هـ ) کۆچی دوایی کردووە موسنەدێکی گەورەی داناوە بەشێوەیەك کە موسنەدی لەوە چاکتر دانەنراوە بەڵام تەواوی

[1] : انظر " الرياض المستطابة ": ص ٧٠. و " شذرات الذهب ": ص ٦٣، جـ ١. وفي " سير أعلام النبلاء ": انفرد البخاري بثلاثة وتسعين، ومسلم بثمانية وتسعين، والصواب ما أثبتناه، وانظر " الفصل في الملل والأهواء والنحل " لابن حزم: ص ١٣٨، جـ ٤. وفي بعضها أنَّ الشيخين اتَّفقا على [٣٢٥] وانفرد مسلم بـ[١٨٩].

**نەکرد، وتراوە کۆپییەکی موسنەدی أبوهورەیرە تێیدا بینراوە لە وڵاتی میصر کە دووسەد بەش بووە[1].**

هەروەها زانایەکی وەکو أبو إسحاقی کوڕی إبراهیم العسکری کە لە ساڵی

**( ٢٨٢ ه ) کۆچی دوایی کردووە، فەرموودەکانی أبوهورەیرەی کۆکردۆتەوە لە موسنەدێکدا بەناوی** (مسند أبي هريرة ) ، **کە کۆپییەکی لە کۆگای کۆپرلی لە وڵاتی تورکیا هەیە[2].**

**هەروەها پێشەوا أبو القاسم سلیمانی کوڕی أحمد الطبراني ( ٢٦٠- ٣٦٠ ه) موسنەدی أبوهورەیرەی لە کتێبێکدا کۆکردۆتەوە[3].**

[1] : انظر " تذكرة الحفاظ ": ص ١٥٥، جـ ٢. الطبعة الثانية.

[2] : انظر " تاريخ الأدب العربي ": ص ١٥٤، جـ ٣.

[3] : انظر " تذكرة الحفاظ ": ص ١٢٦، ١٢٧، جـ ٣.

## ➢ ڕاستترین ڕێگەی گێڕانەوەی فەرمووده لە أبوهورەیرەوە

**پێشەوا ابن المدینی دەڵێت: ڕاستترین سەنەد بە شێوەیەکی ڕەها بریتیە لە :** حماد بن زيد عن أيوب عن محمد بن سيرين عن أبي هريرة[1].

**سلێمانی کوڕی داود دەڵێت:** أصح الأسانيد كلها يحيى بن أبي كثير عن أبي سلمة عن أبي هريرة[2].

وأصح ما يروى من الحديث عن أبي هريرة ما جاء عن:

الزُهري، عن سعيد بن المسيب، عن أبي هريرة.

أبي الزناد، عن الأعرج – عبد الرحمن بن هُرمُز – عن أبي هريرة.

ابن عون، وأيوب عن محمد بن سيرين، عن أبي هريرة[3].

**لەگەڵ ئەوانەی کە باس کران توێژینەوەیەکی شێخ أحمد محمد شاكریش باس دەکەین کە پێی وایە ئەم سەنەدانەش ڕاستترین گێڕانەوەن لە**

---

[1] : تدريب الراوي ": ص ٣٦، و " الكفاية ": ص ٣٩٨.

[2] : انظر " الكفاية ": ص ٣٩٨.

[3] : تدريب الراوي ": ص ٣٦. " سير أعلام النبلاء ": ص ٣٤٨، جـ ٢. و " توضيح الأفكار ": ص ٣٥، جـ ١.

**أبوهورەیرەوە لەبەر پایە و ڕاستگۆیی گێڕەرەوەکان و ستایشی زانایان بۆیان و جێگیربوونی پیشەوایەتیان لە زانستی فەرموودەدا، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

مالك عن الزهري عن سعيد بن المسيب عن أبي هريرة.

سفيان بن عيينة عن الزهري عن سعيد بن المسيب عن أبي هريرة.

معمر عن الزهري عن سعيد بن المسيب عن أبي هريرة.

حماد بن زيد عن أيوب عن محمد بن سيرين عن أبي هريرة.

إسماعيل بن أبي حكيم عن عبيدة بن سفيان الحضرمي عن أبي هريرة.

معمر عن همام بن منبه عن أبي هريرة[١].

---

[١] : مسند الإمام أحمد ": ص ١٤٩ – ١٥٠، جـ ١ ...

## ➢ وەصف و ستایشی أبوهــورەیــرە

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " ئەی ئەبوهورەیرە، خۆم گومانی ئەوەم برد کە کەس پێش تۆ پرسیاری ئەوەم لێ ناکات، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەتبینم زۆر سووری لەسەر فەرموودە، بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە ڕۆژی دواییدا کەسێکە کە لەناخی دڵیەوە بە پاکی بڵێت: لا إلهَ إلاّ الله "[1].**

**ئەبوهورەیرە دەڵێت: هیچ یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئەوەندەی من فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە نەگێڕاوەتەوە، جگە لە عبدالله ی کوڕی عەمر نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو دەینووسی و من نەمدەنووسی[2].**

أبو هورەیرەوە دەڵێت:

فەرموودەکانی من گەیشتە پێشەوا عـومـەر رضي الله عنه و ئەویش ناردی بە شوێنمدا و وتی: تۆ لەگەڵماندا بووی کاتێك ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین لە

---

[1] : صحيح البخاري: ٦٥٧٠.

[2] : رواه البخاري: ١١٣.

ماڵی فڵان؟ منیش ووتم: بەڵێ، دەزانم بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت، ئەویش وتی: بۆچی پرسیارت لێ دەکەم؟

منیش وتم: ئەو رۆژەی کە تۆ باسی دەکەیت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النار "[1] واتە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی هەرکەسێك بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با جێگایەك لە ئاگر بۆ خۆی دابنێت. ئیتر پێشەوا عومەریش وتی: ئەگەر وانیە، کەواتە بـڕۆ فەرموودە بگێڕەرەوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوا عومەر پێی ووتوە: " کەوابوو ئێستا هەرچیت دەوێ لە پێغەمبەری خواوە بیگێڕەرەوە"[2].

بێگومان ئەم ڕێگەپێدانەش خۆی لەخۆیدا بریتیە لە متمانەکردن بە أبوهورەیرە و دڵنیابوون لە فەرموودەکانی بەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە دەیگێڕێتەوە.

[1] : صحيح متواتر: صحيح الجامع الصغير, رقم: ٦٥١٩.

[2] : ابن عساكر: ص ٤٨٧، جـ ٤٧.

عبداللە ی کوڕی عومەر بە ئەبوهورەیرەی ووت: ئەی ئەبوهورەیرە تۆ لەهەمووومان زیاتر لەگەڵ پێغەمبەری خوادابوویت و لەهەموویشمان زاناتری بە فەرموودەکانی[1].

بە ابن عمر ووترا: ئایا نکۆڵی هیچ شتێك دەکەیت لەو فەرموودانەی کە أبوهورەیرە دەیانگێڕێتەوە؟ ئەویش وتی: نەخێـر، چونکە ئەو بوێربوو بەڵام ئێمە دەترساین[2].

لە گێڕانەوەیەکی تردا ابن عمر دەڵێت: أبوهورەیرە لە من باشتر و چاکترە و دەزانم چی دەگێڕێتەوە[3].

نـافع دەڵێـت: من لەگەڵ ابن عمردا بووم لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی ئەبوهورەیرەدا، کە لەپێشیەوە دەرۆیشت، و زۆر ڕەحم وبەزەیی بە ئەبوهورەیرەدا دەهاتەوەو دەیوت: ئەبوهورەیرە ئەو کەسەبوو کە

---

[1] : أحكام الجنائز للألباني, حمل الجنازة وأتباعها, ص: ٦٨ – ٦٩.

[2] : سير أعلام النبلاء ": ص ٤٣٧، جـ ٢. و " تاريخ دمشق ": ص ٤٩٢، جـ ٤٧.

[3] : الإصابة ": ص ٢٠٤، جـ ٧. و " سنن الترمذي ": ص ٢٢٤، جـ ٢.

فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای ﷺ لەبەردەکرد و دەپاراست بۆ موسڵمانان[١].

ئوبەی کوڕی کەعب رضي الله عنه دەڵێت: ئەبوهورەیرە کەسێکی بوێربوو بۆ پرسیارکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی شتانێك کە ئێمە نەماندەکرد[٢].

دایکە عائیشە دەڵێت: ئەبو هورەیرە ڕاست دەڵێت[٣].

**طلحة بن عبيد الله** دەڵێت: سەبارەت بەوەی کە أبو هورەیرە گوێبیستی شتانێك بووە لە پێغەمبەرەوە کە ئێمە نەمانبیستووە ئەوا هیچ گومانم نیە[٤]. لە ریوایەتێکدا هاتووە کە تەڵحە ووتویەتی: ئێمەش وەکو ئەبوهورەیرە دەمانبیست، بەڵام ئەو لەبەری کرد و پاراستی و ئێمەش لەبیرمان چوویەوە[٥].

---

١ : طبقات ابن سعد: ٣٤٠/٤.

٢ : ابن عساكر, ص: ٤٤٧.

٣ : طبقات ابن سعد ج٤, ص: ٥٧. والإصابة ج٧, ص: ٢٠٥.

٤ : سير أعلام النبلاء, ٤٣٦/٢. البداية والنهاية, ١٠٩/٨.

٥ : فتح الباري, ج٨, ص: ٧٧.

پیاوێك پرسیاری لە زەیدی کوڕی سابت کرد سەبارەت بە شتێك ئەویش ناردی بۆ لای أبو هورەیرە[١].

پیاوێك هات بۆ لای ابن عباس و پرسیاری شتێکی لێ کرد، ئەویش وتی: ئەی أبو هورەیرە فەتوای بۆ بدە وا گرێ کوێرەیەکت بۆ هاتووە[٢].

مەروانی کوڕی حەکەم بە أبو هورەیرەی ووت: ئەمڕۆ من بە زانات دەبینم[٣].

کەعبی ئەحبار دەیووت: هیچ کەسم نەبینیوە کە تەوراتی نەخوێندبێتەوەو زاناتر بێت تێیدا لە ئەبوهورەیرە[٤].

محمدی کوڕی عمارەی کوڕی عەمری کوڕی حەزم دەڵێـت: جارێکیان لە مەجلیسێکدا دانیشتبووم کە ئەبوهورەیرەی تێدابوو، هەروەها چەندین هاوەڵی گەورەی پێغەمبەری خوایش ﷺ لەوێدا بوون، جا ئەبوهورەیرە دەستی دەکرد بەباس کردن وگێڕانەوەی فەرموودە و ئەو هاوەڵانە هەندێکیان ئەو فەرموودەیەیان نەدەزانی و دواتر کە بەیەکتریان دەوت پاشان بۆیان دەردەکەوت و دەیانزانی، ئەمەی چەند جارێك دووبارە دەکردەوە، بەو هۆیەوە زانیم کە

---

١ : سير أعلام النبلاء ": ص ٤٣٢ و ٤٤٣، جـ ٢. و " تهذيب التهذيب ": ص ٢٦٦، جـ ١٢.

٢ : سير أعلام النبلاء ": ص ٤٣٧، جـ ٢.

٣ : ابن عساكر": ص ٥٣٤ - ٥٣٥، جـ ٤٧.

٤ : سير أعلام النبلاء: ٤٣٢/٢.

ئەبوهورەیرە لەهەموو کەس زیاتر فەرموودەی لەبەرە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم .[1]

أبو صالحی سمان دەڵێت: أبو هورەیرە لە بیرتیژترینی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بوو صلى الله عليه وسلم .[2]

سیرینی أنصاری پایەو پێگەی أبوهورەیرە دەزانێت کە چەند بەرز و پڕزانستە بۆیە کوڕەکانی دەنێرێت بۆ لای ئەو بۆ فێربوونی زانست لەکاتێکدا هاوەڵانی پێغەمبەر لەو ساتەدا زۆر بوون[3].

پێشەوا شافعی دەڵێت: أبو هورەیرە حافزترین کەسە لە سەردەمی خۆیدا کە فەرموودەی گێڕابێتەوە .[4]

پێشەوا بوخاری دەڵێت: نزیکەی هەشت سەد کەس لە ئەهلی عیلم فەرموودەیان لە أبوهورەیرەوە گێڕاوەتەوە، وە ئەو حافزترین کەسە لە سەردەمی خۆیدا کە فەرموودەی گێڕابێتەوە .[1]

---

[1] : سير أعلام النبلاء, ج٢, ص: ٤٤٤, فتح الباري, ج١, ص: ٢٢٥.

[2] : تذكرة الحُفاظ ": ص ٣٤، جـ ٢. و " ابن عساكر ": ص ٤٨١، جـ ٤٧.

[3] : انظر " تهذيب التهذيب ": ص ٢٢٨، جـ ١١.

[4] : انظر " الرسالة " للشافعي ": ص ٢٨١ وابن عساكر: ص ٤٨٣، جـ ٤٧. و " سير أعلام النبلاء ": ص ٤٣٢، جـ ٢.

حافزی وڵاتی مەغریب یوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر (٣٦٨ – ٤٦٣ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرە لە حافزترینی هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە، وە ئەو لە مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ ئامادە دەبوو کە کۆچکەران و پشتیوانان ئامادەی نەدەبوون، لەبەر سەرقاڵ بوونی کۆچکەران بە بازرگانی و پشتیوانان بە پێویستیەکانیانەوە[٢].

پێشەوای مێژووناس علی بن محمد (ابن الأثير) الجزري (٥٥٥ – ٦٣٠ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرەی دەوسی هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆرترین فەرموودەی گێڕاوەتەوە لە نێو هاوەڵاندا[٣].

پێشەوا الحافظ الذهبي (٦٧٣ – ٧٤٨ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرە پێشەوا و فەقیە و موجتەهید وحافز و هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و گێڕەرەوەی زۆرترین فەرموودە لێیەوە، أبو هورەیرەی دەوسی یەمانی، گەورەی حافزەکان و متمانەپێکراو ڕاستگۆ.[٤]

---

[١] : " تهذيب التهذيب ": ص ٢٦٥، جـ ١٢. وانظر " البداية والنهاية ": ص ١٠٣، جـ ٨.

[٢] : الاستيعاب ": ص ١٧٧١، جـ ٤.

[٣] : أُسْدُ الغابة ": ص ٣١٥، جـ ٥.

[٤] : سير أعلام النبلاء ": ص ٤١٧، جـ ٢.

لە شوێنێکی تردا دەڵێـت: أبو هورەیرە ئەو کەسەیە کە لە حیفزی فەرموودەدا لە پێغەمبەرەوە هەمووان دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو، کە وەکو خۆی بە پیتەکانی گێڕاویەتیەوە، وە أبو هورەیرە پارێزەری فەرموودەو متمانەپێکراوە و وا نازانین کە هەرگیز هەڵەی کردبێت لە فەرموودەدا[1].

دیسانەوە دەربارەی أبو هورەیرە دەڵێـت: ئەو سەرۆك و پێشەوایە لە قورئان و سوننە وفیقهدا، کوا وێنە و هاوشێوەی أبوهورەیرە لە حیفز و فراوانی زانستیدا[2].

پێشەوا **الحافظ ابن کثیر** (٧٠١ – ٧٧٤ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرە لە پێگەو پایەیەکی بەرز و گەورەدایە لە ڕووی صدق و حیفز و دیانەت وخواپەرستی و زوهد و کردەوەی چاکەدا، و خێرێکی زۆر و چاکی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە و ئەو لەو هاوەڵانەیە کە لەبەرکردنی زۆربووە[3].

---

[1] : سیر أعلام النبلاء ": ص ٤٤٥-٤٤٦، جـ ٢

[2] : سیر أعلام النبلاء ": ص ( ٤٤٩ )( ٤٣٨ )، جـ ٢

[3] : البداية والنهاية ": ص ( ١٠٣ )( ١١٠ )، جـ ٨.

پێشەوا الحافظ ابن حجر العسقلاني (٧٧٣ – ٨٥٢ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرە حافزترین کەسە لە سەردەمی خۆیدا لە نێو ئەوانەی کە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، ئەوەی لەوەوە هاتووەو گێڕراوەتەوە لە هیچ هاوەڵێکەوە نەگێڕراوەتەوە[1].

پێشەوا يحيى بن أبي بكر العامري (٨١٦ – ٨٩٣ هـ): دەڵێـت: أبو هورەیرە ڕێپێشاندەر و کارناسی هاوەڵانی ئەهلی صوفەیە، و هاوڕێی هەژاری و خۆڕاگری بووە، و زۆر پێغەمبەری خوای خۆشویستووە و هەمیشە ولە هەموو حاڵەتێکدا لەگەڵیدا بووە، بەشێوەیەك کە دونیا و ئەهل و ماڵ سەرقاڵی نەکردووە لەوەی لەگەڵی نەبێت، و تایبەتمەندیەکی تری ئەوەیە کە زۆر فەرموودەی لەبەر کردووە لە پێغەمبەری خواوە لە هەموو هاوەڵان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها دەڵێت: أبو هورەیرە حافز و متمانەپێکراو و زیرەك و موفتی بووە، و ڕۆژو و شەونوێژی هەبووە[2].

---

[1] : تهذيب التهذيب ": ص ٢٦٦، جـ ١٢.

[2] : الرياض المستطابة ": ص ٧٠.

پێشەوای مێژووناس عبد الحي بن أحمد (ابن العماد) الحنبلي (١٠٣٢ – ١٠٨٩ هـ): دەڵێت: أبو هورەیرە زۆر عیبادەت و زیکری هەبووە، ڕەوشت جوان بووە، کاربەدەستێتی مەدینەی کردووە، و حافزترینی نێو هاوەڵانە و لە هەموویان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە[١].

تا ئێرە بەسە و پێم وایە شاهێدی و گەواهی ئەو زانا و پیاوچاکانە بۆ أبوهورەیرە کە کەسێکی خاوەن عیبادەت و زانست بوو بێت، لە ڕاستیدا وەصف و ستایشی زانایان بۆ أبو هورەیرە ئەوەندە زۆرە کە پێویست بە بەرگێك لە کتێب دەکات بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت، چونکە پایە و فراوانی زانست و زۆرێتی فەرموودەی و فەزڵ و وەرع و وردی و شارەزایی أبو هورەیرە لای هیچ موسڵمانێك شاراوە نیە لەمپەڕی زەویەوە بۆ ئەوپەڕی، و ئەو ستایشەی زانایان بۆی کە باسمان کرد ئەوە تەنها نموونەیەکە بۆ ئەو باسە زۆرە، و ناتوانرێت تەنها لەوەندە دێڕدا کۆبکرێتەوە.

# بەشی سێیەم

---

[١] : شذرات الذهب ": ص ٦٣، جـ ١.

# وەڵامی هەندێك گومان لەسەر أبو هورەیرە ﵁

پاش ئەوەی کە ژیاننمانەی زانستی أبوهورەیرەمان بۆ ڕوون بوویەوە و ئەوەمان زانی کە ئەم هاوەڵە چەند پەرۆش بووە بۆ فێربوونی زانست و چەند فەرموودەی لە سنگدا هەبووە و چەندیش دووربووە لە درۆ و قسەهەڵبەستن بەدەم پێغەمبەری خواوەو ﷺ بە چ شێوازێك هەوڵی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی سوننەتی داوە بە نێو ئوممەتدا و چەند بە وردی ئەو فەرموودانەی گەیاندووە بەو جیلەی سەردەم و پاش خۆی بە ئەوپەڕی دەم و دەست پاکیەوە، کەوابوو ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەستۆپاکیەکی تەواو و بێگەردە بۆ أبوهورەیرە کە وا دەکات خوێنەر هیچ گومان و دوودڵیەکی لە ناخدا بۆ دروست نەبێت بەرانبەر بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و دینداریێتی ئەم هاوەڵە بەڕێزە. بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەموو ڕاستی و مێژووە پڕشکۆیە کەچی هێشتا کەسانێك هەن ڕاستیەکان وەکو خۆیان نابینن و ئاوەژووی دەکەنەوە، یان بۆ مەبەست و مەرامێکی سیاسی یان دەستکەوتێکی ماددی یان هەر نیەتێکی خراپی تر دێن بەچەپ و ڕاستدا ڕەخنە لە أبو هورەیرە دەگرن و بەکەسێکی خراپ و قسەهەڵبەست و ناپاك هەژماری دەکەن.

لە نموونەی ئەو کەسانەش وەکو: إبراهيم بن سيَّار النظَّام ، وبشرالمريسي، والبَلْخي و هەندێك لەرۆژهەڵاتناسانی ئەم سەردەمەش شوێنیان کەوتوون وەکو : جولدتسيهر و شبرنجر. هەروەها کەسێکی وەکو عبد الحُسين شرف الدين العاملي کە کتێبێکی داناوە بە ناوی " أبو هورەیرە "ەوە چەندین تۆمەتی داوەتە پاڵ ئەم هاوەڵە بەڕێزە، چونکە نووسەر خۆی کەسێکی ئیمامیە[1] و ئەم جۆرە دەستە و گروپەش یەکێك لە بیروڕاکانیان ئەوەیە کە أبو هورەیرە دەکەنە ئامانج و لەپشتیەوە دەیانەوێ تانە بدەن لە فەرموودەی ئەهلی سوونە و سەرلەبەری ڕەد بکەنەوە. هەروەها یەکێکی تری وەکو محمود أبُو رِيَّه خاوەنی کتێبی " أضواء على السُنَّة المحمَّدية "، بە هەمان شێوە هێرشی توند و ناڕەوا دەکاتە سەر أبو هورەیرەو زۆر لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە تێیدا.

[1] : **الإمامية:** اسم يطلق على طوائف الشيعة التي تؤمن بأن إمامة المسلمين تأتي نصّاً لكل إمام من الإمام المعصوم من أئمة أهل البيت السابق له، فيخالفون بذلك طوائف أخرى الزيدية التي لا تشترط أن يكون الإمام من البيت. يسمون أيضا بالجعفرية لاتفاقهم على الأئمة الستة الأوائل ويفترقون من بعد الإمام السادس جعفر الصادق إلى فرق عديدة بسبب اختلافهم على الإمام التالي. ويسميهم بعض خصومهم بالرافضة أو الروافض.

ئەگەر کتێبەکەی عبد الحُسين شرف الدين العاملي بە نموونە بهێنینەوە زۆر بەکورتی چەند گومانێکی بخەینە پێش چاو بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بۆ ئەوەی دەرکەوێ ئەو ڕەخنەو گومانانە تا چ ئەندازەیەك بێ ئاستن و بێ مانان.

## گومانی یەکەم

لە لاپەڕە ( ٥–٨ )ی ئەو کتێبەدا نووسەر وەصفی أبو هورەیرە دەکات بە کەسێکی هەژار و نەدار و چاوبرسی و هەمیشە هەڵپەی بێت بۆ پاروویەك نان و بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی تری پێغەمبەرایەتی و دینداری، بەشێوەیەك باسی دەکات کە هەمیشە بەدوای دونیاوەیە و چاوی لەسەر سفرە و خوانی خەڵکیە و تەنها و تەنها خەمی پڕ کردن و تێرکردنی ورگێتی و هیچی تر.

بە شێوەیەك کە أبو هورەیرە ڕازیە بە هەموو ڕەفتارێکی زەلیلی و ژێردەستەیی تەنها لە پێناو دەستکەوتێکی ماددی دونیایی !!

بەداخەوە نووسەر ئەوە نازانێت کە ئەو هاوەڵانە پێیان وتراوە میوانانی ئیسلام و موسڵمانان و تەنانەت پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین جار بانگهێشتی

کردوون بۆ نان خواردن یان خۆی چووە بۆ ناویان و نانی لەگەڵدا خواردوون و بەڕێز و سەنگینیەوە تەماشای کردوون، چونکە ئەوان کەسانێك بوون خۆیان بۆ خزمەتی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا تەرخان کردبوو، وە خۆیان بە ئەنقەست ئاوڕیان لە دونیا نەدەدایەوە و هەمیشە پشت لە دونیا و ڕوو لەقیامەت بوون. ئەمە جگە لەوەی کە یەکێکی وەکو أبو هورەیرە تامەزرۆی فێربوونی زانست وفەرموودەیە لە پێغەمبەری خواوەو بۆ ئەو مەبەستە یاوەری دەکات بۆ شوێنان و لێی جیانابێتەوە، تەنانەت جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە أبو هورەیرە دەپرسێت و دەفەرموێت: " ئایا داوای پشکی دەستکەوت و غەنیمەم لێ ناکەیت وەکو چۆن هاوەڵەکانت داوای دەکەن؟ أبو هورەیرەش دەڵێت: من داوای ئەوەت لێ دەکەم فێرم بکەیت لەو زانستەی خوا فێری کردوویت "[١].

## گومانی دووەم

نووسەر لە لاپەڕە (١٤- ١٥) دا باسی ئەوە دەکات کە أبو هورەیرە لەسەردەمی هەردوو خەلیفە أبو بکر و عومەردا هیچ ڕۆڵ و کاریگەریەکی وەهای نەبووە کە شایستەی باس کردن بێت، تەنها ئەوە نەبێت کە عومەر لە

---

[١] : " حلية الأولياء ": ١/ ٣٨١ و " البداية والنهاية ": ٨/ ١١١.

ساڵی بیست و یەك وەكو والی ناردی بۆ بەحرەین و پاشان لەساڵی بیست وسێ لایبرد لەسەر كارەكەی و بەوەشەوە نەوەستا بەڵكو دە هەزار دیناری لە أبو هورەیرە سەند چونكە عومەر وا گومانی بردبوو كە أبو هورەیرە ئەو بڕە پارەیەی لە بیت المال دزیوە....

لە ڕاستیدا ئەمەش یەكێكی ترە لە چەواشەكاریەكان و ئەو تۆمەتانەی كە دەخرێتە پاڵ ئەم هاوەڵە پاك و خاوەن هەڵوێستە، وە بەداخەوە نووسەر بیری چووە یاخود بە ئەنقەست نایەوێ باسی ئەوە بكات كە أبو هورەیرە لەشەڕی هەڵگەڕاوەكانی سەردەمی پێشەوا أبو بكردا چەند بوێرانە بەشداری كرد، وەكو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ كرا، نەك هەر ئەوەش بەڵكو أبوهورەیرە شانازی دەكرد بە هەڵوێستی أبو بكرەوە و پشتگیری كرد لەو بۆچوونەیدا، وەكو پێشەوا بەیهەقی و إبن عساكر دەیگێڕنەوە دەڵێن: أبو هورەیرە وتوویەتی سوێند بەو خوایەی كە هیچ خوایەكی تر شایستەی پەرستن نیە ئەو نەبێت، ئەگەر أبو بكر نەبووایە بە خەلیفە ئەوا خوا نەدەپەرسترا، پاشان ئەم قسەیەی دووبارە كردەوە، پاشان سێ بارەی كردەوە، هەتا پێی وترا: بەسە ئەی أبو هورەیرە، ئەویش ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئوسامەی كوڕی زەیدی بە حەوت سەد كەسەوە بەرەو شام ڕەوانەكرد، كە گەیشتنە (ذِي

خَشَبٍ ) پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد، و عەرەبەکانی چواردەوری مەدینە لە دین هەڵگەڕانەوە، و هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەوری أبو بکر کۆبوونەوەو وتیان: ئەو لەشکرەی ئوسامە بگەڕێنەوە، چونکە ئەوانە بەرەو لای ڕۆمەکان کەوتونەتە ڕێ و کەچی ئێمە لە چواردەوری مەدینەدا خەڵك لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە؟ ئەویش ووتی: سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەکی تر شایستەی پەرستن نیە ئەو نەبێت، ئەگەر سەگەکان قاچی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕابکێشن ئەوا لەشکرێك ناگەڕێنمەوە کە پێغەمبەری خوا ئاراستەی کردبن و ناردبنی، و ئالایەك داناگرم کە ئەو هەڵی کردبێت، ئەوەبوو ئوسامەی بە سوپاکەوە نارد، و لەو کاتەدا ئەو سوپایە کە دەیدا بەلای هەر هۆز و تیرەیەکدا کە ویستبێتیان هەڵبگەڕێنەوە دەیانووت: ئەگەر ئەوانە لە ساتەوەختی بەهێزیدا نەبن ئەوا هاوشێوەی ئەو سوپایەیان لێوە دەرناچێت، بۆیە وازیان لێ دەهێنین با بگەنە ڕۆمەکان بزانین چی دەکەن، ئەوەبوو گەیشتنە ڕۆمەکان و سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا و کوشتارێکی زۆریان لێیان کرد، و بەسەلامەتی و سەفرازیەوە گەڕانەوە و ئەو خەڵکەش دامەزرا لەسەر ئیسلامەتی و دینداریێتی خۆیان[١].

---

[١]: " البداية والنهاية ": ص ٣٠٥، ج ٦، و " الخلفاء " للسيوطي: ص ٧٤، و " الكامل ": ص ٦٢، ج ٢.

لەسەردەمی پێشەوا عومەریشدا، أبو هورەیرە زیاتر سەرقاڵی فێربوون و فێرکردن بوو، وە هەروەها یاوەرێتی پێشەوای باوەڕدارانی کرد لە حەج کردنیدا و تەنانەت فەرموودەی هەڵکردنی بــای بۆ گێڕایەوە کاتێك کەس لە هاوەڵان دەست نەکەوت شتێکی لەسەر با بۆ بگێڕنەوە، وەکو لە پێشەوە باسی لێوە کرا، وە هەروەها لەشەڕی یەرموکدا بەشداری کرد. پاشان ئەو ڕووداوەی کە نووسەر دەیگێڕێتەوە گوایە " أبو هورەیرە لەکاتی بوون بە والی یەمەندا دزی کردوەو پێشەوا عومەریش لێی داوەو سزای داوە هەتا خوێن لە جەستەی هاتووە و ئەو بڕە پارەیەشی لیَ سەندووە بە زۆر !!! "

سەرەتا نووسەر ئەم گێڕانەوەیەی بەبیَ سەنەد گێڕاوەتەوە، بۆیە ئەگەر لە بنەڕەتدا سەنەدی هەبووایە ئەوا دەمانتوانی لەو ڕێگەیەوە شتێکمان لە ڕاستێتی ئەو ڕووداوە بزانیایە یان ئەندازەی صحەتی ئەو بەسەرهاتەمان دەزانی، ئەمە لەکاتێکدا گێڕانەوەیەکی تری هاوشێوەی ئەمە هاتووە بەسەنەدەوە بەڵام بەبیَ باسی لێدانی عومەر لە أبو هورەیرە لە زۆر سەرچاوەوە بەسەنەدی صحیح، لە کتێبەکانی وەکو، " حلية الأولياء " و " طبقات ابن سعد " و " تاريخ الإسلام " و " الإصابة " و " عيون الأخبار "، بۆیە ئەم ریوایەتەی نووسەر هێناویەتی ڕەد دەکرێتەوە چونکە پێچەوانەی

ریوایەتە صحیحەکانە، ئەگەریش ڕاست بێت، ئەوا ریوایەتە صحیحەکەی دواتر باسی لێدانی تێدا نیە لە أبو هورەیرە لە لایەن عومەرەوە، بەڵکو گفتوگۆی نێوان عومەر و أبو هورەیرەیە سەبارەت بە چۆنیتی کۆکردنەوەی ئەو پارەیەی کە لای أبو هورەیرەیە، و ئەویش ڕوونی دەکاتەوەو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە کە دراونەتە پاڵی، و دواتریش پێشەوا عومەر ئەوماڵەی لێ وەردەگرێتەوە، پاشان وەکو أبو هورەیرە خۆی دەڵێت: " فَلَمَّا صَلَّيْتُ الصُّبْحَ اسْتَغْفَرْتُ لأَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ " کە نوێژی بەیانیم کرد، داوای لێخۆشبوونم بۆ میری بڕواداران کرد.

أبو هورەیرە دوعای خێر بۆ پێشەوا عومەر دەکات رضي الله عنه هەرچەندە نیوەی ماڵەکەشی بردووە، چونکە ئەوە ماڵی خودی أبو هورەیرە بووە و موڵکی خۆی بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕق و کینەی لە دڵ نەگرتوە بەرانبەر بە پێشەوای باوەڕداران. دەقی گفتوگۆکەی نێوان أبو هورەیرە و عومەر کە بە صحیحی هاتبێت ئەمەیە: " قَالَ: فَمِنْ أَيْنَ هِيَ لَكَ؟ قُلْتُ: خَيْلٌ نُتِجَتْ، وَغَلَّةٌ وَرَقِيقٌ لِي، وَأَعْطِيَةٌ تَتَابَعَتْ عَلَيَّ». فَنَظَرُوا فَوَجَدُوهُ كَمَا قَالَ "[1] واتە: ئەی أبو هورەیرە ئەم ماڵەت لە کوێ بوو؟ واتە بەچی پەیدات کرد؟ أبو هورەیرە

---

[1]: " تاريخ الإسلام ": ٢/ ٣٣٨، و " حلية الأولياء ": ١/ ٣٨٠، و " البداية والنهاية ": ٨/ ١١١.

ئەڵێت: منیش وتم: ئەسپم هەبوو زاوزێی کرد، کرێی خانوو بەرهەم وبەروبومی زەوی و زار، و بەندە وکۆیلەم هەبوو، وە هەروەها ئەو بەخشیش و خەڵاتانەی کە پێم دەدران و کۆبوونەوە لەسەرم. ئەوانیش بەدواداچوونیان کرد و بۆیان دەرکەوت کە وابوو، واتە بەو شێوەیە بوو کە أبو هورەیرە وتی.

وە پێشەوا عـومەر ﷺ تەنها لەگەڵ أبو هورەیرەدا وای نەکردووە، بەڵکو ئەوە سیاسەتی بووە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە کردوونی بە والی بەسەر ناوچەکانەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك جورئەتی نەبێت دەست بۆ ماڵی موسڵمانان ببات، ئەوەش دەرئەنجامی باشی و چاکێتی بەڕێوەبردنی پێشەوا عومەرە بۆ رەعیەتەکەی کە تەنانەت نیوەی ماڵ وسامانی والیەکانیشی خستۆتە ناو بيت الماله‌وە بۆ خەڵکی، نەوەك بە پێچەوانەوە ماڵی خەڵکی بە ناڕەوا ببیات و بیکات بە دەمی والی و کەسانی نزیك و دەست وپێوەندی خۆیەوە بۆ ئەوەی کورسیەکەی خۆی پێ قایم بکات، واتە بەبەرژەوەندیەوە لەگەڵ هیچ کەس نەجوڵاوەتەوە تەنانەت لەگەڵ کەسە نزیك و گوێڕایەڵەکانیشیدا.

وەکو إبن عبد ربە دەڵێت: " ولما عزل عمر أبا موسى الأشعريّ عن البصرة وشاطره ماله وعزل أبا هريرة عن البحرين وشاطره ماله، وعزل الحارث بن كعب بن وهب وشاطره ماله ... ودعا أبا موسى ... ثم دعا أبا هريرة "[1]

واتە: کاتێك پێشەوا عومەر أبا موسای ئەشعەری لەسەرکار لابرد لە بەصرە ماڵەکەی کردە نیوە لەگەڵیدا، وە کاتێك أبو هورەیرەیشی لەسەرکار لابرد لە بەحرەین ماڵەکەی نیوەکرد لەگەڵیدا، و حارپی کوڕی کعبی کوڕی وهبی لەسەرکار لابرد ماڵەکەی نیوە کرد لەگەڵیدا و .... وە بانگی أبا موسای کردو .... پاشان بانگی أبو هورەیرەی کرد. وە هەروەها پێشەوا عومەر کاتێك سەعدی کوڕی أبی وقاصی لەسەر کار لابرد لە عێراق ماڵەکەی نیوەکرد لەگەڵیدا[2].

وە هەروەها کاتێك پێشەوا عومەر هەندێك لە والیەکانی لەسەرکار لادەدا و دووری دەخستنەوە مانای ئەوە نیە دڵپیسی لێیان کردبێت و گەندەڵیەکی لێیان بەدی کردبێت، یان بە هۆی کەمتەرخەمی و کەموکورتیەوە بووبێت، بۆ نموونە: کاتێك موغەیرەی کوڕی شوعبەی لەسەرکار لابرد، موغەیرە بە

[1] : " العقد الفريد ": ١/ ٣٣.

[2] : " طبقات ابن سعد ": ص ١٠٥، قسم ١، ج ٣.

پێشەوا عومەری ووت: ئەی میری بڕواداران ئایا لەسەرکار لادانەکەم لەبەر ئەوەیە کە ناتوانم کاروبارەکان ڕابپەڕێنم بەباشی یاخود ناپاکیەکم کردووە؟ **ئەویش لە وەڵامدا ووتی:** " لا عن واحدة منهما، ولكنِّي أكره أنْ أحمل فضل عقلك على العامة " **واتە: لەبەر هیچ کامیان نیە، بەڵکو پێم ناخۆشە فەزڵی عەقڵت بدەم بەسەر عامەی موسڵماناندا**[١]**.**

**لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ڕاست بێت أبو هورەیرە ماڵ وسامانی خەڵکی دزیوە و عومەر لێی داوە، ئەوا دووبارە پێشەوا عومەر پاش ماوەیەك بۆ جاری دووەم داوای لێ ناکات کە ببێتەوە بە والی بەحرەین، چونکە بانگی دەکات و داوای لێ دەکات کە ببێتەوە بە والی بەحرەین و أبو هورەیرەش ئەو داوایە ڕەد دەکاتەوە، کە پێم خۆشە دەقی گفتوگۆکە وەکو خۆی بهێنم کە أبو هورەیرە خۆی دەڵێت:**

" فقال لي بعد ذلك: ألا تعمل؟ قلت: لا. قال: قد عمل من هو خير منك يوسف – صَلَوَاتُ اللهِ عَلَيْهِ –. قلتُ: يوسف نبيّ وأنا ابن أميمة، أخشى أن يشتم عرضي، ويضرب ظهري، وينزع مالي "[٢] **واتە: پێشەوا عومەر لە پاش ئەوە پێی ووتم:**

---

[١] : " العقد الفريد ": ١/ ٦٠.

[٢] : " العقد الفريد ": ١/ ٣٤ – ٣٥ و ٦٠.

ئایا کار ناکەی؟ منیش ووتم: نەخێر، ئەویش ووتی: لە تۆ باشتر و چاکتر کاری کردووە کە یوسفە صَلَوَاتُ اللهِ عَلَيهِ منیش ووتم: یوسف پێغەمبەرە بەڵام من کوڕی دایکۆکەیەم، ئەترسم لەوەی جنێو بە ناموسم بدرێت و لە پشتم بدرێت و ماڵەکەم ببرێت.

جا ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە پێشەوا عومەر لە أبو هورەیرەی نەداوە، چونکە ئەگەر وابووایە ئەوا أبو هورەیرە دەیووت: ناگەڕێمەوە سەرکار لەپاش ئەوەی لێم درا و ناموسم لەکەدار کرا و .... وەهەروەها سەیر لەوەدایە کە ئەم ریوایەتەش تەواوکەری ئەو ریوایەتەیە کە نووسەر هێنابووی لەپێشەوە واتە هەر لەگەڵ ئەوەدایە بەڵام نووسەر ئەم بەشەی لێ قرتاندووە چونکە دەبێتە هۆی بەدرۆ خستنەوەی خۆی کە دەڵێت: أبو هورەیرە دزی کردووە و لێی دراوە !!

## گومانی سێیەم

پاشان نووسەر لە لاپەڕە ( ١٦–٢١ ) تۆمەتێکی تر دەداتە پاڵ أبو هورەیرەو دەڵێت: أبو هورەیرە بە دڵنیاییەوە زانیویەتی ئەو خەڵکەی کە چواردەوری ماڵەکەی عوسمانیان دا و ئابڵوقەیان دا دەیکوژن، بۆیە خۆی

بردە پێشەوەو لەوێدا ئامادەیی هەبوو بۆ ئەوەی خۆی بخاتە پێش چاوو خۆی لە بنەماڵەی ئەمەویەکان پێ نزیك بکاتەوە و ئەو هەلەی قۆستەوە و سەرکەوتویش بوو تێیدا، چونکە پاش ئەوە بەنو ئومەیە ڕێزێکی زۆریان لێی گرت و گوێیان بۆ قسەکانی شل دەکرد وەکو فەرموودە و ئەویش بەدڵی ئەوان دەجوڵایەوە.

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە أبو هورەیرە چەند هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی بەرگری لە پێشەوا عوسمان بکەن ﷺ و خۆیشی ئامادەیی هەبوو لەو پێناوەدا شەڕبکات بەڵام پێشەوا عوسمان خۆی ڕێگری لێ کردن و نەیهێشت خوێن بڕژێت بە هۆی ئەوەوە، بەڵام سەیر لێرەدا ئەوەیە نووسەر چۆن ناخ و دڵی أبو هورەیرەی خوێندۆتەوەو زانیویەتی، لەکاتێکدا ئێمەی مرۆڤ تەنها ڕواڵەت دەزانین؟! لەلایەکی ترەوە أبو هورەیرە لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا لە ماڵەکەی عوسمان بوون لەو کاتەدا، وەکو: عبدالله ی کوڕی عومەر و عبدالله ی کوڕی زوبەیر و حەسەن و حوسەینیش ﷺ جا ئەو گومانەی لە أبو هورەیرە دەکرێت کە بۆچی لەوێ بووە خۆ هەمان گومان هەڵدەگرێت بۆ ئەو هاوەڵانەی تریش کە لەوێ بوون، جا ئایا نووسەر ڕازیە گومان لە گەورەی گەنجەکانی بەهەشت بکرێت؟

## گومانی چوارەم

نووسەر لە لاپەڕە (٢١-٢٦)دا باسی ئەوە دەکات کە أبو هورەیرە لە سەردەمی پێشەوا عەلیدا ﷺ بێدەنگ و کپ بووە چونکە پڕ بەدڵ لە سەنگەری ئەودا نەبووە و بۆیە هەمیشە ڕووی ئامۆژگاری لە دوژمنەکانی عەلی بووە و لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی بتەوی هەبووە، تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە موعاویە، أبو هورەیرە و نوعمانی کوڕی بەشیری ناردووە بۆ دانوستاندن لەگەڵ عەلیدا سەبارەت بە بکوژەکانی پێشەوا عوسمان، بەڵام لە ئەنجامدا نوعمان لە لای عەلی دەمێنێتەوەو أبو هورەیرەش دەگەڕێتەوە بۆ لای موعاویە و هەواڵی ئەوەی ڕوویداوە پێی دەدات، بۆیە موعاویە فەرمان بە أبو هورەیرە دەکات کە ئەو هەواڵانە بەخەڵکی بڵێت ئەویش وادەکات و هەرچی کارێك موعاویە ڕازی بکات ئەو ئەنجامی دەدات !!!

سەرەتا ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە هەڵوێستی أبو هورەیرە لە کاتی ئاژاوەو فیتنەی پاش شەهید کردنی پێشەوا عوسماندا گۆشەگیری و دوورەپەرێزی بووە و خۆی تێکەڵ بە ڕووداو و پێشهاتەکان نەکردووە، وە هەموو ئەو ڕاستیانەشمان بەبەڵگەوە تۆمارکرد، بەڵام نووسەر بەوە ڕازی نابێت و وا گومانی بردووە کە أبو هورەیرە پشکی شێری هەبووە لە بەلاڕێدا

بردنی ئاراستەی ڕێککەوتنی نێوان موسڵمانان و گوایە دژی یەکڕیزی موسڵمانان بووە ! پاشان سەبارەت بەو ڕیواتەی کە گێڕاویەتیەوە هەر ئەوەندە بەسە کە ئەو گێڕانەوەیە هەرگیز بەسەنەدی صحیح نەگێڕراوەتەوە و نەهاتووە، وە بەم شێوازە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە تەنها لە (نهج البلاغة )[1]دا نەبێت کە هێناویەتی.

## گومانی پێنجەم

لە لاپەڕە ( ٢٦-٣١ ) دا نووسەر باس لەوە دەکات کە أبو هورەیرە لەسەردەمی خیلافەتی موعاویەدا خۆی لە بنەماڵەی ئەمەویەکان نزیك کردۆتەوەو پێیانەوە هۆگر بووە، و هەر ئەوەش وای کردووە کە أبو هورەیرە دەست بکات بە دروست کردنی فەرموودەو دانانی فەرموودە بەناوی پێغەمبەرەوە سەبارەت بە فەزڵی موعاویە، و بەتایبەت لەسەردەمی

[1] : پێشەوا زەهەبی لە باسی ژیاننامەی المرتضى علي بن حسين بن موسى الموسوي (المتوفى سنة٤٣٦هـ) دا دەڵێت: ئەم کەسە بریتیە لە ئامادەکارو کۆکەرەوەی کتێبی " نهج البلاغه " کە قسەی نێو کتێبەکە دراوەتە پاڵ پێشەوا عەلی رضي الله عنه و هیچ سەنەدێکیشی نیە, وهەندێکی ناڕەوا و درۆیە و حەقیشیی تێدایە, بەڵام چەندین بابەتی تێدایە کە حاشا یەکێکی وەکو پێشەوا عەلی ئەو قسانە بکات, بەڵام کوا کەسی دادگەر؟! وتراویشە براکەی کۆی کردۆتەوە کە ناوی شەریف ڕەزایە و لە هەندێ لە دانراوەکانی جنێوی تێدایە بە هاوەڵان, جا پەنا بەخوا لە زانستێك کە سوودی نەبێت. سیر أعلام النبلاء ١٧/٥٨٩.

ئەمەویەکاندا فەرموودەیەکی زۆری درۆی بەناوی پێغەمبەرەوە داناوە کە تەنانەت هیچ عەقڵ و ویژدانێك ئەوە قبوڵ ناکات !!!

نووسەر لێرەدا دوو تـۆمەتی مەترسیدار دەداتە پاڵ أبو هورەیرە: یەکێکیان ئەوەیە کە خۆی لە بنەماڵەی ئەمەویەکان نزیك کردۆتەوەو هۆگریان بووە، دووەمیشیان ئەوەیە کە فەرموودەی بە درۆ بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ داناوە بۆیان.

لە ڕاستیدا هەموو ئەهلی عیلم ئەو ڕاستیە چاك دەزانن و باسیشیان کردووە لە کتێبەکانیاندا کە أبو هورەیرە چەند ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوای ﷺ خۆش ویستووە و هەرگیز دوژمنایەتیانی نەکردووە، تەنانەت أبو هورەیرە ئەو کەسەشی خۆش ویستووە کە پێغەمبەری خوا خۆشی ویستووە، أبو هورەیرە ئەو کەسەیە کە سکی حەسەنی کوڕی عەلی ڕووت دەکات و دەڵێت بمهێڵە با ماچی ئەو شوێنە بکەم کە بینیم پێغەمبەری خوا ماچی کرد، بۆیە جلوبەرگی سەرسکی بەرزدەکاتەوەو ناوکی ماچ دەکات[١].

---

١ : ضعيفه الألباني في " التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان " رقم: ٦٩٢٦.

پاشان أبو هورەیرە هەمیشە لە پەیوەندیەکی باشدا نەبووە لەگەڵ موعاویەدا، بەڵکو موعاویە أبو هورەیرەی لەسەرکار لابرد لە مەدینە و مەروانی کوڕی حەکەمی دانا لە شوێنی، لە ڕاستیدا جێگەی سەرسامیە کە بووترێت أبو هورەیرە ڕقی لە عەلی و ئەهلی عەلی بووە، أبو هورەیرە ئەو کەسە بوو کە بەرانبەر بە مەروانی کوڕی حەکەم وەستایەوە کاتێك موسڵمانان ویستیان تەرمی حەسەنی کوڕی عەلی لای پێغەمبەری خوا ﷺ بنێژن و بەخاکی بسپێرن، و مەروانی ڕێگری کرد، و أبو هورەیرە پێی ووت: " سوێند بە خوا تۆ والی نیت، و جگە لە تۆ والیە و واز بێنە، بەڵام تۆ دەستێوەردان دەکەی لە کارێك کە ئیشی تۆ نیە، بەڵکو تۆ بەم هەڵسوکەوتەت مەبەستت ڕازی کردنی ئەو کەسەیە کە لێرە نیە، واتە موعاویە... "[١].

لە چەندین شوێندا أبو هورەیرە ئینکاری هەندێ هەڵسوکەوتی مەروانی کوڕی حەکەمی کردووە، جا ئایا ئەمەش بریتیە لە خۆنزیك کردنەوە لە بنەماڵەی ئەمەوی کە بەرانبەریان بوەستێت و نکوڵی لە هەڵسوکەوت و

---

[١] : " البداية والنهاية ": ٨/ ١٠٨.

کاروکردەوەیان بکات؟ بۆ نموونە: أبو هورەیرە ئینکاری مەروان دەکات کاتێك وێنە لەماڵەکەیدا دەبینێت و دەڵێـت:

من گوێم لێ بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ خَلْقًا كَخَلْقِي؟ فَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً، أَوْ لِيَخْلُقُوا حَبَّةً أَوْ لِيَخْلُقُوا شَعِيرَةً "[١].

یان جارێکیان مەروان هەندێك دوا دەکەوێت لە وتاری هەینی و أبو هورەیرەش هەڵدەستێ و پێی دەڵێـت: " لای خێزانەکەت دەمێنیتەوە باوەشێنت بکات و ئاوی ساردت دەرخوارد بدات و نەوەکانی مهاجرین و ئەنصاریش لەبەر خۆر بتوێـنـەوە؟ ... "[٢].

دەبووایە نووسەر تۆمەتی ئەوەی بدایە پاڵ أبو هورەیرە کە هۆگر و لایەنگری ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوایە ﷺ لەبەر ئەو هەموو فەرموودانەی کە ئەو گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە چاکێتی و فەزڵی ئەهلی بەیت، و وەصف و ستایشیان لە زمانی أبو هورەیرەوە.

بۆ نموونە:

---

[١] : صحيح مسلم: ٢١١١.

[٢] : " العقد الفريد ": ١/ ٤٢.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَنَّهُ قَالَ لِحَسَنٍ: " اللهُمَّ إِنِّي أُحِبُّهُ فَأَحِبَّهُ وَأَحْبِبْ مَنْ يُحِبُّهُ "[1]

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ يَوْمَ خَيْبَرَ: " لَأُعْطِيَنَّ هَذِهِ الرَّايَةَ رَجُلًا يُحِبُّ اللهَ وَرَسُولَهُ، يَفْتَحُ اللهُ عَلَى يَدَيْهِ» قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: مَا أَحْبَبْتُ الْإِمَارَةَ إِلَّا يَوْمَئِذٍ، قَالَ فَتَسَاوَرْتُ لَهَا رَجَاءَ أَنْ أُدْعَى لَهَا، قَالَ فَدَعَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ، فَأَعْطَاهُ إِيَّاهَا، وَقَالَ: «امْشِ، وَلَا تَلْتَفِتْ، حَتَّى يَفْتَحَ اللهُ عَلَيْكَ» قَالَ فَسَارَ عَلِيٌّ شَيْئًا ثُمَّ وَقَفَ وَلَمْ يَلْتَفِتْ، فَصَرَخَ: يَا رَسُولَ اللهِ عَلَى مَاذَا أُقَاتِلُ النَّاسَ؟ قَالَ: «قَاتِلْهُمْ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ فَقَدْ مَنَعُوا مِنْكَ دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ، إِلَّا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ "[2].

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: " ... كَانَ أَخْيَرَ النَّاسِ لِلْمِسْكِينِ جَعْفَرُ بْنُ أَبِي طَالِبٍ، كَانَ يَنْقَلِبُ بِنَا فَيُطْعِمُنَا مَا كَانَ فِي بَيْتِهِ، حَتَّى إِنْ كَانَ لَيُخْرِجُ إِلَيْنَا العُكَّةَ الَّتِي لَيْسَ فِيهَا شَيْءٌ، فَنَشُقُّهَا فَنَلْعَقُ مَا فِيهَا "[3].

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: " عَانَقَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الحَسَنَ "[1].

---

[1] : صحيح مسلم: ٢٤٢١.

[2] : صحيح مسلم: ٢٤٠٥.

[3] : صحيح البخاري: ٣٧٠٨.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي طَائِفَةٍ مِنَ النَّهَارِ حَتَّى أَتَى خِبَاءَ فَاطِمَةَ فَقَالَ: «أَثَمَّ لُكَعُ؟ أَثَمَّ لُكَعُ؟» يَعْنِي حَسَنًا فَلَمْ يَلْبَثْ أَنْ جَاءَ يَسْعَى حَتَّى اعْتَنَقَ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا صَاحِبَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " اللَّهُمَّ إِنِّي أُحِبُّهُ فَأَحِبَّهُ وَأَحِبَّ مَنْ يُحِبُّهُ ".[٢]

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: كَانَ جَعْفَرٌ يُحِبُّ الْمَسَاكِينَ وَيَجْلِسُ إِلَيْهِمْ وَيُحَدِّثُهُمْ وَيُحَدِّثُونَهُ وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُكَنِّيهِ بِأَبِي الْمَسَاكِينِ.[٣]

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " رَأَيْتُ جَعْفَرًا يَطِيرُ فِي الْجَنَّةِ مَعَ الْمَلَائِكَةِ "[٤].

**جا ئەگەر کەسێك هۆگر و لایەنگری ئەمەویەکان بێت چۆن باسی فەزڵی عەلی و حەسەن و ئەهلی بەیت دەکات و ئەو فەرموودانە دەگێڕێتەوە؟! بۆیە أبو هورەیرە زۆر لەوە مەزنترە کە زەلیلی بنوێنێت بۆ کەسێك یان بنەماڵەیەك و لەو پێناوەدا درۆ بکات بە دەم خۆشەویستەکەیەوە کە**

---

[١] : صحيح البخاري: بَابُ مَنَاقِبِ الحَسَنِ وَالحُسَيْنِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا.

[٢] : **مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.**

[٣] : مشكاة المصابيح: ٦١٦١[٢٧] , **رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ.**

[٤] : صحيح: مشكاة المصابيح: ٦١٦٢[٢٨].

پێغەمبەری خوایە، ئەمە لە کاتێکدا أبو هورەیرە خۆی ئەو فەرموودە دەگێڕێتەوە و گێڕەرەوەی ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: " مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ "[١]. واتە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی هەرکەسێك بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با جێگایەك لە ئاگر بۆ خۆی دابنێت. ئیتر چۆن ئەگونجێت هاوەڵێکی وەکو أبو هورەیرە ئەم خیانەتە گەورەیە بکات لە خوا، لە دینەکەی( شتێکی بۆ زیاد بکات )، لە پێغەمبەرەکەی( شتێکی بەدەمەوە بڵێت بە درۆ )، لە خۆی ( شوێنێك بۆ خۆی لە ئاگری دۆزەخ دانێت)، لە موسڵمانان ( فەرموودەیان لێ بشارێتەوە و شتێکیشیان لەسەر واجب بکات لە زمانی پێغەمبەرەوە ).

---

[١] : صحيح مسلم: ٣[٣].

## گومانی شەشەم

نووسەر لە لاپەڕە ( ٣٥ )دا دەڵێت:

ئەمەویەکان گوێ و چاو و دڵی أبو هورەیرەیان داگیرکرد و ئەو بوبوە زمانی ڕاگەیاندنیان لە سیاسەتیاندا و بەگوێرەی هەواو ئارەزوی ئەوان دەجوڵایەوە .... لەلایەکی تر دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەمەویەکان پارەیەکی زۆریان دابە أبو هورەیرە و ماڵ و کۆشك و خانویان پێی بەخشی و ژنیشیان دایە و کردیانە خاوەن ماڵ ومنداڵ و سامان...

جا نیۆەندگیری بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم کە لە پێشەوە ژیان و تەقوا ولەخواترسی أبو هورەیرەت خوێندەوە و ئێستاش بەو شێوەیە باسی دەکرێت!!

یەکێکی تر لە گومان و چەواشەکاریەکانی ئەم نووسەرە ئەوەیە کە دەڵێت: أبو هورەیرە لەبەر دژایەتی کردنی عەلی کۆمەڵێك فەرموودەی هەڵبەستووە و هەندێك هەڵوێستی هەبووە لەگەڵ أبو بکردا لە دژی پێشەوا عەلی، بۆ نموونە: أبو هورەیرە باسی ئەوە ناکات لە گێڕانەوەکانیدا کە پێغەمبەری خوا لە ساڵی نۆی کۆچی أبو بکری لابرد لە سەرپەرشتیکردن و

بەڕێوەبردنی مەوسمی حەج بۆ موسڵمانان و پێشەوا عەلـی لە جێگەکەی دانا، و هەروەها أبو هورەیرە لە ڕقی عەلیدا دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ما حبست الشمس على بشر قط إلا على يوشع بن نون ليالي سار إلى بيت المقدس "[1] . واتە: خۆر هەرگیز بۆ هیچ کەسێك ڕانەگیراوە تەنها بۆ یوشەعی کوڕی نون نەبێت ئەو شەوانەی کە شەوڕەوی کرد بۆ بیت المقدس.

بەشێوەیەکی گشتی نووسەر باسی ئەوە دەکات کە گوایە أبو هورەیرە هەندێ فەرموودەی بە ئەنقەست هەڵبەستووە سەبارەت بە فەزڵی وچاکەی هەردوو خەلیفە أبو بکر و عومەر، ئەمەش وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ داواکاری سیاسەتی ئەمەویەکان لەدژی ئەهلی بەیت، ئەوەتا أبو هورەیرە لە باسی چاکەی عومەردا دەڵێت: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّهُ قَدْ كَانَ فِيمَا مَضَى قَبْلَكُمْ مِنَ الأُمَمِ مُحَدَّثُونَ، وَإِنَّهُ إِنْ كَانَ فِي أُمَّتِي هَذِهِ مِنْهُمْ فَإِنَّهُ عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ "[2] .

لە ڕاستیدا ئەگەر بتەوێ بە ئارەزووی خۆت بەشێك لە دەقەکانی فەرموودە بقرتێنێت و تەنها ئەو بەشەی کە لەگەڵ بۆچوونەکەی خۆتدا دەگونجێت

---

[1] : صحيح: صحيح الجامع الصغير و زيادته, ٥٦١٢.

[2] : صحيح البخاري: ٣٤٦٩.

بیهێڵێتەوە ئەوە زۆر ئاسانە، بەتایبەت بۆ کەسێك ترسی خوای لە دڵدا نەبێت و بیەوێ بە ئەنقەست کەسێك بڕوخێنێت و لەبەرانبەردا کەسێکی تری پێ بەرزبکاتەوە و فەزڵی بدات بەسەر خەڵکی تردا، لەکاتێکدا ئەو کەسە خۆی خاوەن فەزڵ وچاکەش بێت و پێویستی بە وەصف و پیاهەڵدانی خەڵکی نەبێت بۆی.

ئەوەی من ئەمەوێ بیڵێم لە وەڵامی ئەو گومانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەوەیە کە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەی أبو بکری وە ئەمیر دەستنیشان کرد بۆ حەج کردن بە موسڵمانان، دوا بەدوای ئەوەش پێشەوا عەلی نارد بۆ ئەوەی سورەتی ( بەرائە ) بۆ خەڵکی بخوێنێتەوە، بۆیە کاتێك أبو بکر ویستی دەست بە وتار بکات و باسی حەج و شێواز و چۆنێتیەکەی بکات بۆ خەڵکی لەو کاتەدا دەنگی وشترەکەی پێغەمبەری خوا لە دواوە بیسترا و ئەوانیش وا گومانیان برد کە پێغەمبەر هاتووە، بەڵام بینیان پێشەوا عەلی لەسەر ووشترەکەیە، و أبو بکریش پێی ووت: ئەی عەلی تۆ وەکو ئەمیر نێردراوی یان وەکو رەسول ( نێردە)؟ ئەویش ووتی: بەڵکو وەکو نێردە نێردراوم، پێغەمبەری خوا ناردومی تا سورەتی ( بەرائە ) بۆ خەڵکی بخوێنمەوە، بۆیە دوای تەواو بوونی وتارەکەی أبو بکر، پێشەوا عەلی هاتە

پێشەوەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی سورەتی بەرائە هەتا کۆتایی پێ هێنا[1].

کەوابوو پێغەمبەری خوا پێشەوا عەلی نارد بۆ خوێندنەوەی سورەتی بەرائە بەسەر خەڵکیدا نەوەك وەکو پێشەوایەتی کردنی خەڵکی بۆ حەج کردن و لادانی پێشەوا أبو بکر وەکو لە گێڕانەوەکەدا هاتووە، بەڵام بەداخەوە وەکو خۆی نەگێڕایەوە بۆیە نووسەر تووشی ئەو گومانە هات کە تووشی بوو.

سەبارەت بەوەی کە أبو هورەیرە فەرموودەی دروست کردووە سەبارەت بە فەزڵی عومەر دەڵێـت: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّهُ قَدْ كَانَ فِيمَا مَضَى قَبْلَكُمْ مِنَ الأُمَمِ مُحَدَّثُونَ، وَإِنَّهُ إِنْ كَانَ فِي أُمَّتِي هَذِهِ مِنْهُمْ فَإِنَّهُ عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ " واتە: پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: لە نێو ئوممەتانی پێشوودا کەسانێك هەبوون کە (مُحَدَّثُونَ )[2] بوون، ئەگەر لە نێو ئەم ئوممەتەمدا لەو جۆرە کەسانە هەبن ئەوا عومەری کوڕی خەتتابە.

---

[1] : [تعليق الشيخ الألباني] ضعيف الإسناد. ((التعليق على ابن خزيمة)) (٢٩٧٤).

[2] : بەکەسێك دەوترێ کە بۆچونی حەق و ڕاستی لەسەر زمانی بووترێت و گومانی هەرچی لە مێشکیدا هەبێت ڕوودەدات بە فەزڵ و تەوفیقی خوا.

ئەمە لە کاتێکدا فەرموودەیەکی صحیحە و ڕاستە سەبارەت بە فەزڵی پێشەوا عومەر ﷺ ، بەڵام نووسەر چی دەڵێت و گومانی چی بە أبو هورەیرە دەبات کاتێك فەرموودەشی گێڕاوەتەوە سەبارەت بە فەزڵی پێشەوا عەلی؟

یاخود گومانی چی دەبات بەو هاوەڵانەی دیکە کە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە دەربارەی فەزڵی پێشەوا أبو بکر و عوسمان؟

ئایا ئەوانیش تۆمەتبارن بە خۆنزیك کردنەوە بۆ ئەمەویەکان و ئەوانیش لە ڕقی عەلیدا فەرموودەیان هەڵبەستووە؟

ئەی ئایا بۆ تەنها أبو هورەیرە تۆمەتبارە؟

باشە دەبێت نووسەر و هاوشێوەکانی گومانی چی ببەن بە کەسێك کە ئەهلی بەیت بێت و سەبارەت بە فەزڵی أبو بکر فەرموودەی گێڕابێتەوە؟

ئەوەتا عبداللە ی کوڕی عەباس کە ئامۆزای پێغەمبەرە واتە کوڕی مامێتی چ فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: " لَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا مِنْ أُمَّتِي خَلِيلًا، لاَتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ، وَلَكِنْ أَخِي وَصَاحِبِي "[1].

**یاخود چی دەڵێن ئەگەر هاتوو پێشەوا عەلی خۆی باسی فەزڵ وچاکەی هەردوو پێشەوا أبو بکر و عومەر بکات؟ بۆ نموونە:**

عَنْ مُحَمَّدِ ابْنِ الحَنَفِيَّةِ، قَالَ: قُلْتُ لِأَبِي أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ بَعْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: «أَبُو بَكْرٍ»، قُلْتُ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «ثُمَّ عُمَرُ»، وَخَشِيتُ أَنْ يَقُولَ عُثْمَانُ، قُلْتُ: ثُمَّ أَنْتَ؟ قَالَ: «مَا أَنَا إِلَّا رَجُلٌ مِنَ المُسْلِمِينَ»[2].

**واتە: محمدی حەنەفی ( کوڕی پێشەوا عەلیە ) دەڵێت: بەباوکمم ووت: کێ باشترینی کەسە لە پاش پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئەویش ووتی: أبو بکر، ووتم: پاشان کــێ؟ ووتی: عــومـەر، ترسام بلێت عوسمان بۆیە ووتم : پاشان تــۆ؟ ئەویش ووتی: من یەکێك لە موسڵمانان زیاتر هیچی تر نیم.**

**یاخود ئەم باسە کە دووان لە ئەهلی بەیتی پێغەمبەری ﷺ تێدایە و باسی چاکەی أبو بکرو عومەرە:**

[1] : صحيح البخاري: ٣٦٥٦.

[2] : صحيح البخاري: ٣٦٧١.

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: إِنِّي لَوَاقِفٌ فِي قَوْمٍ، فَدَعَوُا اللَّهَ لِعُمَرَ بْنِ الخَطَّابِ، وَقَدْ وُضِعَ عَلَى سَرِيرِهِ، إِذَا رَجُلٌ مِنْ خَلْفِي قَدْ وَضَعَ مِرْفَقَهُ عَلَى مَنْكِبِي، يَقُولُ: رَحِمَكَ اللَّهُ، إِنْ كُنْتُ لَأَرْجُو أَنْ يَجْعَلَكَ اللَّهُ مَعَ صَاحِبَيْكَ، لِأَنِّي كَثِيرًا مَا كُنْتُ أَسْمَعُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «كُنْتُ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، وَفَعَلْتُ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، وَانْطَلَقْتُ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ» فَإِنْ كُنْتُ لَأَرْجُو أَنْ يَجْعَلَكَ اللَّهُ مَعَهُمَا، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا هُوَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ[1].

**یان هەمان ڕووداو بە شێوازێکی تر هاتووە بەم شێوەیە:**

عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ، أَنَّهُ سَمِعَ ابْنَ عَبَّاسٍ، يَقُولُ: وُضِعَ عُمَرُ عَلَى سَرِيرِهِ فَتَكَنَّفَهُ النَّاسُ، يَدْعُونَ وَيُصَلُّونَ قَبْلَ أَنْ يُرْفَعَ وَأَنَا فِيهِمْ، فَلَمْ يَرُعْنِي إِلَّا رَجُلٌ آخِذٌ مَنْكِبِي، فَإِذَا عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ فَتَرَحَّمَ عَلَى عُمَرَ، وَقَالَ: مَا خَلَّفْتَ أَحَدًا أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَلْقَى اللَّهَ بِمِثْلِ عَمَلِهِ مِنْكَ، وَايْمُ اللَّهِ إِنْ كُنْتُ لَأَظُنُّ أَنْ يَجْعَلَكَ اللَّهُ مَعَ صَاحِبَيْكَ، وَحَسِبْتُ إِنِّي كُنْتُ كَثِيرًا أَسْمَعُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «ذَهَبْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ، وَعُمَرُ، وَدَخَلْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ، وَعُمَرُ، وَخَرَجْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ، وَعُمَرُ»[2].

---

[1] : صحيح البخاري: ٣٦٧٧.

[2] : صحيح البخاري: ٣٦٨٥.

ئەمانە و چەندینی تر هەن لەو بابەتە بەڵام لەبەر درێژ نەبوونەوەی باسەکە هەمووی ناهێنم، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە هاوەڵان وەکو برابوون و ڕێز و حورمەتی یەکتریان زانیوە و ئەوەیان بە چاکی زانیوە کە کێ لە نێویاندا لە هەموویان باشترە و فەزڵی زیاترە و ئەو شاهێدیەشیان بۆ یەکتر داوە بەڕاشکاوی، چۆن وا نابن و بەوشێوەیە نین لەکاتێکدا ئەوان پەروەردەی دەستی کەسێکن کە خوای پەروەردگار وەصفی دەکات و بەرز دەینرخێنێت ئەویش پێغەمبەری خوایە ﷺ ، بەڵێ ئەو پێغەمبەرە ئازیز و دانایە ئەو جیلەی هاوەڵانی وەها پەروەردە کردبوو وەکو شاعیر دەڵێت:

کە غەریبێك دەهاتە نێو شارەوە دەیووت ئەمە پێغەمبەرستانە ! چونکە بە شێوازێك هەڵسوکەوتیان دەکرد دەتووت سبەینێ قیامەتە، وە کۆمەڵگەیەکیان پێك هێنابوو کە تاوانێکی بچووکی تێدا وەکو شاخ دیاربوو لەبەر پاکی و بێگەردیان، لە ڕاستیدا وەصفی هاوەڵان زۆرە و درێژە دەکێشێت و لەشوێنی تردا باس کراوە بە درێژی بۆیە لێرەدا ناچینە ناو ئەو باسەوە.

سەبارەت بەوەش کە ئەبو هورەیرە لە ڕقی عەلی دەڵێت:

پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: خۆر تەنها بۆ یوشەعی کوڕی نون نەبێت بۆ کەسی تر ڕانەگیراوە.

چونکە جارێکیان پێغەمبەری خوا نوێژی عەسری کرد و سەری لەسەر ڕانی عەلی دانا و خەوی لێکەوت هەتا خۆر ئاوابووو عەلیش پێی خۆش نەبوو بەخەبەری بکاتەوە هەتا خۆر ئاوابوو، بۆیە کە بەخەبەر هاتەوە، عەلی داوای لە پێغەمبەری خوا کرد کە خۆری بۆ بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی نوێژی عەسر بکات ئەویش داواکە قبوڵ کردو بە خۆری فەرموو بگەڕێرەوە و ئەویش گەڕایەوە !

لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە لە هیچ کتێبێکی صحیحدا نەهاتووە، بەڵکو پێشەوا ئەلبانی لە کتێبی ( سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة )دا دەڵێت: ئەم فەرموودەیە ( موضوع )ە واتە: هەڵبەستراوە و دروست کراوە هیچ بنچینەیەکی نیە، وە ابن الجوزی لە کتێبی ( الموضوعات )دا هێناویەتی ودەڵێت: (موضوع بلا شك ). وە پێشەوا الجوزقانی دەڵێت: (هذا حديث منكر مضطرب ).

وە ئەو جۆرە موعجیزانەش لە هەموو کاتێکدا ڕوونادەن و بۆ پێغەمبەران نەبێت بۆ کەسی تر نیە، و دیارە ئەم جۆرە کەسانە ئەم ڕووداوەیان لە کۆنەوە هەرباس کردووە بۆیە یەکێکی وەکو شیخ الآسلام إبن تيميه بە ڕەحمەت بێت هەر زوو لە کاتی خۆیدا وەڵامی ئەو گومانەی داوەتەوە و ئەو باسەی ڕوون کردۆتەوە، وەکو دەڵێت: پێغەمبەری خوا و هاوەڵان جارێکیان خەوتبوون بۆ نوێژی بەیانی بە ئاگانەهاتنەوە جا پێغەمبەر لە عەلی چاکترە و سوورترە لەسەر عیبادەت و نەفەوتانی نوێژ و کەچی داوای نەکرد خۆر دووبارە بگەڕێتەوە بۆ خۆرهەڵات، یان بەهەمان شێوە لەکاتی شەڕی خەندەقدا پێغەمبەر سەرقاڵ بوو، بۆی نەکرا نوێژی عەسر بکات و داواشی نەکرد خۆر بوەستێت یان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نوێژ بکات، ئەوەبوو دوعای لە بێباوەڕان کرد و فەرمووی: " شغلونا عن الصلاة الوسطى صلاة العصر حتى غربت الشمس ملأ الله أجوافهم وبيوتهم نارا " . پاشان کەسێکی وەکو پێشەوا عەلی زۆر لەوە لە خواترسترە و بەرزترە کە بەو شێوە ئاساییە نوێژی عەسری لەدەست بچێت و نەیکات تا کاتی خۆرئاوابوون، لەکاتێکدا دەزانێت کە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " من فاتته صلاة العصر فكأنما وتر أهله وماله ".[1]

وە پێشەوا ئەلبانیش لەم بارەیەوە وەڵامێکی هەیە بۆ ئەو باسە و دەڵێت:

وەکو ڕوون کرایەوە کە ئەو فەرموودەیە لای ئەهلی عیلم و لێکۆڵەران بریتیە لە ( كذب و موضوع )، بەڵام ئەگەریش وترا کە ئەم ئوممەتە لە بەنی ئیسرائیل چاکترەو فەزڵی زیاترە و ئەگەر بۆ ئەوان خۆر گەڕێنرابێتەوە ئەوا چ ڕێگرێك هەیە کە بۆ پیاوچاکانی ئەم ئوممەتەیش بگەڕێنرێتەوە؟

لەوەڵامدا دەوترێت: یوشەع خۆری بۆ نەگەڕێنرایەوە، بەڵکو ئاوابوونی دواخرا و ڕۆژی بۆ درێژکرایەوە، ئەمەش لەوانەیە دەرنەکەوێت بۆ خەڵکی و هەستی پێ نەکەن، چونکە کورت و درێژی ڕۆژ هەندێ جار پێی نازانرێت، وە ئێمە ئەو هەواڵەش بەهۆی فەرمایشتی پێغەمبەرەوە ﷺ دەزانین و پێمان گەیشتووە، بۆیە هیچ ڕێگریەك نیە بۆ درێژبوونەوەی و ئەگەر خوا ویستی هەبێت ئەوا ئەنجامی دەدات، بەڵام یوشەع پێویستی بەوە هەبوو وە ناچاربوو کە ڕۆژی بۆ درێژ بکرێتەوە، چونکە شەڕکردن حەرام بووە لەسەری لە پاش خۆرئاوابوون، ئەوەش بەهۆی ئەوەی خوای گەورە هەندێ کاروکردەوەی

[1] : صححه الألباني في "التعليق الرغيب" (١ / ١٦٩).

لەسەریان حەرام کردبوو لە شەو و ڕۆژی شەممەدا، و ئوممەتی محمد پێویستیان بەوە نیە و سوودی تێدا نیە بۆیان، جا ئەگەر کەسێك نوێژی عەسری لەدەست دەرچوو، دوو حاڵەت هەیە:

ئەگەر کەمتەرخەم بێت وبەئەنقەست بێت، ئەوا تاوانی لەسەر لاناچێت مەگەر بە تۆبە نەبێت، وە کە تۆبەشی کرد ئیتر پێویستی بە گەڕانەوەی خۆر نیە بۆی. ئەگەریش کەمتەرخەم نەبوو وەکو خەوتوو یان بیرچوون ئەوا لۆمەی لەسەر نیە کە دوای خۆرئاوابوونیش نوێژی عەسر بکات و ڕێگەی پێ دراوە.

وە هەروەها لەلایەکی ترەوە هەر بە ئاوابوونی خۆر ئیتر کاتی نوێژی عەسر نامێنێت و دەردەچێت، و نوێژخوێن نوێژەکەی بە نوێژێکی شەرعی دانانرێت لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەگەریش خۆر بگەڕێنرێتەوە، وە ئایەتی: ﴿ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ ﴾ طه: ١٣٠

ئەو خۆرئاوابوونەیە کە دەیزانین، بۆیە پێویستە بەندە پێش ئەو خۆرئاوابوونە نوێژەکەی بکات ئەگەریش خۆر دەربچێتەوە و دواتریش ئاوابێت.

وە ئەو حوکمانەی کە پەیوەستن بە خۆرئاوابوونەوە هەموویان ڕوودەدەن و تەواودەبن بەو ئاوابوونە، بۆنموونە: ڕۆژوەوان ڕۆژوەکەی دەشکێنێت و ئەگەریش خۆر بگەڕێتەوە ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ نەبۆتەوە، هەرچەندە ئەم حاڵەتە ڕوو نادات بۆ کەس، و بۆ هیچ یەکێکیش ڕووی نەداوە، بۆیە تەقدیرکردن بۆی تەقدیرکردنە بۆ شتێك کە بوونی نیە[١].

## گومانی حەوتەم

نووسەر لە لاپەڕە ( ٤٢–٥٥ )دا دیسانەوە گومانی لە زۆری ژمارەی ئەو فەرموودانە هەیە کە أبو هورەیرە دەیانگێڕێتەوە و هەندێك قیاسی باتڵ دەکات و دەڵێت: چۆن دەگونجێت أبو هورەیرە لەگەڵ ئەوەی تەنها سێ ساڵ لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووە کەچی لە هەرچوار خلیفەکە و دایکە عائیشە و ئوسەلەمە فەرموودە زیاتر بگێڕێتەوە، جگە لەوەش أبو هورەیرە خۆی دان بەوەدا دەنێت کە هیچ یەکێك لەهاوەڵان بە ئەندازەی خۆی فەرموودەی لا نیە جگە لە عبداللّٰه ی کوڕی عەمری کوڕی عاص نەبێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو دەینووسی و أبو هورەیرە نەیدەنووسی.

[١] : سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة, تعليق الشيخ رحمه اللّٰهُ على حديث  رقم: ٩٧١.

کەچی دەبینین ئێستا لە نێو کتێبی فەرموودەدا ژمارەی فەرموودەکانی أبو هورەیرە زۆر زیاترن لەوانەی عبدالله ی کوڕی عەمر ! !

وە نووسەر دەڵێت: ئەم دان پێدانانەی أبو هورەیرە کاتێك بووە لەسەرەتای دەستپێکردنی بەگێڕانەوەی فەرموودە و بەم ئەندازە خراپە زیادەڕۆیی نەکردبوو، بەڵام دواتر زۆر بەخراپی زیادەڕۆیی کرد لە هەڵبەستن و گێڕانەوەی فەرموودە لەسەردەمی موعاویەدا، کاتێك کە أبو بکر و عومەر و عەلی نەمابوون کە گەورەی هاوەڵان بوون و أبو هورەیرە لێیان دەترسا، بۆیە کە ئەوان نەمان ئەمیش ترسی نەما ! !

سەرەتا بەوە دەست دەکەین بە وەڵامدانەوە کە ئەگەر نووسەر لەبەر بەهێزی مێشکی أبو هورەیرە تووشی سەرسوڕمان بێت کە ئەو ژمارە زۆرەی فەرموودەی چۆن لەبەربووە، ئەوا ئێمە تووشی سەرسوڕمان نایەین و جێگەی سەرسامیش نیە، چونکە لەنێو عەرەبدا کەسانێك هەبوون بەچەندین قات لەوەی أبو هورەیرە زیاتر شتیان لەبەر بووە، بۆ نموونە:

زۆرێك لە هاوەڵان قورئانی پیرۆزیان لەبەربووەو فەرموودە و شیعریش، أبو بکر نەسەب و ڕەچەڵەکی عەرەبی لەبەربووە، عائیشە شیعری زۆری

لەبەربووە، کەسێکی وەکو حماد الراویە زاناترین کەسە بە مێژوو شیعر و هەواڵ و نەسەب ونەژاد و زمانی عەرەب و تەنانەت ئەم کەسە لەسەر هەر پیتێکی زمانی عەرەبی دووسەد پارچە شیعری گەورەی گێڕاوەتەوە لەبەر لە شیعری جاهیلی پێش ئیسلام، وە یان هاوەڵێکی وەکو ابن عباس کە زانای ئوممەتە لە تەفسیردا چەند شتی لەبەربووە، یان زانایەکی وەکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یەك ملیۆن فەرموودەی لەبەربووە، وەکو أبو زرعە لێیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " كَانَ يَحْفَظُ أَلْفَ أَلْفَ حَدِيثٍ "[1].

یان پێشەوایەکی وەکو الطَّيَالِسِيّ ( كَانَ يَحْفَظُ أَرْبَعِينَ أَلْفَ حَدِيثٍ)[2]

واتە: چل هەزار فەرموودەی لەبەر بووە.

قَالَ الْبُخَارِيُّ: أَحْفَظُ مِائَةَ أَلْفِ حَدِيثٍ صَحِيحٍ، وَمِائَتَيْ أَلْفِ حَدِيثٍ غَيْرِ صَحِيحٍ.[3]

واتە: سەد هەزار فەرموودەی صحیحم لەبەرەو دووسەد هەزار فەرموودەی لاوازیش.

---

[1] : علوم الحديث و مصطلحه, باب: الإمام أحمد بن حنبل, ج١, ص: ٣٩٥.

[2] : فتح المغيث بشرح ألفية الحديث, باب: الكلام على المسانيد, ج١, ص: ١١٦.

[3] : تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي, ج١, ص: ٤٠.

قَالَ مُسْلِمٌ: صَنَّفْتُ هَذَا الْمُسْنَدَ الصَّحِيحَ مِنْ ثَلَاثِمِائَةِ أَلْفِ حَدِيثٍ مَسْمُوعَةٍ.[١]

**واتە: ئەم موسنەدە صحیحەم لە سێ سەد هەزار فەرموودەی بیستراوەوە داناوە.**

قال أبو زرعة: أَحْفَظُ مِائَةَ أَلْفِ حَدِيثٍ كَمَا يَحْفَظُ الْإِنْسَانُ سُورَةَ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ؛ وَفِي الْمُذَاكَرَةِ ثَلَاثِمِائَةِ أَلْفِ حَدِيثٍ. **واتە: سەد هەزار فەرموودەم لەبەرە وەکو چۆن کەسێك سورەتی** قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ **ی لەبەرە.**

كَانَ إِسْحَاقُ بْنُ رَاهَوَيْهِ يُمْلِي سَبْعِينَ أَلْفَ حَدِيثٍ حِفْظًا.

**واتە: ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی حەفتا هەزار فەرموودەی دەنووسیەوە لەبەر.**

وَقَالَ يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ: أَحْفَظُ خَمْسَةً وَعِشْرِينَ أَلْفَ حَدِيثٍ بِإِسْنَادِهِ وَلَا فَخْرَ، وَأَحْفَظُ لِلشَّامِيِّينَ عِشْرِينَ أَلْفَ حَدِيثٍ.

**واتە: بیست وپێنج هەزار فەرموودەم لەبەرە بە سەنەدەکانیانەوە و بیست هەزاریش لە فەرموودەی شامیەکان. کەوابوو أبو هورەیرە لەم بارەیەوە جیاوازنیە و جێگەی ڕەخنە نیە، بەتایبەت کاتێك کە ئەو فەرموودانەی دەیگێڕێتەوە هەمووی صحیح نین و هەندێکی سەنەدەکەی نەگەیشتووە پێی.**

---

[١] : المصدر السابق.

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەری خوا دوعای بۆ کردووە بۆ ئەوەی شتی بیرنەچێتەوە وەکو پێشتر بە درێژی باسی لێوە کرا.

وە هەروەها أبو هورەیرە ڕاستە بەبەراورد لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵاندا کەمتر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووە کەئەویش سێ ساڵ بووە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەو ساڵانەی کە أبو هورەیرە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووە تایبەتمەندی خۆی هەبووە وەکو قۆناغێکی مێژویی، چونکە لەو چەند ساڵەدا کە پێغەمبەری خوا ڕێککەوتنی لەگەڵ قورەیشدا ئەنجام دا، ئیتر پێغەمبەری خوا بە تەواوەتی یەکلابوەوە بۆ بانگەواز و پێگەیاندنی خەڵك و ناردنی نوێنەر و نێردراو بۆ جێگە و شوێنە جیاوازەکان و لەلایەکی تریشەوە وەفد و دەستە و تاقمەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن بۆ لای و ئیسلام بوونی خۆیانیان ڕادەگەیاند و دواتر دەیانینێردە نێو خەڵك و قەومەکانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و پێگەیاندن و تێگەیاندنی خەڵکی لە پەیامی ئیسلام وەکو خۆی، کەوابوو ئەو ساڵانە و ئەو قۆناغە مێژووییە سەردەمێك بوو کە چەندین گۆڕانکاری گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەشریعی گرنگ هاتە ئاراوە و أبو هورەیرەش لەو کاتانەدا بەبەردەوامی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا

بووە و خۆی لە ناو ڕووداوەکاندا بووە و بەچاو بینیویەتی و بە گوێ بیستوویەتی و بەدڵیش تێیگەیشتووە.

پاشان هەموو ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویەیتیەوە هەمووی لە پێغەمبەری خواوە نەبووە ﷺ ، بەڵکو هەندێکیشی لە هاوەڵانەوە ریوایەت کردووە و گێڕاوەتەوە، وە ریوایەتی هاوەڵانیش لەیەکترەوە وەرگیراو و بەناوبانگە، بۆیە کاتێك ئەم ڕاستیانە دەزانین ئەو سەرسوڕمانەمان لا دروست نابێت کە بۆ نووسەر دروست بووە.

هەڵەیەکی تری نووسەر ئەوەیە کە ( خلفاء الراشدين )ی بەراورد کردووە بە أبو هورەیرە لە بواری حیفز و زۆری فەرموودە گێڕانەوەدا. ئەم نەزانی و هەڵە تێگەیشتنەش لەبەر چەند هۆیەکە، بە واتایەکی تر لەبەر چەند هۆکارێکە کە أبو هورەیرە لەوان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، لەوانە:

ڕاستە جێنشینەکانی پێغەمبەری خـوا پێش أبو هورەیرە موسڵمان بوون و هاوەڵی پێغەمبەربوون، و بە ئەندازەی أبو هورەیرە فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ئەوان زیاتر گرنگیان داوە بە کاروباری دەوڵەت و سیاسەت وبەڕێوەبردنی ئیشی خەڵکی و موسڵمانان و حوکم کردندا

و لەولاشەوە زانا و قورئان خوێن و قازیان دەنارد بۆ شار و شوینەکانیش بۆ ئەوەی ئەو ئەرك و ئەمانەتەی لەسەر شانیانە بیگەیەنن و خزمەت بکەن لە ئاراستەکردن و ئامۆژگاری کردنی ئوممەتدا، واتە خۆیان بە حوکم و قەزاوەتەوە سەرقاڵ بوون و زانایانیشیان تەرخان کردبوو بۆ فێرکردنی خەڵکی و تێگەیاندنیان. بۆیە هەردوو کارەکە بەوپەڕی ڕێکی و داناییەوە دەڕۆیشت وبەردەوام دەبووو. هەروەکو چۆن لۆمە و سەرزەنشتی یەکێکی وەکو خالدی کوڕی وەلید ناکەین لەسەر کەم گێڕانەوەی فەرموودە لەبەر سەرقاڵ بوونی بە فتوحات و تێکۆشانەوە لە پێناوی خوادا، ئاوەهاش لۆمە وسەرزەنشتی أبو هورەیرە ناکەین لەسەر زۆر گێڕانەوەی فەرموودە لەبەر سەرقاڵ بوون وخۆتەرخان کردنی بۆ زانست وفێربوونەوە. یان دەکرێ لۆمە و سەرزەنشتی کەسانێکی وەکو عوسمان و ابن عباس بکەین لەبەر ئەوەی خۆیان لەپێشەوەی جەنگ ئالاهەلگری هەڵمەت و پرۆسەی والاکاری ( فتوحات ) نەبوون؟ کەوابوو هەرکەسێك ژێربارو تەرخان کراوە بۆ ئەو کارو پیشەیەی بۆی دروستکراوە و بۆیشی ئاسانکراوە، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " كُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ " [1].

---

[1] : صحيح البخاري: ٧٥٥١.

- خۆ یەکلاکردنەوەی أبو هورەیرە بۆ زانست و فێربوون و دوورەپەرێزی لە سیاسەت وحوکمڕانی، و پێویستی خەڵك بۆ زانستەکەی لەبەر درێژی تەمەنی.

هەروەها بەراورد کردنی بە دایکە عائیشە، ئەوەش تێنەگەیشتنێکی ترە کە باس دەکرێت، وەڵامەکەشی ئەوەیە کە دایکە عائیشە لەماڵەکەی خۆیدا فەتوای بۆ خەڵکی دەدا، بەڵام أبو هورەیرە ئەڵقەی دەبەست لەناو مزگەوتی پێغەمبەردا و خەڵکی بەچواردەوریەوە بوون، وە هەروەها لەبەر ئەوەی أبو هورەیرە زیاتر تێکەڵاوی خەڵکی دەکرد و لەناو خەڵکدا بوو بە بەراورد لەگەڵ دایکە عائیشە بە سیفەتی ئەوەی ئەو پیاوبووە و لە دەرەوە بووە، لەکاتێکدا خوای گەورە بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ ﴾ { الأحزاب:٣٣ } واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر، لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوەو ئۆقرە بگرن و وەکو سەردەمی نەفامی زینەت وجوانی خۆتان دەرمەخەن. جا بۆیە هاتنە ژورەوەی هەموو پیاوێکیش بۆ لای شەرعی و ڕێگەپێدراویش نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە زیاتر دایکە عائیشە ئامۆژگاری ئافرەتانی دەکرد و زۆربەی هەوڵ و تێکۆشانی بۆ تێگەیاندن و فێرکردنی ئافرەتان بوو. هەرچی ئوم سەلەمەشە ئەویش دیسان

فەرمان پێکراو بوو بەوەی لەماڵ بمێنێتەوەو جگە لەوەش وەکو دایکە عائیشە زانستی لا نەبووە و وەکو ئەویش سەرچاوەی زانست نەبووە بۆ هاوەڵان و خەڵکیش.

سەبارەت بەوەش کە أبو هورەیرە وتویەتی تەنها عبداللّٰە ی کوڕی عەمر فەرموودەی لە من زیاتر لایە لەبەر ئەوەی ئەو دەنووسێت و من نانووسم، لەم بارەیەوە پێشەوا إبن حجر بەم شێوەیە وەڵامی ئەو گومانەمان بۆ دەداتەوە:

کە أبو هورەیرە دەڵێت: ئەو دەنووسێت و من نانووسم، ئەمە بەڵگەیە کە أبو هورەیرە دەیهێنێتەوە لەسەر زۆرێتی ئەو فەرموودانەی کە لای عبداللّٰە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصە، وە ئەمە سوودی ئەوەی تێدایە کە أبو هورەیرە دڵنیایە لەوەی لە نێو هاوەڵاندا هیچ یەکێکیان بە ئەندازەی ئەو فەرموودەی لەلا نیە، مەگەر عبداللّٰە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی هەیە و گێڕراوەتەوە لە عبداللّٰە وە کەمترە لەوەی هەیە و گێڕراوەتەوە لە أبو هورەیرەوە بەچەندین قات، جا لێرەدا کاتێك کە أبو هورەیرە دەڵێت: " إلاّ ما كان من عبداللّٰە ... " ئەگەر (الِاسْتِثْنَاءُ مُنْقَطِعٌ ) بێت ئەوە هیچ ئیشکال و گرفتێکی تێدا نیە چونکە ماناکەی بەم شێوەیە دەبێت: واتە ئەوەی لای عبداللّٰە یە کە نووسینەکەیە لەگەڵ مندا یەکسان نیە چونکە من نانووسمەوە، کەوابوو

نووسینەکە هاوتا نیە نەوەك ئەو فەرموودانەی کەلە سنگدایە ولەبەرێتی. وە ئەگەریش (الِاسْتِثْنَاءُ مُتَّصِلٌ) بێت، واتە فەرموودەکانی لای عبدالله زۆرترن لەو فەرموودانەی من، ئەوا هۆکارەکەی لە چەند ڕوویەکەوەیە:

- یەکەم: عبدالله زیاتر سەرقاڵی عیبادەت و خواپەرستی بوو لەوەی خەریکی زانست وفێربوون بێت[1]، هەربۆیە گێڕانەوەی فەرموودە لێیەوە کەمتـرە.

- دووەم: عبدالله لە پاش فتوحات زیاتر لە مصر و تائیف دەمایەوە و لەو دوو شارە نیشتەجێ بوو، وە ئاشکرایشە کە گەشت کردن بۆ فێربوونی زانست بۆ ئەو دوو شارە نەکراوە وەکو ئەوەی بۆ مەدینە دەکرا، وە أبو هورەیرەش لە مەدینەدا لە ڕیزی پێشەوە بوو بۆ فەتوا و گێڕانەوەی

---

[1] : بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو ڕاستیە ئەم فەرموودەیە دەگێڕینەوە کە عبدالله ﷺ خۆی دەیگێڕێتەوە:

عَنْ سعيد بن ميناء , قَالَ , سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – : (يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو! بَلَغَنِي أَنَّك تَصُومُ النَّهَارَ , وَتَقُومُ اللَّيْلَ فَلَا تَفْعَلْ" فَإِنَّ لِجَسَدِك عَلَيْك حَقًّا , وَإِنَّ لِنَفْسِك عَلَيْك حَقًّا , صُمْ وَأَفْطِرْ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ صَوْمُ الدَّهْرِ) , قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً , قَالَ: (صُمْ صَوْمَ دَاوُدَ , صُمْ يَوْمًا وَأَفْطِرْ يَوْمًا) , قَالَ: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرٍو يَقُولُ: يَا لَيْتَنِي كُنْتُ أَخَذْتُ الرُّخْصَةَ. { قال الألباني: صحيح – ((صحيح أبي داود)) (٢٠٩٨) }.

فەرموودە هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەمەش لە زۆری ئەو کەسانەوە دەردەکەوێت کە لە أبو هورەیرەوە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، وەکو بوخاری دەڵێت: هەشت سەد کەس لە تابعین لە أبو هورەیرەوە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە کە تەنها بۆ أبو هورەیرە نەبێت بۆ کەسی تر ئەمە ڕووی نەداوە.

- سێیەم: أبو هورەیرە تایبەتمەند بوو بە دوعاکەی پێغەمبەری خواﷺ بۆی بەوەی کە هیچی لەبیر نەچێتەوە.

- چوارەم: عبداللە لە شامدا بە ئەندازەی باری ووشترێك کتێبی ئەهلی کیتابی دەستکەوت و دەیخوێندەوەو تەماشای دەکرد و لێیەوە شتی دەگێڕایەوە، بۆیە زۆرێك لە پێشەوایانی فەرموودە دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی فەرموودە لێیەوە. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.[١]

---

[١] : فتح الباري, باب: قوله كتابة العلم, ج١, ص: ٢٠٧.

## ➢ أبو هورەیرە و پێشەوا عــومــەر

هەندێك لە ناحەزانی أبو هورەیرە ئەم ریوایەتە باس دەکەن کە پێشەوا عومەر رضي الله عنه بە أبو هورەیرەی وتووە: " لَتَتْرُكَنَّ الْحَدِيثِ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَوْ لَأُلْحِقَنَّكَ بِأَرْضِ دَوْسٍ، وَقَالَ لِكَعْبِ الأحبار: لتتركن الحديث عن الأول أو لألحقنك بأرض القردة "[١]. واتە: واز ئەهێنی لە گێڕانەوەی فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم یان ئەوەتا بتگەڕێنمەوە بۆ خاکی دەوس، وە بە کعبی ئەحباریشی وتووە: واز ئەهێنی لە گێڕانەوەی قسە لەسەر جیلی یەکەم یان ئەوەتا بتگەڕێنمەوە بۆ خاکی مەیمون.

لە ڕاستیدا وەکو لە گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت ڕێگریەکەی پێشەوا عومەر تەنها بۆ أبو هورەیرە نیە و بەڵکو بۆ خەڵکی تریش بووە، وەهەروەها پێشەوا إبن کەسیر هەر خۆی وەڵامی ئەوەش دەداتەوە کە بۆچی عومەر لەو کاتەدا ڕێگری لە أبو هورەیرە کردووە کە فەرموودە بگێڕێتەوە و دەڵێت:

ئەم کردارەی پێشەوا عومەر رضي الله عنه دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی خۆی کە بەشێوەیەکی گشتی وەها ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە ڕێژەیەکی کەم

---

[١] : البداية والنهاية, ج٨, ص: ١٠٦.

فەرموودە بگێڕنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی خراپ لێی نەگەن و بەو هۆیەوە شوێنی روخصەتەکانی بکەون و گومڕابن، لەلایەکی ترەوە نەوەك بە هۆی فەرموودەوە پشت لە قورئان بکەن و گرنگی بە فەرموودە بدەن، وە ئەو کەسەشی کە زۆر فەرموودە بگێڕێتەوە دوور نیە تووشی هەڵە و بیرچوونەوە بێت و شتێك بە دەم پێغەمبەری خواوە بڵێت کە نەیووتبێت.

پاشان ئەوەش بۆ کاتێکی دیاری کراوە بووە، چونکە پێشەوا عومەر هەر خۆی دوای ماوەیەك ڕێگەی بە أبو هورەیرە دا بۆ گێڕانەوەی فەرموودە پاش ئەوەی وەرع و تەقوا و لەخواترسانی أبو هورەیرەی بۆ دەرکەوت. وەکو لەم ریواتەدا هاتووە:

أبو هورەیرەوە دەڵێت: فەرموودەکانی من گەیشتە پێشەوا عـومـەر ﷺ و ئەویش ناردی بە شوێنمدا و وتی: تۆ لەگەڵماندا بووی کاتێك ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین لە ماڵی فلان؟ منیش ووتم: بەڵێ، دەزانم بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت، ئەویش وتی: بۆچی پرسیارت لێ دەکەم؟ منیش وتم: ئەو رۆژەی کە تۆ باسی دەکەیت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " مَنْ كَذَبَ

عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النار " [1] واتە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی هەرکەسێك بە ئەنقەست درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با جێگایەك لە ئاگر بۆ خۆی دابنێت. ئیتر پێشەوا عومەریش وتی: ئەگەر وانیە، کەواتە بڕۆ فەرموودە بگێڕەرەوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوا عومەر پێی ووتوە: " کەوابوو ئێستا هەرچیت دەوێ لە پێغەمبەری خواوە بیگێڕەرەوە"[2].

بێگومان ئەم ڕێگەپێدانەش خۆی لەخۆیدا بریتیە لە متمانەکردن بە أبوهورەیرە و دڵنیابوون لە فەرموودەکانی بەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە دەیگێڕێتەوە.

پاشان کاتێك پێشەوا عـومـەر لەو کاتەدا ڕێگری لێی کرد مانای ئەوە نیە کە تۆمەتباری أبو هورەیرە بکات بەوەی درۆ دەکات، چونکە خۆ عومەر پێی نەووت: " لَتَتْرُكَنَّ الْكَذب عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ... " ئەگەر واز لە درۆکردن نەهێنی ئەوا واو وات لێ دەکەم ، بەڵکو بەو شێوەیە بوو کە لە پێشەوە باسی کرا. پێشەوا عومەر هەردەم دەیووت: " اشْتَغَلُوا بِالْقُرْآنِ فَإِنَّ

---

[1] : صحيح متواتر: صحيح الجامع الصغير, رقم: ٦٥١٩.

[2] : ابن عساكر: ص ٤٨٧، ج ٤٧.

الْقُرْآنَ كَلامُ اللَّهِ ".واتە: سەرقاڵ بن بە قورئانەوە چونکە قورئان فەرمایشتی خوایە. پاشان أبو هورەیرە دەڵێت: " لَمَّا بَعَثَ أَبَا مُوسَى إِلَى الْعِرَاقِ قَالَ لَهُ: «إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا لَهُمْ فِي مَسَاجِدِهِمْ دَوِيٌّ بِالْقُرْآنِ كَدَوِيِّ النَّحْلِ، فَدَعْهُمْ عَلَى مَا هُمْ عَلَيْهِ، وَلاَ تَشْغَلْهُمْ بِالأَحَادِيثِ، وَأَنَا شَرِيكُكَ فِي ذلك "[1]. واتە: کاتێك پێشەوا عومەر أبا موسای ئەشعەری نارد بۆ عێـراق پێی ووت: تۆ دەچیت بۆ لای گەلێك لە مزگەوتەکانیاندا دنگەدنگە و گرمەیەکیان لێوە دێت بە هۆی قورئان خوێندنیانەوە وەکو دەنگی هەنگ وایە، بیانهێڵە لەسەر ئەو حاڵەتەی خۆیان و سەرقاڵیان مەکە بە فەرموودەوە.

کەوابوو شێواز و بەرنامەی پێشەوا عومەر ئەوە بووە کە فەرموودە کەم بگێڕرێتەوە و ئەگەریش یەکێك فەرموودە بگێڕێتەوە دەبێت کەسێکی متمانە پێکراو بێت و لەو بارەیەشەوە توندی دەنواند بۆ ئەوەی خەڵکی کەمتەرخەمی نەکەن، تەنانەت لە پاش وەفاتی پێشەوا عومەریش خەڵکانێك تەنها متمانەیان بەو فەرموودانە بوو کەلەسەردەمی عومەردا گێڕرابوونەوە.

---

[1] : " البداية والنهاية ": ص ١٠٧، جـ ٨.

**بۆ نموونە:**

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَامِرٍ الْيَحْصَبِيِّ، قَالَ: سَمِعْتُ مُعَاوِيَةَ، يَقُولُ: " إِيَّاكُمْ وَأَحَادِيثَ، إِلَّا حَدِيثًا كَانَ فِي عَهْدِ عُمَرَ، فَإِنَّ عُمَرَ كَانَ يُخِيفُ النَّاسَ فِي اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ".

**واتە: بیستم موعاویە( لەسەر مینبەرێك لە دیمەشق ) دەیووت: ئامان نەکەن زۆر فەرموودە بگێڕنەوە، مەگەر فەرموودەیەك لەسەردەمی عومەردا گێڕرابێتەوە، چونکە عومەر خەڵکی دەترساند لەپێناوی خوا.**

**هەروەها پێشەوا نەوەوی لە ڕاڤەی ئەم ریواتەدا دەڵێت:**

" وَمُرَادُ مُعَاوِيَةَ النَّهْيُ عَنِ الْإِكْثَارِ مِنَ الْأَحَادِيثِ بِغَيْرِ تَثَبُّتٍ لِمَا شَاعَ فِي زَمَنِهِ مِنَ التَّحَدُّثِ عَنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَمَا وُجِدَ فِي كُتُبِهِمْ حِينَ فُتِحَتْ بُلْدَانُهُمْ وَأَمَرَهُمْ بِالرُّجُوعِ فِي الْأَحَادِيثِ إِلَى مَا كَانَ فِي زَمَنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لِضَبْطِهِ الْأَمْرَ وَشِدَّتِهِ فِيهِ وَخَوْفِ النَّاسِ مِنْ سَطْوَتِهِ وَمَنْعِهِ النَّاسَ مِنَ الْمُسَارَعَةِ إِلَى الْأَحَادِيثِ وَطَلَبِهِ الشَّهَادَةَ عَلَى ذَلِكَ حَتَّى اسْتَقَرَّتِ الْأَحَادِيثُ وَاشْتُهِرَتِ السُّنَنُ "[١].

**واتە: مەبەستی موعاویە ئەوەبوو کە ڕێگری بکات لە زۆر گێڕانەوەی فەرموودە بەبێ دڵنیایی ئەوەش لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئەودا گێڕانەوە لە**

---

[١] : شرح النووي على مسلم, باب: النهي عن المسألة, ج٧, ص: ١٢٧.

ئەهلی کتابەوە بەربڵاوبووەوە لە کتێبەکانیانەوە، کاتێك کە شار و وڵاتەکانیان فەتح کران، بۆیە موعاویە فەرمانی بە خەڵکی کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو فەرموودانەی سەردەمی پێشەوا عومەر ﷺ ئەوەش لەبەر ئەوەی عومەر زۆر لەوبارەیەوە بەڕێك وپێکی و زەبتی و توندیەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و خەڵکیش دەترسان لە زەبر و دەسەڵاتی و ڕێگری دەکرد لە پەلەکردن لە گێڕانەوەی فەرموودە و داوای شاهێدی دەکرد لەسەری هەتا وای لێهات فەرموودەکان جێگیربوون و ناسران و سوننەتەکان بەناوبانگ و بەربڵاوبوون.

## ➢ أبو هــورەیــرە و دایکە عــائیشــە

یەکێکی تر لەو دەروازانەی کە هێرشی تێدا دەکرێتە سەر أبو هورەیرە بریتیە لەچەند گفتوگۆیەکی نێوان ئەو دووهاوەڵە بەڕێزە کە یەکێکیان خێزان و هەرە خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دایکە عائیشەیە و ئەوی تریش هاوەڵ و یاوەری هەمیشەیی ولێ دانەبڕاوی پێغەمبەری خوایە کە أبو هورەیرەیە. ئەو ڕەخنە و هەرایەی کە لەسەر أبو هورەیرە دروست دەکرێت لەلایەن ناحەزان و نەیارانیەوە لەم بارەیەوە ئەم فەرموودەیەیە کە أبو هورەیرە دەیگێڕێتەوەو دەڵێـت: " مَنْ أصبحَ جُنُباً فَلَا صِيَامَ لَهُ " واتە: ئەوەی بەلەشگرانیەوە ڕۆژ بکاتەوە ئەوا ڕۆژوەکەی دروست نیە. بەڵام دواتر دایکە عائیشە دەڵێت: وا نیە و لەو بارەیەوە فەرموودەیەك دەگێرێتەوە پێچەوانەی ئەوەی أبو هورەیرە.

سەرەتا بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکە وەکو خۆی تێبگەین پێویستە تەواوی بەسەرهاتەکە لە کتێبێکی متمانەپێکراوەوە بگێڕینەوە پاشان لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆیە لێرەدا ئەم فەرموودەیە لە صحیح موسلیمدا دەگێڕینەوە وەکو چۆن پێشەوا موسلیم دەیگێڕێتەوەو دەڵێت:

حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ حَاتِمٍ، حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ، عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ، ح وحَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ رَافِعٍ، - وَاللَّفْظُ لَهُ - حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ بْنُ هَمَّامٍ، أَخْبَرَنَا ابْنُ جُرَيْجٍ، أَخْبَرَنِي عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ أَبِي بَكْرِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، عَنْ أَبِي بَكْرٍ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، يَقُصُّ، يَقُولُ فِي قَصَصِهِ: «مَنْ أَدْرَكَهُ الْفَجْرُ جُنُبًا فَلَا يَصُمْ»، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْحَارِثِ - لِأَبِيهِ - فَأَنْكَرَ ذَلِكَ، فَانْطَلَقَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ وَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى عَائِشَةَ وَأُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، فَسَأَلَهُمَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ عَنْ ذَلِكَ، قَالَ: فَكِلْتَاهُمَا قَالَتْ: «كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ غَيْرِ حُلُمٍ، ثُمَّ يَصُومُ» قَالَ: فَانْطَلَقْنَا حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى مَرْوَانَ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ، فَقَالَ مَرْوَانُ: عَزَمْتُ عَلَيْكَ إِلَّا مَا ذَهَبْتَ إِلَى أَبِي هُرَيْرَةَ، فَرَدَدْتَ عَلَيْهِ مَا يَقُولُ: قَالَ: فَجِئْنَا أَبَا هُرَيْرَةَ، وَأَبُو بَكْرٍ حَاضِرُ ذَلِكَ كُلِّهِ، قَالَ: فَذَكَرَ لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: أَهُمَا قَالَتَاهُ لَكَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: هُمَا أَعْلَمُ، ثُمَّ رَدَّ أَبُو هُرَيْرَةَ مَا كَانَ يَقُولُ فِي ذَلِكَ إِلَى الْفَضْلِ بْنِ الْعَبَّاسِ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: سَمِعْتُ ذَلِكَ مِنَ الْفَضْلِ، وَلَمْ أَسْمَعْهُ مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: فَرَجَعَ أَبُو هُرَيْرَةَ عَمَّا كَانَ يَقُولُ فِي ذَلِكَ، قُلْتُ لِعَبْدِ الْمَلِكِ: أَقَالَتَا: فِي رَمَضَانَ؟ قَالَ: كَذَلِكَ كَانَ يُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ غَيْرِ حُلُمٍ ثُمَّ يَصُومُ.[١]

---

[١] : صحيح مسلم, باب: صحة صوم من طلع عليه الفجر وهو جنب, ج٢, ص: ٧٧٩.

واتە: أبو بکری کوڕی عبدالرحمن دەڵێت: لە أبو هورەیرەوە بیستم کە قسەی دەکرد، لە نێو قسەکەیدا ووتی: ئەوەی بە لەشگرانیەوە بگاتە فەجر ئەوا ڕۆژوەکەی دروست نیە، منیش ئەمەم گێڕایەوە بۆ عبدالرحمنی کوڕی حارس (واتە باوکی ) ئەویش نکۆڵی لێکرد، بۆیە عبدالرحمن هەستاو بەڕێکەوت منیش لەگەڵیدا بووم هەتا چووینە ژوورەوە بۆ لای عائیشە و ئوم سەلەمە رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عبدالرحمن پرسیاری ئەوەی لێکردن، و ئەوانیش هەردووکیان ووتیان: " جاری وا هەبووە پێغەمبەری خوا ﷺ بەلەشگرانیەوە ڕۆژی دەکردەوە بەبێ ئەوەی خەونیشی بینیبێت (واتە جیماعی کردبوو)، پاشان بەرۆژو دەبوو

" دەڵێت: ئێمەش چووین هەتا رۆیشتینە ژورەوە بۆ لای مەروان و عبدالرحمن ئەوەی بۆ گێڕایەوە، مەروانیش ووتی: سوێندت دەدەم کە بچیت بۆ لای أبو هورەیرەو ئەوەی کە وتبووی ڕەدی بکەیتەوە بۆی، ئێمەش چووین بۆ لای أبو هورەیرە، وە أبو بکر لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا ئامادەیی هەبوو، و عبدالرحمنیش ئەوەی بۆ گێڕایەوە، و أبو هورەیرە ووتی:

ئایا ئەوان هەردووکیان ( عائیشە وئوم سەلەمە ) وایان پێ ووتی ؟

ئەویش ووتی: بەڵێ

أبو هورەیرەش ووتی: ئەوان زاناترن.

پاشان أبو هورەیرە ئەو هەواڵەی کە بیستبووی گەڕاندیەوە بۆ فەزڵی کوڕی عباس، و وتی: من ئەوەم لە فەزڵەوە بیستووە و لە پێغەمبەری خوام نەبیستبوو ﷺ ، بۆیە أبو هورەیرە گەڕایەوە لەو وتەیەی کە پێشوتر وتبوی. منیش بە (عبدالملك)م وت : ئایا ئەوان بۆ ڕەمەزان ووتیان؟ ئەویش وتی: بەهەمان شێوە پێغەمبەری خوا بەلەشگرانی جیماعەوە رۆژی دەکردەوەو بەرۆژوش دەبوو.

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە شتێك هەبووە لە نێو هاوەڵاندا کە پێی ووتراوە ( إستدراك ) واتە بەدواداچوون و دڵنایی کردنەوە بۆ قسە و فەتوایەك کە پێشتر داوتە بۆ ئەوەی بزانیت لە کوێدا هەڵەت کردووە و گومانت هەیە، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆلای کەسانێك کەلە تۆ شارەزاترن لەو بابەتەدا.

بۆیە چەندین جار یەکێکی وەکو دایکە عائیشە پرسیاری کردووە لە أبو بکر و عومەر و عوسمان و عەلی و ابن عمر و أبو هورەیرە و... رضي الله عنهم بۆ دڵنایی

کردنەوە لە هەڵەیەك یان بیرچوونەوەیەك، یان بە پێچەوانەوە ئەوانیش و جگە لەوانیش چەندین جار بۆ دڵنیایی کردنەوە لە فەرموودەیەك گەڕاونەتەوە بۆ لای دایکە عائیشە و پرسیاریان ئاراستەی ئەو کردووە، و لە هەموو ئەمانەشدا هیچ یەکێکیان تووشی حەرەج و بێتاقەتی و لووت بەرزی نەبوونە و بەڵکو بەوپەڕی خۆبەکەمزانیەوە ئەو کارەیان کردووە چونکە هەموویان یەك ئامانجیان هەبووە ئەویش جێ بەجێ کردنی شەرعە وەکو خۆی و گەڕان بەدوای ڕاستیدا. و هیچ یەکێکیان کەسی تریانیان بەدرۆ نەخستۆتەوە.

جا دوای خوێندنەوەی ئەو فەرموودەیەی کەلە سەرەوە هێنامان، ئایا ئەوە کەموکورتی و نەنگی تێدایە بۆ أبو هورەیرە یان بە پێچەوانەوە شکۆو سەربەرزی تێدایە بۆی کە بەو پەڕی شانازیەوە گەڕایەوە بۆ بۆچوون و قسەکەی عائیشە و ئوم سەلەم و وازی لە قسەکەی خۆی هێنا، کە ئەمەش نیشانەی حەق ویستی و نەبوونی گرژی و دەمارگیریە، ئەگیان نەیئەوت: ئەوان زاناترن.

وە لەڕاستیشدا ئەم وتەیەی أبو هورەیرەش کە دەڵێ: "ئەوەی بەلەش گرانیەوە ڕۆژ بکاتەوە ئەوا ڕۆژوەکەی دروست نیە" چەند ئەگەرێك هەڵدەگرێت، لەوانە:

● یەکەم: دەگونجێت ئەو وتەیەی أبو هورەیرە بە نەسخ لێك بدرێتەوە، واتە ئەو حوکمە هەڵوەشێنرابێتەوە لە پاش ئەوەی کە هەبووە، چونکە لەسەرەتای ئیسلامەوە جیماع کردن لەسەر رۆژوەوان حەرام بوو لە شەودا لە پاش خەوتن، جا کاتێك خوای گەورە جیماعی حەڵاڵ کرد هەتا دەرکەوتنی فەجر ئەوا دروست و رێگە پێدراو بوو بۆ کەسی رۆژوگری لەشگران کە دوای فەجری بەسەردا بێت پێش ئەوەی خۆی شۆردبێت. دەکرێ أبو هورەیرە ئەوەی بیستبێت لە فەزڵەوە لەسەر ئەو حوکمەی کە لە سەرەتای ئیسلامەوە هەبووە و ئەو نەیزانیبێت، بەڵام هەرکە زانی کە عائیشە و ئوم سەلەمە وایان وتووە، ئەوکات پەشیمان بوویەوە[١].

● دووەم: ئەو فەرموودەیەی أبو هورەیرە تایبەتە بە کەسێك کە لە دوای فەجرەوە دووربکەوێتەوە لە جیماع، چونکە لەکاتی دەرکەوتنی فەجر و دوای دەرکەوتنی، کەسەکە جیماع بکات ئەوا رۆژوەکەی دروست نیە.

● سێیەم: ئەو فەرموودەیە بۆ پلەی کەماڵە، واتە: باشتر وایە ئەو کەسەی جیماع دەکات پێش دەرکەوتنی فەجر خۆی بشۆرێت، وە کاتێك

---

١ : " الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة ": ص ١٢٥ وهو قول ابن المنذر، ويروى أنه أحسن ما سمع في ذلك، وانظر " أخبار أهل الرسوخ في الفقه والتحديث بمقدار المنسوخ من الحديث ": ص ٢٩.

پێغەمبەری خوا ﷺ لای عائیشە و ئوم سەلەمە وای نەکردووە، بۆ ئەوەیە بزانرێت کە ئەویش هەر دروست و ڕێگەپێدراوە[1].

یەکێکی تر لەو گومان و هەڵە تێگەیشتنانەی نەیار و ناحەزانی أبو هورەیرە ئەوەیە کە دایکە عائیشە ڕەخنەی لە أبو هورەیرە گرتووە و پێی ووتوە وەکو پێغەمبەری خوا فەرموودە ناگێڕێتەوە و ئەگەر پێی بگەیشتمایە ئەوا ڕەدم دەدایەوە.

جا با پێکەوە تەواوی ڕووداو و قسەکان وەکو خۆی بەبێ لێ قرتاندن بگێڕینەوە پاشان پێم وایە پێویستی بە وەڵامدانەوە ناکات لەبەر ڕوونی بابەتەکە.

أَنَّ عُرْوَةَ بْنَ الزُّبَيْرِ، حَدَّثَهُ أَنَّ عَائِشَةَ قَالَتْ: أَلَا يُعْجِبُكَ أَبُو هُرَيْرَةَ جَاءَ فَجَلَسَ إِلَى جَنْبِ حُجْرَتِي يُحَدِّثُ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يُسْمِعُنِي ذَلِكَ، وَكُنْتُ أُسَبِّحُ، فَقَامَ قَبْلَ أَنْ أَقْضِيَ سُبْحَتِي، وَلَوْ أَدْرَكْتُهُ لَرَدَدْتُ عَلَيْهِ، إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " لَمْ يَكُنْ يَسْرُدُ الْحَدِيثَ كَسَرْدِكُمْ "[2].

[1] " الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة ": ص ١٢٦.

[2] : صحيح مسلم: ٢٤٩٣.

واتە: عوروەی کوڕی زوبێـر دەڵێـت: عائیشە ووتی: پێت سەیر نیە کە أبو هورەیرە هات و لە تەنیشت ژورەکەمەوە دانیشت و فەرموودەی دەگێڕایەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ و دەنگی بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی من بیبیستم، منیش لەو کاتەدا نوێژم دەکرد ( نوێژی سوننەت یان چێشتەنگاو ) جا پێش ئەوەی من نوێژەکەم تەواو بکەم ئەو هەستا و ڕۆیشت، ئەگەر پێی بگەیشتمایە ئەوا وەڵامیم دەدایەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوە پەلەیەی ئێوە فەرموودەی نەدەگێڕایەوە ( بەڵکو بە هێواشی و لەسەرخۆیی بوو ).

یان هەروەکو دایکە عائیشە خۆی شێوازی قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمْ يَكُنْ يَسْرُدُ الْحَدِيثَ كَسَرْدِكُمْ كَانَ يُحَدِّثُ حَدِيثًا لَوْ عَدَّهُ الْعَادُّ لَأَحْصَاهُ "[1]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوە پەلەیەی ئێوە فەرموودەی نەدەگێڕایەوە بەڵکو کە قسەی دەکرد ئەگەر یەکێك بیویستایە قسەکانی بژمێرێت ئەوا دەیژماردن ( ئەوەندە لەسەر خۆبوو ).

---

[1] : متفق علیه.

جا ئەمە هەموو ئەو بابەتەیە کە هەرای لەسەر دروست کراوە، وەکو لە خودی دەقەکەوە ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەر أبو هورەیرە زیاد و کەمێکی بکردایە لەکاتی گێڕانەوەی فەرموودەکاندا ئەوا دایکە عائیشە دەست بەجێ ئاگاداری دەکردەوە، بەڵام تەنها ڕەخنەی ئەوە بووە کە أبو هورەیرە بە شێوازێکی خێراتر قسەی دەکرد و وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ هێواش نەبووە لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، لەڕاستیدا ئەوەش جێگەی گلەیی و تانەدان نیە، چونکە وەکو ئاشکرایە کەسێك خۆی قسە بکات وەکو کەسێك نیە لەبەر شتێك بڵێتەوە کە خێراترە بێگومان. وە ئەمەش بەڵگەیە بۆ أبو هورەیرە کە لەگەڵ ئەو خێراییەی لە گێڕانەوەی فەرموودە کەچی هەڵەی نەکردووە و لێی تێك نەچووە.

لە کتێبی ( عمدة القاري شرح صحيح البخاري )دا هاتووە دەڵێت: " وَاعْتذر عَن أبي هُرَيْرَة بِأَنَّهُ كَانَ وَاسع الرِّوَايَة كثير الْمَحْفُوظ، فَكَانَ لَا يتَمَكَّن من الْمهل عِنْد إِرَادَة التحديث، كَمَا قَالَ بعض البلغاء: أُرِيد أَن أقتصر فتزدحم القوافي عَليّ "[١].

[١] : عمدة القاري شرح صحيح البخاري, باب: صفة النبي صلى الله عليه وسلم, ج١٦, ص: ١١٥.

ئەو خێراییەی أبو هورەیرە لەبەر ئەوە بووە کە ئەو خاوەنی گێڕانەوەیەکی زۆر و فراوانە و زۆریش فەرموودەی لەبەرە، بۆیە نەیدەتوانی لەکاتی فەرموودە باس کردندا هێواش ولەسەر خۆ بێت، وەکو هەندێك لە ڕەوان بێژ و زمان پاراوان وتوویانە: دەمەوێ بە کورتی قسە بکەم بەڵام قافیەکان لە دەممدا کۆ دەبنەوە( خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ووتن ).

لەگەڵ ئەوەی دایکە عائیشە فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە لە أبو هورەیرە زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، چونکە ئەشێ ئەو بە هۆی کاروباری ناوماڵ و سەرقاڵ بوون بە خۆیەوە وەکو سروشتی ئافرەتان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاری نێوماڵ ڕادەپەڕێنێت، خەریکی کردبێت لەوەی هەندێك فەرموودە ببیستێت، یان بیستوویەتی و بیری چۆتەوە، بە پێچەوانەی أبو هورەیرە کە خۆی یەکلاکردبووەوە بۆ وەرگرتن و گێڕانەوەی فەرموودە، ئەم ڕاستیەش لەم دەقەدا زیاتر دەسەلمێنرێت با پێکەوە لێی ورد بینەوە:

أَنَّ عَائِشَةَ قَالَتْ لِأَبِي هُرَيْرَةَ: أَكْثَرْتَ الْحَدِيثَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ. قَالَ: إِنِّي وَاللَّهِ مَا كَانَتْ تَشْغَلُنِي عَنْهُ الْمُكْحُلَةُ وَالْخِضَابُ، وَلَكِنِّي أَرَى ذَلِكَ شَغَلَكَ عَمَّا اسْتَكْثَرْتُ مِنْ حَدِيثِي. قَالَتْ: لَعَلَّهُ[١].

واتە: عائیشە بە أبو هورەیرەی ووت: ئەی أبو هورەیرە تـۆ زۆر فەرمووده دەگێڕیتەوە لە پێغەمبەری خــواوە صلى الله عليه وسلم ، أبو هورەیرەش ووتی: سوێند بە خــوا من کلدان و خەنەکردن سەرقاڵیان نەکردم لە فەرموودە، بەڵام وای دەبینم هەر ئەوەیە کە سەرقاڵی کردیت لەوەی من زۆر فەرموودە بگێڕمەوە، عائیشەش ووتی: لەوانەیە ( واتە دوور نیە پێدەچێت هـۆکارەکەی ئەوە بێت ).

[١] : البداية والنهاية, ج١١, ص: ٣٧٤.

## ➢ أبــو هــورەیــرە و عبدالله ی کوڕی عــومەر ﷺ

جارێکیان ئەبوهورەیرە ئەم فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خواوە گێڕایەوە: " مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ، كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ رَجَعَ، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُحُدٍ " واتە: هەرکەسێك لەگەڵ جنازەیەکدا لەماڵ دەربچێت و نوێژی لەسەر بکات و شوێنی بکەوێت هەتا دەخرێتە گۆڕەوەودفن دەکرێت، ئەوا دوو قیرات پاداشتی بۆ هەیە، وە هەر قیراتێکیش بە ئەندازەی کێوی ئوحودە، وە ئەوەش تەنها نوێژی لەسەر بکات و بگەڕێتەوە ئەوا بە ئەندازەی کێوی ئوحود پاداشتی بۆ هەیە.

عبدالله ی کوڕی عومەریش یەکێك دەبێت لەوانەی کە تەنها نوێژی لەسەر جنازە دەکردو شوێنی نەدەکەوت، ئەم قسەیەی ئەبوهورەیرەی پێ دەگات و دەڵێت: ئەبوهورەیرە زۆر فەرموودەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە ابن عومەر خەباب دەنێرێت بۆ لای دایکە عائیشە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی ئەو فەرموودەیە، و خۆیشی لە ناو مزگەوت کۆمەڵێك وردەبەرد ئەم دەست وئەودەست پێ دەکات وچاوەڕێی وەڵامی نێردراوەکەیە بۆ لای عائیشە، ئەوەبوو خەباب گەڕایەوەو وتی دایکە عائیشە دەڵێت: ئەبوهورەیرە ڕاست

دەڵێـت، ئیتر ابن عومەر بەردەکان فڕێ دەدات بە زەویدا و دەڵێت: ئای چەندین قیراتمان لەدەست دەرچووە.

پاشان ئەبوهورەیرە ووتی: من مامەڵە وبازرگانی و کشتوکاڵ کردن سەرقاڵیان نەکردم لەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بم، بۆیە زۆر لەگەڵیدا بووم و تەنها ئەوە بەلامەوە گرنگ بوو کە ووشەیەکم فێربکات و پارووەیەك نانم بداتێ. دوای ئەوە ابن عومەر بە ئەبوهورەیرەی ووت: ئەی ئەبوهورەیرە تۆ لەهەمووومان زیاتر لەگەڵ پێغەمبەری خوادابوویت و لەهەموویشمان زاناتری بە فەرموودەکانی[1].

لە ڕاستیدا ئەم بەسەرهاتە بەڵگەیە بۆ أبو هورەیرە لە دوو ڕووەوە:

- یەکەمیان: بە ڕاست خستنەوەی أبو هورەیرە لە لایەن دایکە عائیشەوە.
- دووەمیان: زۆری فەرموودەی أبو هورەیرە کە چەند فەرموودەی لەبەرە بەبەراورد لەگەڵ عبداللە ی کوڕی عومەر کە چەند سووریش بووە لەسەر فەرموودە بەڵام ئەو فەرموودەیەی نەبیستبوو. ئەمە لەکاتێکدا کە

---

[1] : أحكام الجنائز للألباني, حمل الجنازة وأتباعها, ص: ٦٨ – ٦٩.

یەکێکی وەکو عبدالله ی کوڕی عومەر دووەم هاوەڵە لە نێو هاوەڵاندا لە زۆری گێڕانەوەی فەرموودە[١].

یەکێکی تر لەو هەڵە تێگەیشتنانەی ناحەزانی أبو هورەیرە ئەم فەرموودەیەیە کە أبو هورەیرە بەشێکی فەرموودەکەی لایە وبیستوویەتی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەڵام إبن عمر نەیبیستووە و هەر ئەوەندەی کە لایەتی دەیگێڕێتەوە بەڵام أبو هورەیرە بەشەکەی تریشی دەگێڕێتەوە،

---

[١] : بيان أكثر الصحابة حديثا وفتوى:

"أكثرهم -يعني الصحابة- حديثا، أبو هريرة، روى خمسة آلاف وثلاثمائة وأربعة وسبعين حديثا؛ وروى عنه أكثر من ثمانمائة رجل وهو أحفظ الصحابة أسند البيهقي عن الشافعي أنه قال: "أبو هريرة أحفظ من روى الحديث في دهره". وروى ابن سعد أن ابن عمر كان يترحم عليه في جنازته ويقول: "كان يحفظ على المسلمين حديث النبي -صلى الله عليه وسلم- "ثم عبد الله بن عمر روى ألفي حديث وستمائة وثلاثين حديثًا ثم أنس بن مالك روى ألفين، ومائتين وستة وثمانين حديثًا ثم ابن عباس روى ألفا وستمائه وستين حديثًا. ثم جابر بن عبد الله روى ألفًا وخمسائة وأربعين حديثًا. ثم أبو سعيد الخدري سعد بن مالك روى ألفًا ومائة وسبعين حديثًا. ثم عائشة الصديقة أم المؤمنين روت ألفين ومائتين وعشرة وليس في الصحابة من يزيد حديثه على ألف غير هؤلاء.

وأما أكثرهم فتوى فقال ابن حزم: "أكثرهم فتوى مطلقا عمر، وعلي، وابن مسعود، وابن عمر، وابن عباس، وزيد بن ثابت وعائشة". مصدر: قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث, ج١: ص: ٧٢.

کەچی نەیارانی أبو هورەیرە ئەو بەشەی فەرموودەکە بە درۆ لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن أبو هورەیرە لەبەر بەرژەوەندی خۆی وتوویەتی و بۆی زیادکردووە!! ئەوەش لەبەر هەڵە تێگەیشتن لە قسەیەکی إبن عمر کە دەربارەی أبو هورەیرە دەیلێت، جا با فەرموودەکە و بەسەرهاتەکە وەکو خۆی بگێڕینەوە و پاشان بە وردی و تێفکرانەوە بیخوێنینەوە ئەوجا چەند ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێت: دەقی ڕووداوەکە:

عَنْ عَمْرِو بْنِ دِينَارٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ، «أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَرَ بِقَتْلِ الْكِلَابِ، إِلَّا كَلْبَ صَيْدٍ، أَوْ كَلْبَ غَنَمٍ، أَوْ مَاشِيَةٍ»، فَقِيلَ لِابْنِ عُمَرَ: إِنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ: «أَوْ كَلْبَ زَرْعٍ»، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: «إِنَّ لِأَبِي هُرَيْرَةَ زَرْعًا».[1]

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر دەڵێـت: پێغەمبەری خـوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی کردووە بە کوشتنی سەگەکان، تەنها سەگی ڕاو یان ئەو سەگەی لەگەڵ ڕان و ئاژەڵاندایە، بە ابن عمر ووترا: أبو هورەیرە دەڵێـت: سەگی( پاسەوانی ) کشتوکاڵیش، ابن عمر ووتی: أبو هورەیرە خاوەنی کشتوکاڵە.

---

[1] : صحيح مسلم: ١٥٧١.

گومانەکەش لەو وشەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ابن عمر وتوویەتی: أبو هورەیرە خاوەنی کشتوکاڵە. واتە: لەبەر ئەوەی خۆی کاری پێیەتی و بەرژەوەندی لەگەڵدایە ئەویش بۆپاسەوانی کردنی کشتوکاڵەکەیەتی بۆیە ئەو بەشەی یاخود ئەو جۆرە سەگەشی بۆ زیاد کردووە، ئەگەرنا لە فەرموودەکەدا نەهاتووە. ئەمە واتای قسەکەیانە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومانەش وەکو زانایان باسیان کردووە ئەوەیە کە إبن عمر بە هیچ شێوەیەك تۆمەتی نەداوەتە پاڵ أبو هورەیرە، بەڵکو بە ڕاستی خستۆتەوە و مەبەستی ئەوەیە کە أبو هورەیرە لەبەر ئەوەی خۆی سەرقاڵی کشتوکاڵ بووە و خاوەنی کشتیاریە بۆیە ئەو فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خواوە لەبەر کردووە و پاراستوویەتی، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر خۆی پێویستی بە شتێك هەبوو زیاتر لە مێشکیدا دەچەسپێت و دەمێنێتەوە بەبەراورد لەگەڵ کەسێکدا کە خەریکی ئەو پیشەیە نەبێت. هەروەها ئەگەر کەسێك پێویستی بە شتێك هەبێت زۆر پرسیار دەربارەی دەکات و پاشان چاودێری دەکات، جا أبو هورەیرەش لەبەر ئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بووە و ڕاگرتنی سەگی پاسەوانی کشتوکاڵیش ڕێگە پێدراوبووە

لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆیە زیاتر پاراستوویەتی چونکە خۆی لەناو کارەکەدایە.

هەروەها ئەم فەرموودەیە کاتێك کە هاوەڵێکی تریش دەیگێڕێتەوە، ڕاستەوخۆی دوای فەرموودەکە وتەکەی أبو هورەیرەش باس دەکات و ئەو هۆکارەش باس دەکات کە بۆچی أبو هورەیرە وای وتووە، بەبێ ئەوەی تۆمەتی تێدا بێت.

بۆ نموونە ئەم فەرموودەیە:

عَنْ سَالِمٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَنِ اقْتَنَى كَلْبًا، إِلَّا كَلْبَ ضَارٍ، أَوْ مَاشِيَةٍ، نَقَصَ مِنْ عَمَلِهِ كُلَّ يَوْمٍ قِيرَاطَانِ»، قَالَ سَالِمٌ: وَكَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ يَقُولُ: «أَوْ كَلْبَ حَرْثٍ»، وَكَانَ صَاحِبَ حَرْثٍ.[1]

لە لایەکی ترەوە تەنها أبو هورەیرە نیە کە ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە کە باسی سەگی کشتوکاڵ دەکات بەڵکو چەند هاوەڵێکی تریش ئەو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، ئەوجا چی دەڵێن سەبارەت بەو هاوەڵانە؟

---

[1] : صحيح مسلم: ١٢٠٢.

یاخود بۆ تەنها پەنجەی تۆمەت بۆ أبو هورەیرە درێژ دەکرێـت و ئەو دەکرێت بە مەبەست؟! بۆ نموونە ئەم فەرموودەیە:

عن عبد الله بن مغفل قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: " لولا أن الكلاب أمة من الأمم لأمرت بقتلها فاقتلوا منها الأسود البهيم وما من قوم اتخذوا كلبا إلا كلب ماشية أو كلب صيد أو كلب حرث إلا نقص من أجورهم كل يوم قيراطان"[١].

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا إبن عمر خۆیشی ئەو فەرموودەیە دەگێڕێتەوە کە باسی سەگی پاسەوانی کشتوکاڵ دەکات، جا ئەوجا چی دەڵێن بە إبن عمر؟ وە ئەگەر ابن عمر ئەوی بە درۆ خستبێتەوە چۆن دەکرێ خۆی هەمان فەرموودە بگێڕێتەوە؟! یاخود ئەگەر فەرموودەکە و أبو هورەیرەش ڕاست بن ئەی چۆن ابن عمر بەدرۆی دەخاتەوە؟ بۆیە لە ڕاستیدا فەرموودە و پیاوی فەرموودە زانستێك نیە هەروا بەچاو بتوانیت لێی تێبگەیت هەتا ڕاڤە و شیکردنەوەی نەخوێنیت و لێی ورد نەبیتەوە، چونکە هەندێ جار فەرموودەکە کت و مت پێچەوانەی تێگەیشتنەکەی تۆیە کەلە

---

١ : صححه الألباني في " صحيح وضعيف سنن ابن ماجة " رقم: ٣٢٠٥. و صحيح غاية المرام: رقم: ١٤٨.

مێشکتدا بۆت دروست بووە و بەو هۆیەوە تووشی گومڕایی و هەڵە تێگەیشتن دەبیت. ئەو فەرموودەیەش کە ابن عمر دەیگێڕێتەوە ئەمە دەقەکەیەتی:

عَنْ أَبِي الْحَكَمِ، قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عُمَرَ، يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " مَنِ اتَّخَذَ كَلْبًا، إِلَّا كَلْبَ زَرْعٍ، أَوْ غَنَمٍ، أَوْ صَيْدٍ، يَنْقُصُ مِنْ أَجْرِهِ كُلَّ يَوْمٍ قِيرَاطٌ "[١].

لە ڕاستیدا هەندێك گومان و تۆمەتی تر هەبوون کە ڕووبەڕوی أبو هورەیرە کرابوونەوە، بەڵام من لێرەدا ئەوانەی کە ئاماژەم بۆیان کردبوو بە پێویستم زانی کە تۆماریان بکەم، چونکە ئەوانە زیاتر باس دەکرێن و دەوروژێنرێن و پێویست بە وەڵامدانەوە دەکەن، هەرچی ئەوانی ترە کە باسم نەکردن زۆر لاوازن و بە دەگمەنیش باس دەکرێن و شیاوی باس کردن نین، لەلایەکی تریشەوە لەترسی درێژبوونەوەی بابەتەکە و بێزاربوونی خوێنەر لەم بارەیەوە. بۆیە لێرەدا کۆتایی بە باسەکە ئەهێنم بە ووتەیەکی پێشەوا إبن خزیـمة ( رحمه الله ) کە بەرگری ئەکات لە أبو هورەیرە و پۆلێنی ئەو کەسانە دەکات کە تانە لێ دەدەن و پێم خۆش بوو دەقی قسەکەی خۆی تۆمار بکەم بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر بەرچاو ڕوون بێت لەو بارەیەوە:

---

[١] : صحيح مسلم: ١٥٧٤.

قال ابن خزيمة[1]:

«وَإِنَّمَا يَتَكَلَّمُ فِي أَبِي هُرَيْرَةَ لِدَفْعِ أَخْبَارِهِ مَنْ قَدْ أَعْمَى اللَّهُ قُلُوبَهُمْ فَلاَ يَفْهَمُونَ مَعَانِيَ الأَخْبَارِ:

- إِمَّا مُعَطِّلٌ جَهْمِيٌّ يَسْمَعُ أَخْبَارَهُ الَّتِي يَرَوْنَهَا خِلاَفَ مَذْهَبِهِمْ - الَّذِي هُوَ كُفْرٌ - فَيَشْتُمُونَ أَبَا هُرَيْرَةَ، وَيَرْمُونَهُ بِمَا اللَّهُ تَعَالَى قَدْ نَزَّهَهُ عَنْهُ تَمْوِيهًا عَلَى الرِّعَاءِ وَالسَّفِلِ، أَنَّ أَخْبَارَهُ لَا تَثْبُتُ بِهَا الْحُجَّةُ؟

- وَإِمَّا خَارِجِيٌّ، يَرَى السَّيْفَ عَلَى أُمَّةِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَلاَ يَرَى طَاعَةَ خَلِيفَةٍ، وَلاَ إِمَامٍ إِذَا سَمِعَ أَخْبَارَ أَبِي هُرَيْرَةَ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ - عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خِلاَفَ مَذْهَبِهِمُ الَّذِي هُوَ ضَلاَلٌ، لَمْ يَجِدْ حِيلَةً فِي دَفْعِ أَخْبَارِهِ بِحُجَّةٍ وَبُرْهَانٍ كَانَ مَفْزَعُهُ الْوَقِيعَةَ فِي أَبِي هُرَيْرَةَ!

**- أَوْ قَدَرِيٌّ اعْتَزَلَ الإِسْلاَمَ وَأَهْلَهُ وَكَفَّرَ أَهْلَ الإِسْلاَمِ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الأَقْدَارَ الْمَاضِيَةَ الَّتِي قَدَّرَهَا اللَّهُ تَعَالَى، وَقَضَاهَا قَبْلَ كَسْبِ الْعِبَادِ لَهَا إِذَا نَظَرَ إِلَى أَخْبَارِ أَبِي هُرَيْرَةَ الَّتِي قَدْ رَوَاهَا عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي إِثْبَاتِ الْقَدَرِ لَمْ يَجِدْ**

---

[1] : هو أبو بكر محمد بن إسحاق بن خزيمة السلمي (٢٢٣ - ٣١١ هـ)، أحد مشايخ شيوخ الحاكم. كان إمام نيسابور في عصره، جمع بين الفقه والاجتهاد، عالم بالحديث، رحل إلى بلاد كثيرة منها: العراق والشام والجزيرة ومصر، لقبه السبكي بإمام الأئمة، له مصنَّفات كثيرة تربو على [١٤٠]: " طبقات ابن السبكي ": ٢/ ١٣٠.

بِحُجَّةٍ تُؤَيِّدُ صِحَّةَ مَقَالَتِهِ الَّتِي هِيَ كُفْرٌ وَشِرْكٌ، كَانَتْ حُجَّتُهُ عِنْدَ نَفْسِهِ أَنَّ أَخْبَارَ أَبِي هُرَيْرَةَ لاَ يَجُوزُ الاحْتِجَاجُ بِهَا!.

– أَوْ جَاهِلٌ يَتَعَاطَى الْفِقْهَ وَيَطْلُبُهُ مِنْ غَيْرِ مَظَانِّهِ إِذَا سَمِعَ أَخْبَارَ أَبِي هُرَيْرَةَ فِيمَا يُخَالِفُ مَذْهَبَ مَنْ قَدِ اجْتَبَى مَذْهَبَهُ، واخْتَارَهُ تَقْلِيدًا بِلاَ حُجَّةٍ وَلاَ بُرْهَانٍ تَكَلَّمَ فِي أَبِي هُرَيْرَةَ، وَدَفَعَ أَخْبَارَهُ الَّتِي تُخَالِفُ مَذْهَبَهُ، وَيَحْتَجُّ بِأَخْبَارِهِ عَلَى مُخَالَفَتِهِ إِذَا كَانَتْ أَخْبَارُهُ مُوَافِقَةً لِمَذْهَبِهِ، وَقَدْ أَنْكَرَ بَعْضُ هَذِهِ الْفِرَقِ عَلَى أَبِي هُرَيْرَةَ أَخْبَارًا لَمْ يَفْهَمُوا مَعْنَاهَا أَنَا ذَاكِرٌ بَعْضَهَا بِمَشِيئَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ... »[١].

واتە:

لە ڕاستیدا تەنها ئەوانە قسە لەسەر أبو هورەیرە دەکەن و تانەی لێ دەدەن کە خوای گەورە دڵیانی کوێر کردووە و بەو هۆیەوە لە واتا و مانای هەواڵ و دەقەکان تێ ناگەن، ئەوانەش چەند گروپێکن:

- إِمَّا مُعَطِّلٌ جَهْمِيٌّ ئەمەش کەسێکە کە دەبینێت و دەبیستێت کە هەواڵ و گێڕانەوەکانی أبو هورەیرە کت و مت پێچەوانەی مەزهەبەکەیانە – کە کوفرە – بۆیە جنێو و قسەی نەشیاو بە أبو هورەیرە دەدەن، و تۆمەتێك

---

١ : " مستدرك " الحاكم: ص ٥١٣، ج ٣.

دەدەنە پاڵی کە خوای گەورە خۆی پاك ڕای گرتووە لەوە، ئەو کارەشیان لە پێناو شاردنەوەی ڕاستەکان لەسەر خەڵك و شوێنکەوتەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەوەی کە هەواڵ و گێڕانەوەکانی أبو هورەیرە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانامەزرێت و ساغ نابێتەوە.

- وَإِمَّا خَارِجِيٌّ، ئەمەش کەسێکە کە شمشێر لەسەر ئوممەتی محمد صلى الله عليه وسلم بەکار دەهێنێت و گوێڕایەڵی خەلیفە و پێشەوا و کاربەدەستان ناکات، و لەولاشەوە دەبینێت کە هەندێك لەگێڕانەوەکانی أبو هورەیرە پێچەوانەی مەزهەبە گومڕاکەیەتی، وناشتوانێت بەبەڵگەوە ڕووبەڕوی ئەو هەواڵە ڕاست و دروستانەش بوەستێت، بۆیە هیچ پەناگەیەکی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت کە بکەوێتە وێزە و گیانی أبو هورەیرە رضي الله عنه .

**- أَوْ قَدَرِيٌّ : ئەمەش کەسێکە دوورەپەرێز و گۆشەگیر بووە لە ئیسلام و موسڵمانان و ئەهلی ئیسلام کافر دەکات، ئەو ئەهلەی کە شوێن ئەو قەدەرە ڕابوردوەی خوا دەکەون کە خوای گەورە بۆی ئەندازەگیری کردووە و بڕیاری لەسەر داوە پێش ئەوەی مرۆڤەکان ئەنجامیشی بدەن، ئەم جۆرە کەسەش کە دەڕوانێتە ئەو هەواڵانەی أبو هورەیرە کە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە سەلماندن و جێگیرکردنی قەزاو قەدەر، و ئەمیش**

هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە بۆ پاڵپشتی بۆچوونە کوفری و شیرکیەکەی خۆی، بۆیە تەنها بەڵگەی لای خۆی ئەوەیە کە هەواڵەکانی أبو هورەیرە دروست نیە بەبەڵگە بهێنرێتەوە.

- أَوْ جَاهِلٌ: ئەمەش کەسێکە دەیەوێت ڕۆبچێت و سەرقاڵ بێت بە فیقهەوە بەڵام جگە لە سەرچاوە ڕەسەنەکەی فیقهـ بۆی دەگەڕێت، کە دەبیستێت هەندێك هەواڵی أبو هورەیرە پێچەوانەی مەزهەبی ئەو کەسەیە کە ئەم مەزهەبەکەی ئەوی بە کوێرانە و بەبێ بەڵگە هەڵبژاردووە و شوێنی کەوتووە، بۆیە قسە لەسەر أبو هورەیرە دەکات و ئەو هەواڵانەی ڕەد دەکاتەوە کە پێچەوانەی مەزهەبەکەیەتی و لە هەمان کاتیشدا هەندێك لە هەواڵەکانی أبو هورەیرە بەڕاست دادەنێت و بەبەڵگە دایان دەنێت ئەگەر هاوڕای مەزهەبەکەی خۆی بێت....

# کـــــۆتـــــایی

دوای ئەم گەشتە بە نێو ژیانی أبو هورەیرەدا و ئاشکراکردنی شاراوەکان و رۆشنکردنەوەی تاریکیکەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و وەڵامدانەوەی گومانەکان، بە پێویستی دەزانم بە کورتی أبو هورەیرە وەبیری خوێنەر بهێنمەوە و ئەو کتێبە لە چەند دێڕێکدا کۆبکەمەوە بۆ بەرچاورۆشنی زیاتر و مانەوەی لە مێشکدا زۆرتر.

**لە میانەی ئەو ڕاستیانەی پێشوودا ئەمانەمان بۆ دەرکەوت: أبو هورەیرە لە خێزانێکی یەمەنی عەرەبیە و هەر زوو موسڵمان بوو باوەڕی هێنا لەسەر دەستی الطفیل بن عمرو، و پاشان لە شەوەکانی فەتحی خەیبەردا کۆچی کرد بۆ مەدینە و پەیوەست بوو بەپێغەمبەری خواوە ﷺ و خزمەتی کرد و ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەوی وەرگرت و تێیدا ڕەنگی دایەوە، و پێغەمبەری خوایش ﷺ هەستی کرد کە زیرەکی و گورج و گۆڵی و چالاکیەکی تێدا هەیە کردی بە چاوساغی ئەهلی صوفە، وە أبو هورەیرە زۆر بە توندی وابەستەبوو بە سوننەتەوەو بەڵکو بەوە ناسرا، و لەو پێناوەشدا لە لۆمەی لۆمەکار نەدەترسا و گوێی نەدەدا، وە چاکی و گوێڕایەڵی أبو هورەیرە بۆ دایکی بووە بە نموونە، و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد و بانگەوازی بۆ زیندووکردنەوە و**

پەیڕەوکردنی سووننەت دەکرد و لەو ڕێبازەیشدا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان کاربەدەست و ژێردەستە و هەژار و دەوڵەمەند و گەورە و بچووك.

زانیمان کە چەند سوورە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەیدا صلى الله عليه وسلم ، چەند خواپەرست و لە خواترسە، وە دونیانەویستی و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەی شتێکی بەرچا و لەبیرنەکراوە. هەروەها خۆشویستنی پێغەمبەر و سووربوون لەسەر لەبەرکردن و پاراستنی فەرمایشتەکانی ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشان و غەمێکی بوو. وە لە پاش ئەوەش کە خوا دەرووی لێ کردەوەو بوو بەخاوەن سامان و خێزان، ڕابوردوی خۆی لەبیرنەکردو هەمیشە خۆبەکەم زان بوو هاوکار و دەست کراوەبوو بۆ هەژار و نەدار و خاوەن پێداویستیەکان.

ئەوەشمان زانی کە کاربەدەست بووە لەسەردەمی پێشەوا عومەردا و بەوپەڕی دەستپاکی و دڵسۆزیەوە ئەرکی سەرشانی جێ بەجێ کرد، و هەروەها هەڵوێستی ئەویشمان زانی لە ساتەوەختی ئاژاوەکەی سەردەمی پێشەوا عوسماندا کە چۆن تا دواساتەکان لەگەڵ پێشەوای باوەڕداراندا بووە و بەرگری لێکردووە لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵان و منداڵی هاوەڵانی تردا و دوابەدوای ئەوەش لە هیچ کێشە و ئاڵۆزی و فیتنەیەکدا دەستی تێکەڵ نەکرد

و بەشداری نەکرد و گۆشەگیربوو لە ڕووداوەکاندا تەنها بە ئامۆژگاری و هەوڵی نێوەندگیری نەبێت.

وە دوای ئەوەش کە بوو بە کاربەدەستی مەدینەش خۆی لێ نەگۆڕا و هەمیشە تێکەڵی خەڵك بوو، یارو هاوڕێی هەژاران و بێ نەوایان بوو، تەنانەت بە کۆڵەدارەوە دەهاتە نێو مەدینە و بە زەحمەت ڕێگەی بۆ خۆی دەکردەوە لە نێو خەڵکیدا، لەبەر خۆبەکەم زانی و خاکی بوونی.

هەروەها غیرەت و ئازایەتیشیمان بۆ دەرکەوت کە چەند حەزی لە جیهاد و تێکۆشان بووە لە پێناوی خوادا وتەنانەت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ئامادەیی هەبوو لە دواساتەکانی فەتحی خەیبەردا، هەروەکو چۆن لەدوای ئەوەش لە هەموو غەزاکاندا بەشداربوو، وە هەر لەبەر ئەو بوێری و نەبەردیەی بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەندێك سریە و کاروانە سەربازیەکاندا دەینارد و ئەرکی پێ دەسپارد، هەروەها بەشداری لە شەڕی هەڵگەڕاوەکان ویەرموکیشدا کرد. هاوکات لەگەڵ ئەو ئازایەتی و ویقار وهەیبەتەی کە هەیبوو وای لێ نەکردبوو کە کەسێکی ووشك و دوورەپەرێز بێت بەڵکو کراوە و دەم بەخەندە و تێکەڵ بە هاوەڵان و تەنانەت منداڵانیش بووەو سوعبەت و یاری لەگەڵ کردوون و نانیشی لەگەڵدا خواردوون.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە لایەنی زانستی ژیانی أبو هورەیرە ئەوە شاراوە نیە کە ناوبراو چەند پەیوەست بوو بە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەچاو هەڵسوکەوتی ئەوی دەبینی و بە گوێ دەیبیست و جاری واش هەبووە لێی دەپرسی و چاوەڕێی وەڵام و فەرمایشتی ئەوبوو، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی تێدا بەدی کرد کە چەند سوورە لەسەر فێربوونی فەرموودە و لێبڕاوە بۆ ئەو بوارە، ئینجا خۆی شتی فێر دەکرد، و جلوبەرگەکەی لەسەر سنگی کۆکردەوە بۆ ئەوەی شتی لەبیـر نەچێتەوە.

پاشان بینیمان کە چەند سوور و پەرۆشە بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانست ولەو پێناوەدا ئەڵقەی دروست دەکرد لە فێرخواز بۆ فێربوونی فەرموودە لە حیجاز و عێراق و شام وبەحرەین و ... وە خەڵکی دەیانزانی چەند زانستی لایە و چەند متمانە پێکرا و خاوەن چ پێگەو پایەیەکە بۆ بەزۆری لە دەوری کۆدەبونەوە و دەیانویست لەو سەرچاوەوە تێرئاوبن، بۆیە زۆرجار لەماڵەکەی خۆی یان لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ فەرموودەی دەگێڕایەوە، واتە هەمیشە سەرقاڵی ئەوەبوو وە نەیدەهێشت کات وساتی هەروا بە خۆڕایی بڕوات بەبێ ئەوەی شتێك فێری خەڵکی بکات. هاوکات ئەوەش ئاشکرا کرا کە ناوبراو چەند ورد و زەبت بووەو لەو بوارەشدا

هاوەڵانێکی زۆر شاهێدیان بۆ داوە وەکو أیوب الأنصاري، وعبد الله بن عباس، وأنس بن مالك جگە لەوانیش.

وەزانیشمان کە أبو هورەیرە زانستێکی زۆری لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتبوو بەڵام هەندێکی بڵاوکردەوە، وە خۆی گرتەوە لە گەیاندنی ئەو بەشەی تری کە لە سنگ و مێشکیدابوو، ئەوەش کە بڵاوی نەکردەوە ئەو بابەتانەن کە باسی هەندێ لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی و ئەو بەڵاو کارەساتانەن کە بەسەر ئەم ئوممەتەدا دێت لە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستانی خراپ و ستەمکار و نەشیاوەو، نەوەك پەیوەست بێت بەبابەتی ئەحکام و ئاداب و ئەخلاقەوە. چونکە ناوبراو زۆر سووربووە لە گەیاندنی زانست. بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە خەڵکی پێویستی پێیان هەبێت و کاریان پێی بکەوێت، چونکە دەترسا لەوەی قسەیەك بکات و خەڵکی وەکو خۆی لێی تێنەگەن و بەهۆیەوە تووشی گومڕایی و سەرلێشێواوی ببن. هاوکات لەگەڵ ئەوەی خۆی بەکردار بوبوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی فەرموودە و جێ بەجێکاری فەرموودە.

**پاشان ناوی ئەو کەسانەمان هێنا کە أبو هورەیرە فەرموودەی لێیان گێڕاوەتەوە و هەروەها ئەوانەش کە فەرمودەیان لە أبو هورەیرەوە گێڕاوەتەوە کە هەشت سەد کەس دەبن لە نێو هاوەڵان و تابعیندا.**

**هەروەها ژمارەی ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویەتیەوە باسمان کرد لەهەر یەك لە: " الكتب الستة "، و " موطأ الإمام مالك " و " مسند الإمام أحمد، دواتر باسی هەندێك لەوانەمان کرد کە وەصف و ستایشی أبو هورەیرە دەکەن لە کۆن و نوێدا، کە چۆن جێگەی باوەڕ و متمانە بووە و خاوەن پێگەوپایەیەکی بەرز و کەسێکی ڕێـزدار بووە لای ئەهلی عیلم وفەزڵ. و ڕاستترین ڕێگەشمان باس کرد لە گێڕانەوەی فەرموودە لە أبو هورەیرەوە.**

دوای ئەمانەش، هەندێ لەو گومانانەمان باس کرد و وەڵاممان دانەوە کە دروست کرابوون بۆی و هەموویمان بەبەڵگەی زانستی و مێژوویی ئاشکراکرد و لەمیانەی ئەم کاروانەدا ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە هەندێك لە توێژەران و نووسەران بەزۆر وبە ئەنقەست هەوڵ دەدەن گێڕانەوەکانی أبو هورەیرە لاواز بکەن و کەنارگیری بخەن چونکە پێچەوانەی هەواو ئارەزووەکانی ئەوانە. وەکو چۆن بۆمان دەرکەوت کە هەندێك لە نووسەران جێگەی متمانە نین و باوەڕپێکراو نین لە گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداودا، چونکە جاری وا هەیە

هەندێك لە دەقەکان دەگۆڕن و دەستکاری دەکەن، یان هەواڵ وفەرموودەی لاواز ودروستکراو دەکەنە بەڵگە، یان هەندێك جار ووتە و قسەی کەسێك دەدەنە پاڵ کەسێکی تری جیاواز لە بێژەرەکەی خۆی، یان بۆی زیاد دەکەن کە تێیدا نیە، یان لێی کورت دەکەنەوەو هەر ئەوەندەی دەڵێن کە لەگەڵ بۆچوونەکەی خۆیاندا بگونجێت و دواتر دەیقرتێنن، هەموو ئەمەش لە پێناو خراپ ناساندنی أبو هورەیرە و شکاندنی شکۆی لەپێش چاوی خەڵکی و لاواز کردنی متمانەی ئەهلی سوننە بە أبو هورەیرە و گێڕانەوەکانی.

بە خۆشحاڵیەوە سوپاس بۆ خوا وا توانیمان ڕووی ڕاستەقینەی هەندێك هەواڵ بخەینە ڕوو، بەرگریەك بکەین لە دینی خوا، پەیامەکەی، پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هاوەڵانی، و بەتایبەت ئەو هاوەڵەی کە بەشێکی زۆری لەم دینەی بۆ گواستینەوە بەوپەڕی متمانە و دڵسۆزیەوە ئەویش أبو هورەیرەی دەوسی یەمانیە ڕەزای خوا لە هەموویان بێت و خوای گەورە لە ئامادەکارو خوێنەر و بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبەش خۆش بێت و بیکاتە توێشووی سەر میزانی چاکەکانمان. بەم شێوەیە کۆتاییمان بەم کتێبە هێنا بەیارمەتی و هاوکاری خوای بەدەسەڵات وبەتوانا.

وصلى الله على سيِّدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم. والحمد لله رب العالمين.

**پشتیوان حەسەن کەرەم - ٢٠١٦/١٢/٧ / چوارشەممە / کەلار**

**لە گرنگترینی ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ بینیوون بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە**

١. " أبو هريرة .... راوية الإسلام " للدكتور محمد عجاج الخطيب.

٢. " عـذراً أبا هريرة " إعداد: إيـهاب بن فتـحي عاشور.

٣. " الـصحابة " إعداد: أبو إسلام صالح بن طه عبدالواحد.

٤. " صحابة رسول الله و جهودهم في تعليم القرآن الكريم والعناية به " إعداد: دكتور أنس أحمد كرزون.